MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# شەرعییەتی دەسەڵات و کارگێڕیی

# ئاسایشی نەتەوەیی

**سێ توێژینەوە**

**و: سلێمان حوسێنی تاشان**

**هەولێر - ٢٠٠٧**



**ناوی کتێب: شەرعییەتی دەسەڵات و کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی**

- وەرگێڕانی: سلێمان حوسێنی تاشان
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٤٢٠)
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب (١٦)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی**

**موکریانی**

www.mukiryani.com

# پێرست


پێرست.......................... ١

پێشەکی وەرگێڕ .......................... ٥

گۆڕانکارییەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی .......................... ٨

پێشەکی.......................... ٨

پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی .......................... ٩

رەهەندەکان و تایبەتمەندییەکای ئاسایشی نەتەوەیی.......................... ١٣

تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.......................... ١٣

١- رێژەیی بوونی ئاسایش: .......................... ١٣

٢- زەینی بوونی ئاسایش:.......................... ١٣

٣- دابڕنەبوونی ئاسایش.......................... ١٤

قۆناغە جیاوازەکانی تێڕوانین لە ئاسایشی نەتەوەیی.......................... ١٤

١- قۆناغی یەکەم ١٧٠٠-١٩٤٥:.......................... ١٤

٢- قۆناغی دووهەم: ١٩٩٠-١٩٤٥: .......................... ١٥

أ- ئایدیالیزم (لایەنگری حکوومەتی جیهانی): .......................... ١٧

ب- ریالیزم (لایەنگری لە نەتەوە- وڵات): .......................... ١٧

ج- ئەنتەرناسیۆنالیزم (لایەنگری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان):.......................... ١٨

٣- قۆناغی سێهەم لە ساڵی ١٩٩٠ بەملاوە: .......................... ١٩

مەترسییەکانی ژینگە: .......................... ٢٠

مادە بێهۆشکەرەکان .......................... ٢١

مەسەلەی تیرۆریزمی تاکی، گرووپی و دەوڵەتی .......................... ٢١

مەسەلەی خۆراك و تەندروستی پێویست.......................... ٢٢

پەرەگرتنی حەشیمەت و نەبوونی کۆنترۆڵ .......................... ٢٢

گەشەسەندن و گەشەنەکردن.......................... ٢٣

مەسەلەی سەتەلایت و ئەنتەرنێت و هێرشی فەرهەنگی .......................... ٢٣

مەسەلەی نەوت و وزە (گازە ئەتۆم).......................... ٢٤





ئەنجام.......................... ٢٥

شەرعییەتی رژێم و ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بە حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران[*]..... ٣١

سەرچاوەی دەسەڵات وەك هێزێکی شەرعیەت پێدەر .......................... ٣٥

ناسیۆنالیزم، وەك هێزێکی شەرعییەت پێدەر بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
لەسەردەمی پەهڵەویدا .......................... ٤٠

سیاسەتی گشتی وەك هێزێکی شەرعییەت پێدەر گەشەنەکردن و گەندەڵیی لە سەردەمی
رژێمی پەهلەویدا .......................... ٤٥

شەرعییەتی رژێم و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێرانی سەردەمی پەهلەویدا .......................... ٥١

ئەنجامەکان.......................... ٥٧

کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و ئەزموونێك بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم .......................... ٦٧

سەرهەڵدانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی[1] .......................... ٦٧

ناوکی سەرەکی چەمك .......................... ٧٩

ئاسایش، هەڕەشە و جیهان .......................... ٨٢

ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی سێهەم: لە چەمکەوە بۆ کارگێڕی .......................... ٩٢

## پێشەکی وەرگێڕ

ئاسایش یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەیە کە هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە لە ئارادا بووە. ئەم مەسەلەیە لە سەرەتادا بە هۆی چۆنیەتی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ و گەشەسەندوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری، رەهەندێکی تاکەکەسی هەبووە.مرۆڤەکان لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تاکەکەسی خۆیان کۆمەڵێك کردەوەیان ئەنجام دەدا. دوای پێکهێنانی خێزان و دۆزینەوەی کشتوکاڵ و رێکخستنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بەپێی قۆناغی تایبەتی خۆیان، ئاسایش لە چوارچێوەی تاکەکەسی ترازاو شێوازێکی بەربلاوتری بەخۆیەوە گرت. لەبەر ئەوەی کە دروستبوونی خێزان و دامەزراندنی کۆمەڵگا بچووکەکان، بیاڤی بەرژەوەندییە گشتی و هاوبەشەکانی زیاد کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مەترسی و هەڕەشەش بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەسەر ئەم بەرژەوەندییانە دروست بێت.

بەر لە دروستبوونی دەوڵەت، دابینکردنی ئاسایشی خەڵك ئەرکی خێڵ یا هۆز و یەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر بوو، دواتر خەڵك بیریان لەوە کردەوە کە بۆ دابینکردنی ئاسایشی زیاتر، پێویستیان بە دامەزراوەی گەورەتر هەیە، بۆیە دەوڵەتیان دامەزراند.

جێگای ئاماژەیە لەسەردەمی جیهانگیریدا بەهۆی لێکگرێدانی زیاتری پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان، مەترسی و هەڕەشەکانیش بەرۆکی هەموو نەتەوەکانی جیهانی گرتۆتەوە. ئەمەش وایکردووە هەر نەتەوە و دەوڵەتێك، جگە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان ناچارن دژی ئەم هەڕەشانەش رابوەستن کە بۆ هەموویان هاوبەشە.



کوردستان بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییە نوێیانەی کە لە ناوچەکە هاتوونەتە کایەوە، پێیناوەتە قۆناغێکی تازەوە. بە تایبەتی کوردستانی عێراق کە خەریکە بەرەو دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت. هەروەك ئاشکرایە هەرچەند ناوچەیەك یا شوێنێك هەڕەشە و مەترسی زیاتری لەسەر بێت، پاراستن و دابینکردنی ئاسایش، پێویستی بە رەچاوکردنی رێوشوێنی گونجاوتر هەیە. هەرێمی کوردستان لە چەندین لایەنی جۆراوجۆرەوە هەڕەشەی لێدەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەم ناوچەیە بکەوێتە قۆناغی سەربەخۆییەوە، ئەو هەڕەشانەی کە بە شێوەیەکی ماتەوزە خۆیان حەشارداوە لەوانەیە بە شێوازی پراکتیکی و زۆر ئەکتیڤتر خۆیان دەربخەن. بە لەبەرچاوگرتنی چڕتربوونەوەی پێوەندییەکان و لێکگرێدانی زیاتری لایەنەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... هتد، پرسە ئەمنییەکان شێواز و رەهەندی تریان بەخۆوە گرتووە. کوردستانیش بەدەر نییە لەم بازنەیە و بە پێچەوانە لە قەیراناویترین ناوچەکانی جیهان هەڵکەوتووە، بۆیە یەکێك لەو بابەتانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی تایبەتی پێبدات و لەسەرووی تەواوی بەرنامە و پرۆژەکانی تری دابنێت، ئاسایشی نەتەوەییە. راستە کە رۆڵی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانی حکومەت، بەڵام پێویستە هاوڵاتیانیش لە گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە ئاگادار بکرێنەوە تاکو بزانن چ شتێك هەڕەشە لە ئاسایش و خۆشگوزەرانیان دەکات، چونکە هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی بە هەڕەشە بۆ سەر هەموو هاوڵاتیان لە قەڵەم دەدرێت و دەوڵەت بەبێ هاوکاری هاوڵاتیان و هاوڵاتیانیش بەبێ هاوکاری دەوڵەت ناتوانن ئاسایشی نەتەوەیی دابین بکەن.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەزموونی کەڵك وەرگرتنی ئەم چەمکە لە وڵاتانی تر بە پێویستمان زانی چەند توێژینەوەیەك وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی و لە چوارچێوەی کتێبێکی بچووك چاپی بکەین، ئەمەش بە

هاوکاری (دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی) ئەنجامدراوە. دوو لەم توێژینەوانە سەرچاوە سەرەکییەکانیان زمانی ئینگلیزییە کە ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی کردوویەتیە فارسی و لەگەڵ چەند توێژینەوەیەکی تر لە کتێبێکدا بە ناوی (ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانی سێیەم) لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی لە ئێران بە چاپ گەیشتووە. هەروەها توێژینەوەیەکی تر کە باس لە (گۆڕانکارییەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، سەرچاوەکەی لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە و بەڕێز (د. محەمەد بەسیری) مامۆستای زانکۆی (ئەسفەهان) بە زمانی فارسی توێژینەوەکەی نووسیوە.

بەو هیوایەی خوێنەر بتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت.

**سلێمان حوسێنی تاشان**



# گۆڕانکارییەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی

**ن: دکتۆر محمد علی بەسیری**
**مامۆستای زانکۆی ئەسفەهان**

## پێشەکی

بەهۆی ئەوەی کە سەرەکیترین فەلسەفەو دامەزراندنی دەوڵەت (نەتەوە- وڵات) دوو مەسەلەی بنەڕەتین، واتا یەکەمیان گەرەنتی کردنی ئاسایشی هاوڵاتیان (خەڵك و نیشتمان)و دووهەم دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان (ئاسوودەیی گەشەسەندنی هەمەلایەنە)، لە دوای هاتنە ئارای پێکهاتە سەرەکییەکانی دەوڵەت واتا، خاك، خەڵك، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، بەپێی فەلسەفەی یەکەمی دامەزراندنی دەوڵەت، یەکەم، ئۆرگانەکان واتا ڕێکخراوگەلی سەربازی و ئاسایشی دێنەکایەوەو لە ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی دەستبەکاردەبن (جێگای ئاماژەیە مرۆڤەکان بەتێگەیشتن لەم ڕاستییەوە کە لە خۆوە ناتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستیان بەدامەزراوەگەلێکی گەورەتر هەیە، یەکەم هەنگاویان لە ڕاستای پێکهێنانی دەوڵەت هەڵێناوەتەوە). ئەم دوو مەسەلەیە، لە ئامانجە سەرەکی و سەرەتاییەکانی هەموو دەوڵەتانن. گۆڕەپانی دەرکەوتن و هاتنەکایەی ئەم دوو ئامانجە سەرەکییە، بریتییە لە سیاسەتی ناوخۆیی، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گرنگی پێدەدرێت، واتا بنەمای دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەکیدا، بەدیهێنەری ئەم دوو پێویستییە ناوخۆییەی دەوڵەتە. بەواتایەکی تر بەبێ بوونی ئاسایش هیچ پڕۆژەیەك لە ناوخۆی وڵاتێکدا ناتوانێت بەڕێوە بچێت.

گەشەسەندنی ئابووریی سەرمایەگوزاری، پلاندانان بۆ گەشەسەندن و هاوجۆرە بەرنامەیەکی تر پێویستی بەهێمنی و هەلومەرجی لەبار لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا هەیە، هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی دان. لە راستیدا ئاسایش بەشێکە لە ئامانج و بایەخە بنەڕەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەك.

لەسەر ئەم بنەمایە تەواوی دەوڵەتان بەچەپ و راست و میانڕەو بێ هەڵبواردن ئەم دوو فەسڵە (ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان) بە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەکی خۆیان دەزانن. سەرەڕای ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی، چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات لەو ئامانجانەیە کە مان و نەمانی هەر دەسەڵاتێکی پێوە بەستراوەتەوەو، هیچ گومانێکی لەسەر نییەو هیچ جۆرە مامەڵەیەکیشی لەسەر ناکرێت، بەڵام سەبارەت بە مانای ئاسایش، روانگەو گۆڕانکاری جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە هاتۆتە کایەوە، لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت بە پێناسەکردن، رەوتی گۆڕانکارییەکانی ئەم چەمکە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی

سەبارەت بەئاسایشی نەتەوەیی پێناسەگەلێکی جۆراوجۆر کراوە، بەر لەوەی ئاماژە بە گۆڕانکاری چەمکی ئەو بابەتە لە رابردوودا بکرێت پێویستە سەرەتا ئاماژە بەو پێناسانە بکەین. تاکو دەیەی نۆیەمی سەدەی نۆزدەهەم (١٨٨٠) پێناسەیەکی تۆکمەو تەواو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی نەبوو، دواتر وردە وردە پێناسەکە کامڵ بوو. هافندرون لەسەر ئەو باوەڕەیە کە (لە سەدەی هەڤدەهەمی زایینی پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ویستی مانەوەی، هۆکاری هاتنە ئارای ئەم چەمکە بوو). بەڵام (می) ئاماژە بەوە دەکات کە (ئەم چەمکە تەنها لە سەدەی بیستەم بەتایبەتی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی



خۆی دەرخستووە)[١]. لە راستیدا ئاسایشی نەتەوەیی (national security) لە دوای لە دایکبوونی (نەتەوە- وڵات) باسی لێکراو بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەهەمی زایینی. لەو سەردەمەدا ئەم چەمکە نوێیە لەژێر ناوی (مانەوەی نەتەوەیی) (National Survival) باسی لێوەکرا. ئەم چەمکە هەروەك چەمکەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان خاوەنی تاکە پێناسەیەك نییە کە جێگای رەزامەندی هەموو یا بەشێك لە بیرمەندان بێت. هۆکاری نەبوونی رێکەوتنێك لە نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی جیاوازی تاکەکان، گرووپەکان و وڵاتەکان لەمەڕ ئەم چەمکە، لەوانەیە هۆی ئەم رێکنەکەوتنە بەربڵاوی و گشتی بوونی زۆربەی مەسەلەکان و بایەخە مرۆیی کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە هەموویان لەژێر کاریگەری ئەم چەمکەدان. بەپێی ئەم بنەمایە ئارنۆڵد ولفوز دەڵێت (ئاسایشی نەتەوەیی هێمایەکی وەهماوییە کە نەکرێ خاوەنی مانایەکی رێکوپێك بێت). (ئالستایربوکان) لەسەر ئەم بڕوایەیە: (ئاسایش چەمکێکە ماناگەلێکی زۆری هەیە) و (بری بوزانیش) دەڵێت: (ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی پێناسە ناکرێت بەڵکو تەنها لە حاڵەتی دیاریکراودا دەکرێت پێناسە بکرێت)[٢] ناوبراو لە شوێنێکی تر دەڵێ: (ئاسایشی نەتەوەیی لە بواری چەمکییەوە لاوازو لە بواری پێناسەوە لێڵ، بەڵام لە بواری سیاسی وەك چەمکێکی بەهێز ماوەتەوە چونکە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی رێگا بۆ پرۆژەی ستراتیجی زلهێزە سیاسی و میلتارییەکان خۆش دەکات). بەم پێیە لەلایەن بیرمەندانەوە پێناسەگەلێکی روونترو وردتر خراوەتەڕوو. بۆ نموونە لە ئنسیکلۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پێناسەکراوە. (توانای یەك نەتەوەیە بۆ پاراستنی بەها ناوخۆییەکان لە بەرامبەر مەترسییە دەرەکییەکان)[٣].

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی لێکۆڵینەوەیەك لەژێر ناوی (چەمکەکانی ئاسایشی)[٤] بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (وڵاتەکان بەهیچ جۆرێك مەترسی هێرشی سەربازی، گوشاری سیاسی یان ئابووریيان لەسەر

نەبێت و ئازادانە لە بیری گەشەو پەرەپێدانی خۆیاندا بن)[٥]. لە فەرهەنگی زانستە رامیارییەکانیش بەم شێوەیە هاتووە: (ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە هەست بەئازادیکردنی وڵات بۆ بەدواداچوونی ئامانجە بنەڕەتییەکان بێ ترس و مەترسی دەرەکی بۆ سەر بەرژەوەندییە سیاسی و بنەرەتییەکانی وڵات)[٦].

لە فەرهەنگی دەستەواژەکانی پێوەندی نێونەتەوەیی ئەم چەمکە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (ئەوەی لەو حاڵەتەیە کە نەتەوەیەك هەڕەشەی لە دەستدانی خەڵك و ئابووری و حەشیمەتی لەسەر نەبێ)[٧].

والترلیپمن Walter lippman لێکۆڵەر و نووسەری ئەمریکی یەکەم کەس بوو کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بەڕوونی پێناسەکرد: (نەتەوەیەك ئەوکاتە لە ئاسایشدا دەژیت کە بە دوورەپەرێزی لەشەڕ بتوانێت بەها بنەڕەتییەکانی خۆی بپارێزێت و کە ویستی شەڕ بکات بتوانێت پەرەیان پێبدات)[٨] (رابرت مەکنمارا)ش دەڵێت: (ئەگەر ئاسایش بارودۆخێك بێت ئەوا لانی کەمی نەزم و سەقامگیرییە). هەروەها ریچارد کوپێر دەڵێت: (توانایی کۆمەڵگا بۆ پاراستن و سوود وەرگرتن لە فەرهەنگ و بەهاکانی، ئاسایشی نەتەوەییە)[٩].

برژینسکی سیاسەتمەنداری ئەمریکی کاتێك شەڕی سارد لە ترۆپکی خۆی دابوو لەسەر ئەم باوەڕەبوو کە (خاڵی دەستپێکردنی پشکنین لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی دەبێ هاوئاست بێ لەگەڵ ناسینی دروستی ناوەڕۆکی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەبڕوای من چوار شۆڕشی پێوەندیدار بەیەکتر دونیای هاوچەرخیان تووشی گۆڕانکاری کردووە. شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی ئابووری و شۆڕشی سەربازی. کاریگەرییەکانی ئەم چوار شۆڕشە بەشێوەیەکی هەماهەنگ لەسەر سیستەمی نێونەتەوەیی، ململانێی دوو زلهێز، سەقامگیری و هاوکێشی سەربازی ئەوان روون و ئاشکرایەو لە داهاتوودا رەهەن گەلێکی بەربلاوتر بە خۆوە دەگرێت)[١٠].



رابرت ماندل دەڵێت: (ئاسایشی نەتەوەیی بەدواداچوونی پاراستنی دەروونی و ماددی لەخۆ دەگرێت لەراستیدا بەشێکە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتە نەتەوەییەکان تاکو پێشگیری لە مەترسی و هەڕەشانە بکات کە لە دەرەوە دژی مانەوەی رژێمەکان، سیستەمی هاووڵاتی و شێوازی ژیانی هاووڵاتیان سەرچاوە دەگرێت)[١١] بەسەرنجدان لەو پێناسانەی کران دەتوانین وا تێبگەین کە خاڵی هاوبەش و جێگا پەسەندی هەموو خاوەن راکان بریتییە لە: (پاراستنی بوونی خۆت) بەشێوەیەکی تر بە (پاراستنی بوونی خۆت لە مەترسییە بنەڕەتییەکان) گوزارشت بکرێت. ژمارەیەك لە بیرمەندان خۆپاراستن (پاراستنی خودو دەروون) لە چوار بابەتی بەنرخدا کۆدەکەنەوە.

١- پاراستنی گیانی خەڵك. ٢- پاراستنی یەکپارچەیی وڵات. ٣- پاراستنی سیستەمی ئابووری و سیاسی. ٤- پاراستنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی وڵات. ئەم چوار بابەتە وەك جەوهەری (ئاسایشی نەتەوەیی) خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن کە تێکڕای وڵاتەکان لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیان، تاك و حزب و گرووپگەلی وڵاتان بێ گوێدانی مەرام و ئارەزووەکانیان و بێگوێدانە ناکۆکییەکانی تاکی و گرووپی و چینایەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بەگرنگی پاراستن و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی بۆ سەر ئەم چوار بابەتە بایەخدارانە تا بکرێ بەپێی توانا هاودەنگن. گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئاستێك دایە کە زۆربەی بیرمەندانی زانستی سیاسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە وەدیهاتنی ئەم پرسە (فەلسەفەی بوونی دەوڵەت) یان (فەلسەفەی دامەزراندنی دەوڵەت) دەستەبەر دەکات و سەرەڕای ئەو هەموو کۆت و بەندەی بۆ ئازادییەکانی تاك هێناویەتەکایەوە دامەزراندنی دەوڵەت پاراستنی هەرێمی ئاسایش بەباش دەزانن و پێویستی ئەم دامەزراندنە پەسەند دەکەن.

## ڕەهەندەكان و تایبەتمەندییەكای ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایشی نەتەوەیی خاوەنی دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەكییە كە بەیەكەوە بەستراون. لە ڕەهەندی ناوخۆیی مەترسییە ئاشكراو نهێنییەكان لە ناوخۆی سنوورەكانەوە نائارامی دێننەكایەوە بۆ نموونە مەترسییە سیاسییەكان (شۆڕش، جیاخوازی، ڕاپەڕین)، ئابووری (شڵەژاوی و قەیرانگەلی ئابووری و پیشەیی و هونەری)، سەربازی (كودەتا، شەڕی ناوخۆیی)، كۆمەڵایەتی (تەنگژە كۆمەڵایەتییەكان) كە هەریەك لەوانە خەڵك تەنگەتاو دەكات. ڕەهەندی دەرەكی لە ڕێگای مەسەلە سیاسییەكان (گۆشەگیری، گوشاری سیاسی)، سەربازی (هێرش، دەستدرێژی سەربازی و گەشەی هێزی سەربازی دوژمن)، ئابووری (گەمارۆ ئابوورییەكان، لیستی ڕەش). و هتد ئاسایشی نەتەوەیی دەخەنە مەترسییەوە. ئەمڕۆ بەهۆی پەیوەندی بەربڵاوو نزیكی نەتەوەكان ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەكی پێوەندییەكی پتەویان هەیەو لەسەر یەكتر كاریگەرن.

## تایبەتمەندییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی

١- **ڕێژەیی بوونی ئاسایش:** لە جیهانی ئەمڕۆ ئاسایشی ڕەها دەستەبەر ناكرێت چونكە هێز كە بنەمای وەدەستهێنانی ئاسایشە جیاوازو بگۆڕو ڕێژەییەو بەم پێیەش مەسەلەی ئاسایشی بەدەستهاتووی دەوڵەتان دەبێتە ڕێژەیی. بەم پێیە بەگۆڕانی ئاستی هێزو بوونی هەڕەشە بە ماتە وزەو بەكردەوە تەنانەت دەوڵەتە هەرە بەهێزەكانیش خاوەنی ئاسایشی ڕەهانین.

٢- **زەینی بوونی ئاسایش:** لە ڕاستیدا هەست بەئاسایش كردن یان نەكردن بابەتێكی زەینییە و بناغەكانی دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی مەزهەبی و ئەخلاقی و فەرهەنگی خەڵك و ڕابەرەكانی. پرۆسەی ئەم بیروباوەڕانە دەبێتە هۆی ئەوەی



نەتەوەیەك و ڕابەرەكانی، وڵاتێك بەدوژمن و وڵاتێكی تر بەدۆستی خۆیان بزانن. لەبەر ئەوەی هەست بەئاسایش كردن یان نەكردن بابەتێكی زەینییە تەنانەت بەگۆڕانی ڕابەری سیاسیی حزبەكانیش ئەم چەمكە[١٢] دەگۆڕدرێت.

٣- **دابڕنەبوونی ئاسایش:** بەو مانایەی ئاسایش ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەرووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات یا سەربەخۆیی وڵاتێك.

لە شارێك یان پارێزگایەكی وڵات شەڕی ناوخۆیی و نائارامی بێتەكایەوە، ناكرێ بڵێین چونكە لە شارەكانی تر ئاسایش تێكنەدراوە ئاسایشی نەتەوەیی تەواو لە ئارادایە[١٣].

## قۆناغە جیاوازەكانی تێڕوانین لە ئاسایشی نەتەوەیی

سەرەڕای ئەوەی زۆرینە ئەم قۆناغەمان كردۆتە دووبەش، بەڵام بە بۆچوونی نووسەر ئەمڕۆكە بەسەرنجدانی گۆڕانكارییەكانی نەزمی نوێی جیهانی دەتوانین سێ قۆناغ لەبەرچاو بگرین كە هەر قۆناغێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی[١٤]:

١- **قۆناغی یەكەم ١٧٠٠-١٩٤٥:** ئەم قۆناغەیە بەهاتنەئارای ڕوانگەی ماكیاول (ماكیاڤێلی) دەست پێدەكات ڕەنگە بكرێ ناوی قۆناغی نەریتی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی لێبنرێ.

ماكیاول (ماكیاڤێل) دەڵێت: (ئاسایشی ئێمە هاوتایە لەگەڵ نەبوونی ئاسایشی دوژمن بەپێچەوانەوە یان لە پێناو پاراستنی ئاشتی و ئاسایش دەبێ بۆ شەڕ ئامادە بێت). (Pour avir la paik il oaut Preparer la gurre) بەواتایەكی تر: بۆ ئاشتی لە ناوەوەی سنوورەكانی خۆت دەبێ جەنگ لەناو

سنوورەکانی دوژمن بەرپا بکرێت. لەم قۆناغەدا چەمکی ئاشتی و شەڕ شیاوی لێکجیاکردنەوەن و لێکجیادەکرێنەوە[١٥].

لەم قۆناغەدا چەمکی ئاسایش مۆرکی سەربازی پێوەیەو پێشنیاری بیرمەندان ئەوەیە کە دەوڵەتان بەخاوەنداریەتی و وەدەستهێنانی تواناو هێزی سەربازیی باڵاتر دەتوانن ئاسایشی زۆرتر دەستەبەر بکەن، واتا ئامادەیی سەربازی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات ئامانجێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی[١٦] بەم پێیە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا پێوەی بەستراوە. هەرچەند خاکی وڵات فراوانتر، حەشیمەت زۆرتر، سەربازو سوپا بەهێزتر بێت ئاسایش زۆرتر دەبێت.

**٢- قۆناغی دووەهەم: ١٩٩٠-١٩٤٥:** ئەم قۆناغە بەگەشەسەندنی ئابووریی بازرگانی نێودەوڵەتی، زانست، تەکنەلۆژجیا، پێوەندییەکان و چەکی مۆدێرن، دیاری دەکرێت رەنگە بتوانین کۆتاییەکانی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠ بە دەستپێکی واقیعی و بەم قۆناغە دابنێین (ئەگەرچی پێش ئەم کاتەش ژمارەیەك بیرمەندان وەك توسیدید یا توین ئاماژەیان بە رەهەندی ئابووریی ئاسایش کردووە، بەڵام دەوڵەتان بەشێوەیەکی پراکتیکی پتر لەسەر راستای سەربازی- ئاسایش بوون.

لەم قۆناغەدا رەهەندەکانی ئاسایش نەتەوەیی شێوەیەکی بەربڵاوتریان بەخۆیانەوە گرت و ئیتر لە چوارچێوەی پرسە سەربازییەکان هاتنە دەرێ. واتە هێزو توانا لە چوارچێوەی سەربازییەوە، چوارچێوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی پێوەندیی و کولتووری وەخۆ گرت.

شەڕەکانی یەکەم و دووەهەمی جیهانی بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەمەیان سەلماند کە توانای پیشەسازی و سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵاتێك، بنەمای توانای ئەم



وڵاتەن بۆ شەڕکردن. بۆیە پسپۆڕانی ئاسایشی نەتەوەیی لە باس و گفتوگۆکانیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو روویانکردە شێوازە ئابوورییەکان[١٧] ئەوان رایانگەیاند هەر وڵاتێك لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، رامیاری، کۆمەڵایەتی و سەربازی باڵا دەست بێت لە گۆڕەپانی ناوخۆ و دەرەوەشدا خاوەنی ئاسایشە.

هاوبۆچوونی کەسانێکی وەك بارنت، هانتینگتۆن، راپوپۆرت، ئالموندو لاسول سەبارەت بەئاسایشی نەتەوەیی لەم راستایە دایە[١٨]. لەم قۆناغەدا بەچاوی شیکاری سەیری ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێت واتا بەهێزتربوونی رەهەندەکانی سەربازی، ئابووری و رامیاری (سیاسی) ئاسایشی لایەنێك بەهێزترو لایەنی بەرامبەر لاوازتر دەکات[١٩].

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا لە رەهەندی سەربازی تێپەڕی و بەشێوەیەکی پراکتیکی لە رەهەندەکانی ئابووریی بازرگانیدا رەنگی دایەوە، واتا بوونی تەکنیك و سەرچاوەکانی کەرەستەو بەرهەمهێنان و بازرگانی، بەرەو پێشچوونی هێزو ئاسایشی نەتەوەیی. جێگای ئاماژەیە لەم قۆناغەشدا بنەمای فکریی ماکیاڤیلی بەسەر ئاسایشی نەتەوەییدا هەر زاڵبوو، ئەم بۆچوونەش لە مەیدانی کارکردنی نێوان دەوڵەتان تا رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەردەوام بوو، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بایەخدانی لە رادەبەدەر بوو بەچەمکی سەربازیی ئاسایشی نەتەوە بەواتایەکی تر هەموو هەوڵ و سەرمایەگوزاری ئەم وڵاتە بۆ هێنانەئارای ئاسایشی نەتەوەیی بریتیبوو لە رەهەندی سەربازی و لەم بوارەشدا یەکێتیی سۆڤییەت گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبوو لە کاتێکدا لە رەهەندەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی و پێوەندییەکان دواکەوتوو مایەوەو ئاکامەکانیشی لاسەنگی و

ناسەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. قوتابخانە بەناوبانگەکانی پەیوەندی نێونەتەوەیی وەك ئایدیالیزم، ریئالیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزم کە هەریەکە پێناسەیەکی ئاسایشی نەتەوەییان کردووە هەموویان لەم دوو قۆناغەدان:

**أ- ئایدیالیزم (لایەنگری حکوومەتی جیهانی):** ئەم قوتابخانەیە بەتێڕوانینی (کانت)ی بۆ مرۆڤ زاتی مرۆڤ بە خێرخوازو مرۆڤدۆست دادەنێت و لەسەر ئەم باوەڕەیە جولاَن لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ماف و ئەخلاق و رەوشتە. ئایدیالیستەکان پێیانوایە تا کۆمەڵگایەکی جیهانی شارستانی نەیەتە کایەوە ئاسایشی واقیعی وەدی نایەت. بەم پێیە تا دەوڵەت و سنوور هەبێت شەڕو نائارامیش دەبێت. ئەم رکابەری و دوژمنکارییەی نێودەوڵەتی پێویستە ببێت بەهاوکاری تا ئاشتی و ئاسایش لە مانای راستیی خۆیدا وەدی بێت. کەسانێکی وەك شلینگ، روزکرانس و ماس، بەم تێڕوانینە ئاسایشی نەتەوەییان پێناسەکردووە هەرچەندە ئەم تێڕوانینە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، گشتگیرە، بەلاَم بەهۆی ئەوەی لەگەڵ راستییەکانی ئەم دوو قۆناغەدا نەدەگونجا، پراکتیکی نەبوو.

**ب- ریالیزم (لایەنگری لە نەتەوە- ولاَت):** ئەم قوتابخانەیە بەتێڕوانینی (هابز)ی لە مرۆڤ، بناغەی شەڕو ئاژاوە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەروونی مرۆڤ و شەڕ بە بەرهەمی چاوچنۆکی و بەرژەوەندیخوازی، دواتر دەستەبەرکردنی هێزو توانایی دەزانێت. بەبۆچوونی ریالیستەکان لە بارودۆخی پەشێوی و ئاژاوەدا کۆمەڵگای جیهانی بۆ گۆڕانکاری دەست نادا و لەسەر ئەم بنەمایە، دەستەبەرکردنی هێزی زۆرتر گەرەنتی کردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکاتە ئارەزووی سەرەکی سراتیژی هەموو دەوڵەتان.

بە واتایەکی دیکە، بنەمای تێڕوانینی ئەوان لەمەڕ ئاسایش لەسەر بنچینەی زۆر و دەسەلاَتە، واتە رەهەندی سەربازی یا هەمەلایەنەی ئابوورییە.



کەسانێکی وەك مورگنتا، کاپلان، کسینجرو هانتینگتۆن بەم تێڕوانینە ئاسایشی نەتەوەیی پێناسە دەکەن.

**ج- ئەنتەرناسیۆنالیزم (لایەنگری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان):** ئەم قوتابخانەیە هەوڵی داوە تا پردێك لە نێوان دووبۆچوونی پێشوو دروستبکات گەرچی ئەنتەرناسیۆنالیستەکانیش دەوڵەتان بەئەکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەزانن، بەلاَم رکابەرییەکی پوخت بە بنەمای پێوەندییەکانیان دانانێن، تا بەم پێیە ئاسایش بەسەپاندنی هێز بەسەر ئەوانی دیکەدا، پێناسە بکەن. ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن، لەجیاتی رکابەری دوژمنکارانە، ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی پێویستی بە هاوکاریکردنی زیاترە و، کەڵك وەرگرتن لە رێگا چارەی گونجاوو گفتوگۆکردن لە جیاتی شەڕو ململانی و هێزی تێکدەر کە دەکرێ لە چوارچێوەی ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان پراکتیزە بکرێت، ئەو ئۆرگانانەی بە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان پابەندن لەهەر جۆرە سەرپێچییەك لەلایەن ئەندامانی پەیمانەکەوە سزادەدرێن. جێگای ئاماژەیە تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تاڕادەیەك لەسەر کۆڵەکەی ئاسایشی بەرامبەر راوەستا بوو واتا زۆربوونی ئاسایشی یەکێك یەکسانە لەگەڵ زۆربوونی ئاسایشی ئەوانی دیکەو بەپێچەوانە کەمبوونی ئاسایشی یەکێك بەرامبەرە لەگەڵ دابەزینی ئاسایشی ئەوانی تر.

ئەنتەرناسیۆنالیستەکان کەسانێکی وەك گروسیۆس، کلۆد، کلارك، سۆن، هنگین، خونکسیونالیستەکان، نیوفونکسیونالیستەکان و لایەنگرانی تیۆری وابەستەیی بەرامبەر، دەگرێتەوە. ئەم روانگەیە سەرەڕای ئەوەی هاوکات و لەوانەشە بەر لە روانگەکانی یەکەم و دووهەم هاتبێتە کایەوە، بەلاَم تاکو پێش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بەشێوەیەکی پراکتیکی لەگەڵ بارودۆخی ئارا نەدەگونجا.

٣- **قۆناغی سێهەم لە ساڵی ١٩٩٠ بەملاوە:** ئەم قۆناغە بە گەشەسەندنی خێرای پێوەندی و زانیارییەکان و لێك نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری نەتەوەکان دەست پێدەکات، سەردەمێك دەتوانین بە شۆڕشی زانیاریی و پێوەندییەکان ناوی بەرین (واتا قۆناغی دیسیپلینی دوای شەڕی ساردو چوونە ناو سەدەی ٢١ی زایینیەوە)، جیهان دەبێتە گوندێکی بچووك کە لەوێدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی نەوەك قۆناغی یەکەم رەهەندی سەربازی- نیشانی یەك لایەنەی هەیەو نەوەك قۆناغی دووهەم چەندین رەهەندی جۆراوجۆری سەربازی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی یەك لایەنە وەخۆ دەگرێت، بەڵکو بەهۆی یەکدەست بوونی کۆمەڵگای جیهانی هەموو مەسەلەکان وەك کۆمەڵگای سیاسی ناوخۆیی لەیەکتری نزیك دەبنەوەو پەیوەندی سازدەکەن کە یەکێك لەو مەسەلانە ئاسایشە. بە واتایەکی تر لەم جۆرە جیهانەدا ئاسایشی وڵاتێك یەکسانە لەگەڵ ئاسایشی هەموو وڵاتان و بەپێچەوانەوە چەمکی ئاسایش چەمکێکی دوو لایەنەیە، یەکسان و بەرابەرە بۆ هەموو دەوڵەتان. بەشێوەیەکی تر هەمان ئەو روانگەیەی کە ئەنتەرناسیونالیستەکان دارێژەری بوون خەریکە بەکردەوە دێتە کایەوە. هەر لەم بوارەدا رابرت ماندل لەسەر ئەم باوەڕەیە سەرەڕای ئەوەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە دوای شەڕی ساردو بەر لە شەڕی سارد تارادەیەك لەیەك دەچن، بەڵام لە چوار روانگەوە جیاکراونەتەوە:

١- گرنگی لە رادەبەدەری هەڵسوڕێنەرە سیاسییە بان نەتەوەییەکان و خوار نەتەوەییەکان.
٢- گەشەسەندنی تۆڕی ئاڵۆزی.
٣- زۆربوونی گوشار لەسەر سروشت و سەرچاوەکانی وڵاتانی هەژارو دەوڵەمەند.
٤- بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی سەربازی (وەك تەکنەلۆجیای چەکی ناوکی) لەناو دەوڵەتەکان[٢٠] لە نموونەی ئەم رووداوە نوێیانەی کە لەم



قۆناغەدا بەڵگەیەکن بۆ هاتنە ئارای چەمکی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی، دەتوانین ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەین:

## مەترسییەکانی ژینگە

کونبوونی توێژاڵکی ئۆزۆن و کاریگەری لەسەر کەش و هەوا، گرنگترین ئاریشەی دەوڵەتانە لەسەردەمی نوێدا، مەترسییەکە بەشێوەیەکی یەکسان و گشتی لە سەرانسەری گۆی زەوی، هەڕەشە لە تەندروستی مرۆڤ دەکات.

بەپێی ئەم تێڕوانینە زاڵەی دوو قۆناغی پێشوو ناتوانین لەم پرسە بگەین. لەم رووەوە دەستەبەرکردنی ئاسایشی یەکسان و بەرامبەر بۆ تێکڕای میللەتان مەبەستمانە[٢١]: ئاکامی ئەم مەسەلەیە گەرمبوونی گۆی زەوی، لەناوچوونی دارستانەکان، بارینی ئەسیدەباران، پاشماوە ژاراوییەکان، پیسبوونی هەواو دەریاو خاك.

زنجیرە کۆبوونەوەی (گۆی زەوی) لە ساڵی **١٩٩٢**[٢٢] بەهاوکاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ریودۆجانیرۆی بەرازیلی بە بەشداری (٧٨) وڵات سەلمێنەری ئەم مەسەلەیە بوو. ئەم کۆبوونەوەیە رایگەیاند کە ژینگە سیاسەتێکی بەرفراوانەو هاوتایە لەگەڵ ئابووری نێودەوڵەتی و ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم کۆبوونەوەیە یارمەتی ئەوەیدا ناوەندی سەرنجەکان لە ئاسایشی یەکلایەنەوە بەرەو ئاسایشی فرەلایەنە ئاراستەکەی بگۆڕێت، واتە روون بۆوە هەوڵی ناهەماهەنگ و یەکلایەنەی وڵاتان بێ سوودەو هەر وڵاتێك لە پێناو پاراستنی ژینگەکەی خۆی پێویستی بەهاوکاری وڵاتانی دیکە هەیە.

## ماده بێهۆشكەرەكان

قاچاخچێتی ماده بێهۆشكەرەكان و مەترسییەكانی تایبەت بە نەتەوەیەك و ناوچەیەكی دیاریكراو نییە، تۆڕی بەرفراوانی گواستنەوەو گەیاندنی نهێنی و ئاشكرای ئەم جۆرە ماددانە دەتوانێت زیان بەهەموو نەتەوەكان و بەگشت مرۆڤایەتی بگەیەنێت[٢٣]، ئەمرۆكە بڵاوكردنەوەی ماده بێهۆشكەرەكان و بەكارهێنانی، تێكڕای جیهانی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنان و بڵاوكردنەوەی ئەم مادانە بەهۆی تۆڕێكی جیهانییەوە جێبەجێ دەكرێت.

بەم پێیە چەندین تۆڕی مەزن و ڕێكوپێك و شاراوە دامەزراون كە چەندین دامەزراوەی گرنگی تایبەت بەگواستنەوەو گەیاندن لە ئاستی جیهاندا، ژمارەیەكی زۆری كۆمپانیای دەرمانی و كیمیایی، گرووپە مافیاییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەكان و تەنانەت دەسەڵاتداران و بەرپرسانی ژمارەیەك لە وڵاتان تێیدا بەشدارن. بۆیە بەربەرەكانیكردنی دیاردەیەك كە هەڕەشە لە ئاسایش و هێمنی جیهان دەكات پێویستی بەهاوكاریكردن و هەنگاوێكی جیهانی هەیە دەوڵەتەكان بەتەنیا ئەو توانایەیان نییە[٢٤].

## مەسەلەی تیرۆریزمی تاكی، گرووپی و دەوڵەتی

مەسەلەیەكە گەشەكردن و پەرەپێدانی هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی هەموو نەتەوەكان و پێشگیری كردنیشی ئاسایشی هەمووان گەرەنتی دەكات بەهۆی گرنگی ئەم مەسەلەیە، دامەزراوەیەك بەناوی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوان[٢٥] پێكهاتووە. ڕێكخراوی ئینتەرپۆل (Interpol) لە شەست و حەوتەمین كۆبوونەوەی گشتی خۆیدا لە قاهیرە (١٩٩٨)، لە بەیاننامەیەكدا كە دژی تیرۆریزم نوسرابوو وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆی لە زۆربوونی چالاكییە تیرۆریستییەكان و مەحكومكردنی ئەم جۆرە كردەوانە جەختی كردەوە لەسەر



باشتركردنی هاوكاریی پۆلیسی و دادوەریی لە پێناو چارەسەركردنی ئەم كێشانەی كە پێشگیری لە دزەكردنی تیرۆریستە پەنابەركان دەكات. هەروەها داوای لە وڵاتی ئەندام كرد ڕێگە نەدەن گرووپە تیرۆریستەكان، خاكی ئەم وڵاتانە لە دژی ئاسایش و ئاشتی وڵاتانی دیكە بەكاربێنن[٢٦].

## مەسەلەی خۆراك و تەندروستی پێویست

نەبوونی تەندروستی و خۆراكی پێویست و ئاكامە نێگەتیڤەكانی ئیتر گەشتر لە سنوورێكی نەتەوەیی یان ناوچەیی تایبەتدا كۆتایی پێ نایەت. ئاكامە نێگەتیڤەكانی ئەم كێشەیە لە سنووری وڵاتێك تێدەپەڕێت و بەرۆكی نەتەوەكانی تر دەگرێتەوە لە كۆتاییشدا مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی[٢٧]. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەنەخۆشی ئایدز بكەین ئەمڕۆكە مەترسی ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە هەڕەشە لە تەواوی نەتەوەكان دەكات و بەربەرەكانیكردن و پێشگیری، پێویستی بەهاوكاری و چالاكی هەیە لە سەر ئاستی جیهانی.

## پەرەگرتنی حەشیمەت و نەبوونی كۆنترۆڵ

ئاكامە سلبییەكانی زۆربوونی حەشیمەت ئیتر تایبەت بە وڵاتانی جیهانی سێیەم نییە، گەشەسەندنی ئاسانكارییەكانی راگواستن و هاتووچۆ ئەمڕۆ چەندین كۆچی بەئاشكراو نهێنی لێكەوتۆتەوە، بەشێوەیەك خەڵكی زیادەی وڵاتانی جیهانی سێهەم ڕوو لە وڵاتانی جیهانی یەكەم و دووهەم دەكەن و ئاكامی تێكدانی بواری ئابووری و ناسەقامگیری (سیاسی. كۆمەڵایەتی و...) بۆ وڵاتانی دیكە دەگوازرێتەوە[٢٨]، بۆیە چاودێری و كۆنترۆڵكردنی حەشیمەت و بەرنامەكانی پێویستی بە هاوكاری باكوورو باشوور هەیە.

## گەشەسەندن و گەشەنەکردن

سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی گەشەکردن ئەمڕۆ لە ڕواڵەتدا باکوورو باشووری لەیەکجیاکردۆتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ئاسایشەوە، ئەم بابەتەو ئاکامە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی تایبەت بە نیوەگۆی زەوی نییە، چونکە کێشەی گەشەسەندنی باشوور، بەشێنەیی ئاکامە کۆنترۆڵ نەکراوەکانی خۆی بەرەو باکوور دەگوازێتەوەو ڕێگا بۆ نەبوونی ئاسایش خۆش دەکات[٢٩]، چەندین کێشەی وەك ڕووبەڕووبوونەوە نێودەوڵەتییەکان، هەرای وڵاتانی جیهانی سێهەم، مەترسییەکانی ژینگە، پەرەسەندنی حەشیمەت، پرسەکانی گەشەنەسەندنی باشوور پێکدێنن. ئەمڕۆ دۆزی تایلەند تەنیا تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو دۆزی کۆریاو ئەندونیزیاو ژاپۆنیشە، کێشەی ئەفغانستان کێشەی ئێران و پاکستان و هندستان و کۆمارەکانی باکووریشە. ئەمڕۆ پتر لەهەر سەردەمێکی تر چارەنووسی مرۆڤەکان و نەتەوەکان لێك گرێ دراون. بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پۆزەتیڤانە کاردەکاتە سەر ناوچە جوگرافیاییەکانی دیکە. ئەمڕۆ وڵاتانی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو، چیتر ناتوانن لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەم هەژارییەی کە بەرۆکی وڵاتانی جیهانی سێهەمی (باشوور) گرتۆتەوە دەربازبن، هەروەك کێشەی بالکان (کۆزۆڤۆ) داوێنی تەواوی ئەوروپاو جیهانی گرتۆتەوە[٣٠].

## مەسەلەی سەتەلایت و ئەنتەرنێت و هێرشی فەرهەنگی

ئەمڕۆکە زۆربەی دەوڵەتان لە زەرەرمەندبوونی بەها فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان دەترسن، هەست بەمەترسی (نائارامی) دەکەن. هەرچەند ئەم هەست بەمەترسی کردن و دڵەڕاوکێیە زۆرتر لەلایەن وڵاتانی باشوورە، ئەویش لەبەر نەبوونی توانایی تەکنەلۆجیای پێویست لە بواری ڕاگەیاندن و زانیارییەکانە، بەڵام لە نێوان وڵاتانی باکووریش (ئەوروپاو ئەمریکا - ژاپۆن و



چین و ئەمریکا) تارادەیەك ئەم هەستە (شەڕی فەرهەنگی) زاڵە. بۆیە مەسەلەیەکی ئاوا، لە گۆشەنیگایەکی گشتی ترو بەربڵاوتر لەرابردوو هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات.

## مەسەلەی نەوت و وزە (گازە ئەتۆم)

مەترسی ناردنی نەوت و کەمبوون یان زۆربوونی نرخەکەی کاردەکاتە سەر ئاسایشی ئابووری زۆربەی وڵاتان (هەناردەو هاوردە) هەروەها ئابووری و بازرگانی نێودەوڵەتی تووشی قەتیسمان، پەنمان یان گەشەکردن دەبێت. شایەنی ئەم ڕاستییەش، گەمارۆی نەوتیی عەرەبەکان دژی ئیسرائیل لە ساڵی **١٩٧٣** (یەکەم قەیرانی نەوتیی)، هەردوو شەڕی کەنداوی فارس (دووهەم قەیرانی نەوتیی لە ساڵی **١٩٧٩** و سێهەم قەیرانی نەوتیی لە ساڵی **١٩٩٧-١٩٩٨**) لەم بوارەدا بڕیاردان پێویستی بەهاوکاری و هاوبیری نێونەتەوەیی هەیە، ئەم نموونانەی سەرەوە لە پراکتیکدا نیازمەندی جێبەجێکردنی ڕوانگەی سێهەم سەبارەت بە چەمکی ئاسایشی نێونەتەوەیی نیشان دەدات. بەم پێیە هێشتا لەم بارەیەوە هیچ جۆرە هاوڕاییەك لە نێوان زانایانی زانستە ڕامیارییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان نەهاتۆتە کایەوە، ئەگەر بمانەوێت ڕوانگەکانیان پۆلێن بکەین دەتوانین ئاماژە بە سێ گرووپ بکەین:

١- گرووپێکیان لەسەر ئەم باوەڕەن کە سێهەم ڕوانگە سەبارەت بەم چەمکە جێبەجێ دەکرێت، چونکە بەسەرنجدانە لێکنزیکی نەتەوەکان هاتنە ئارای دێیەکی جیهانی، ئیتر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ناشیکارەو بەیەك چاو سەیری هەمووان دەکات. بەواتایەکی تر پێك پەیوەستی و هاوکاری لە بواری ئاسایش ئارەزوومەندانە نییە بەڵکو بەسەر هەموو دەوڵەتەکاندا (باکوورو باشوور) دەسەپێندرێت.

٢- گرووپی دووهەم لەگەڵ روانگەی گرووپی یەکەم ناکۆکن ئەوان دەڵێن چونکە هێشتا کەلێن لە نێوان گەشەسەندوو گەشەنەسەندوو، جیهانی (باکوورو باشوور)دا هەیە، سێهەم روانگە سەبارەت بە ئاسایش رێك بۆ وڵاتانی باکوورەو وڵاتانی باشوور لە قۆناغی یەکەمی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی یان ئەوپەڕەکەی لە قۆناغی دووهەم دان. ئەوان تاقیکردنەوە ناوکییەکانی هندو پاکستان لە دەیەی یەکەمی دوای شەڕی سارد کە نیشانەی تێڕوانینی کلاسیکانەیە ئاسایش لەڕووی سەربازییەوە یان کڕینی کەلوپەلی سەربازی زۆر، لەلایەن وڵاتانی کەنداوی فارس لە دوای شەڕی دووهەمی کەنداوەوە، دەکەنە پاساوی روانگەکەیان.

٣- گرووپی سێهەم لەسەر ئەم باوەڕەن کە چەمکی قۆناغی سێهەم بۆ تەواوی دەوڵەتەکان یەکسان و نەگۆڕە، واتا ئاسایش یان بۆ هەموو لایەك هەیە یا بۆ هیچ لایەك نییە تەنیا بەم جیاوازییە کە وڵاتانی پێشکەوتوو (باکوور) وەڵامی گونجاوی داواکارییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو (نادەنەوە) کە خوازیاری بەدەستەوەگرتنی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان، باشترکردنی بارودۆخی گۆڕینەوە، باڵابردنی توانایی کڕین و دەستەبەرکردنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوون، بەم پێیە جیهانی ئەمڕۆ کاتێك دەتوانێ بە ئاسایش و سەقامگیری گشتی بگات کە ئەم جۆرە کێشە مەترسیدارانە چارەسەر بکرێن و رێگا خۆش بکرێت سیستەمێکی ئاسایشی گشتی و سیستەمێکی دادپەروەرانەی ئابووری جیهانی بێتەکایەوە.

## ئەنجام

بەگشتی دەکرێ بگوترێت لە جیهانی دوای شەری سارد چەمکێکی نوێ بۆ ئاسایش لە دایکبووە، کە لەگەڵ چەمکی ئاسایش لە قۆناغەکانی پێشتر جیاوازی بنەڕەتی هەیە، بەو مانایە کە ئاسایشی فرەلایەنە، نەگۆڕو یەکسان خەریکی دروستبوونە. بەواتایەکی تر ئاسایشی یەکێك یەکسانە لەگەڵ



ئاسایشی ئەوی تر. بۆ هاتنەکایەی ئەم جۆرە ئاسایشە، تاکەکان، گرووپەکان رێکخراوەکان بان نەتەوەیی و خوار نەتەوەییەکان و دەوڵەتەکان رۆڵ دەگێڕن. بەجەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە کە رەهەندەکانی سەرباری نیشتمانی، ئابووری و بازرگانی ئاسایش تا هەنووکەش رەواجی هەر هەیە، بەڵام لە دەیەکانی داهاتوودا رەهەندی پێوەندی- فەرهەنگی ئاسایش رۆڵێکی زۆرتر بۆ هاتنەکایەی ئاسایشی نەتەوەیی و لە کۆتاییشدا ئاسایشی نێودەوڵەتی دەگێڕێ. قۆناغی نوێی دوای شەڕی سارد، هەم لە بواری فکری و هەم لە بواری پراکتیکی رێگای بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی گشتی نەگۆڕو فرەلایەنە خۆشکردووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- رابرت ماندل، چهره متفکر امنیت ملی، ترجمه پژو هشکده مطالعاتی راهبردی. تهران، ١٣٧٧، ص٣٤.

٢- Barry Buan, People, states and Fear: The national. Security problem in International Relation, Harvester wheatear, ١٨٥, pp. ٢٠-٣٠.

٣- رابرت ماندل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٤- (چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی وەرگێڕاو لە International Encyclopedia ڕۆژنامەی (همشهری)، ٩/٣/١٣٧٣.

٥- حاکم قاسمی، برداشتهای منفاوت از امنیت ملی فصلنامه سیاست دفاعی، سال اول، شماره دوم، بهار ١٣٧٣، ص٥٥-٥٤.

٦- علی قاخش، علوم سیاسی، تهران، نشر تقریر، ١٣٦٣، ص١٧٣.

٧- Jack Plano، (Ed) The International Relations Dictionary, California, long man, ١٩٨٨, p. ٤٠.

٨- جلیل روشندا، امنیت ملی و نظام بین الملل، تهران، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگامها، ١٣٧٤، ص١١.

٩- حمید بهزادی، اصول روابط بین الملل و سیاست خارجی، تهران (مخدا، ١٣٦٨، ص١٠٣-١٠٤.

١٠- زبینگیو برژینکسی، در جستجوی امنیت ملی، ترجم ابراهیم خلیلی تهران، سفیر، ١٣٦٨، ص٣-٤.

١١- ماندل، سەرچاوەی پێشوو، ص٥١-٥٢.



١٢- هوشنگ ماهری، اصول روابط بین الملل، تهران، مؤسسة انتشارات آطاة ١٣٧٠، ص١٧٩.

١٣- علی اسغر کاظمي، زنجیره تنازعی در سیاست و روابط بین الملل، تهران. نشر قومس، ١٣٧٠، ص١١٥-١١٦.

١٤- بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بڕوانە:

Robert Mandel, The changing Face of national security A conceptual Analysis, Greenwood press, ١٩٩٤, esp. pp. ٢-٣٥.

١٥- علی باقری کلیات و مبانی جنگ و استراتژی، تهران، مرکز نشر بین الملل ١٣٧٠، ص٢٢٠-٢٥٠.

١٦- رك. گاستن بوتول، تتبعی له ستیزهشناسی، ترجمه حسن پوبان، تهران چاپخش، ١٣٦٤، ص٨٢-٧٥.

١٧- بڕوانە:

Proufurd D. Good win (Ed), Economics and National: Security, USA, Duke University Press, ١٩٩١ .

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١٥.

١٩- Dietich Fisher, Non Military Aspects of security: A system Approach, Great Britain, Cambridge University press ١٩٩٣, p. ١٠.

٢٠- ماندل، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

٢١- بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بڕوانە:

Narindar, Singh Economics & The crisis of Ecology, ٣ the Ed, London, Bellow books, ١٩٨٩.

۲۲- UN conference on Environment and Devebpment UNves.

۲۳- The Drug in the East Europe, Foreign Policy, spring ۱۹۹۳, p. ۷۳.

۲٤- دامەزراندنی دەزگاکانی بەربەرەکانیکردنی دژی مادە بێهۆشکەرەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەم دواییانەشدا ڕێکخراوە ناوچەییەکانی وەك ڕێکخراوی ئێکۆ لە ساڵی ۱۹۹۲ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

۲۵- ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پۆلیسی تایبەت بەتاوان.

(International criminal Police organization) گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسە لە جیهاندا کە بە ئامانجی هاوکاریکردنی دوولایەنە پۆلیسی وڵاتانی تر، لە پێناو بەربەرەکانیکردن دژی تاوان و تاوانبارە نێودەوڵەتییەکان دامەزراوە. ناوەندی ئەم ڕێکخراوە لە شاری لیۆنی فەرەنسیە و ئێستا ۱۷۸ وڵات ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن.

۲٦- نشریە امنیت، سال دوم، شمارە پنجم و ششم، ابان و دی ۱۳۷۷، ص۲۰.

۲۷- John Warnock, The Politics of Hunger: The Global Food system, New York, Methuen, ۱۹۸۷, pp. ۲۰-۳۰.

۲۸- بڕوانە:

E. G. Nesbit, Leaving Eden: to protect and Manage Earth, Cambridge, Cambridge university, press, ۱۹۹۱ .

۲۹- Bahgat Korany, Paul Noble and Rea Brinen editors، The many Faces of national security in Arab world، Macmillan، ۱۹۹۳، p. ۳۲۰.

۳۰- نشریە خبر نامە، دفتر همکاریهای علمی و بین المللی وزارت ئموزش و پرورش خچروردین و اردیبهشت ۱۳۷۸، سال دوم، شمارە اول، ص٦.

# شەرعییەتی رژێم و ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بە حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران[*]

**ن: مارك جی کاسیوروسکی**
**Mark J. Casiorowski**

شۆڕشی ئێران ڕووداوێکی ئەوەندە سەیر بوو کە زۆربەی چاودێرانی ئێرانی و دەرەکی سەرسام کرد. شا بەهۆی ئەم سامانە زۆرەی کە لە نەوتەوە بە دەستی هێنا بوو جبەخانەیەکی گەورەی چەك و چۆڵی هێنابووەکایەوە، هەروەها پرۆژەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خستبووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. جگە لەمە پێوەندییەکی بنچینەیی و دۆستانەی لەگەڵ ئەمریکا دامەزراندبوو، بە شێوەیەك چاودێرانی گەیاندبووە باوەڕێك کە پێیان وابوو سیاسەتوانانی ئەمریکا بە هیچ جۆرێك ڕێگانادەن ئەم رژێمە بڕووخێت.

لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ ئەم کردەوانە بە گشتی وەکو شتێکی زۆر پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە داهاتوودا لە قەڵەم دەدران. سەرەڕای ئەمە، رژێمی شا هەمیشە لە ناسەقامگیری دابوو و دەکەوتەبەر ئامانجی رق و تووڕەی خەڵك. نائارامی و خۆپێشاندانەکانی خەڵك چەندین جار رژێمی تووشی مەترسی ڕووخان کرد. لە ئەنجامدا رژێمی شا ڕووخا و جیهانی شڵەژاند.

ئێران کەوتە ژێر هەڕەشەی سۆڤیەت و پاشان دەستدرێژی عێراق. بۆیە یەکێك لەو ئەزموونە پڕ بایەخانەی کە لە شۆڕشی ئێران وەرمانگرت ئەوەیە کە



شێوازی کلاسیکی و باوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم وەك پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایش، گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ زلهێزێك ناتوانێت ئاسایشی پێویست و بەردەوام گەرەنتی بکات.

سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەو سیاسەتانە دەگوترێن کە دەوڵەتەکان بەمەبەستی پاراستن یا پەرەپێدانی بەها نەتەوەییەکانیان لە بەرامبەر دوژمنانی ئێستا و داهاتوو، ڕەچاوی دەکەن[١]. بەها پڕ بایەخە نەتەوەییەکان ڕەنگە هەندێك نیگەرانی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی وەك پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات، بێنێتە کایەوە، بەڵام چەندین بابەتی تر لەخۆ دەگرن کە بە هۆی سەرهەڵدانی سیاسەت گەڵێکی جەماوەری وەك، پاراستنی گیانی هاوڵاتیان، باشترکردنی خوشگوزەرانی گشتی خەڵك و تەنانەت گەرەنتی کردنی ئازادییە سیاسییەکان و شێوازە کاریگەرەکانی بەشداریکردنی خەڵك لە کاروباری سیاسی، گرنگییان چووەتە سەرەوە. زۆربەی نووسینەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی وڵاتانی پێشکەوتووەوە نووسراوە، بۆیە زۆرتر لەم جۆرە هەڕەشانە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەدۆین کە لە دەرەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەرە وەك ((ئیدوارد ئی. ئازەر))و ((چونگ ئین موون)) ئاماژەی پێدەکەن بەشی هاردوێر((hard ware))ی بەڕێوەبردنی ئاسایشن کە بریتین لە: توانایی سەربازی و ئابووری هەروەها ژێرخانی سیاسی کە بابەتەکانی، دکتورینی ستراتیژی، پێکهاتەی هێز، سیاسەتی زانیارییەکان و چەندین شتی تر لەخۆدەگریت[٢].

بە گشتی ئەم ڕوانگەیە ئەمڕۆکە ناتوانێت وەڵامدەری مەترسییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بێت. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم ناسەقامگیری لە سیاسەتی ناوخۆییدا لەبەراورد لەگەڵ هەڕەشەکانی دەرەوە،

مەترسییەکی زیاتر دەخاتە سەر بەها نەتەوەییەکان. کەوایە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم نەتەنها دەبێت گرنگی بە بابەتی هاردوێر بدات. بەڵکو دەبێت بەو سیاسەتانەش رابگات کە دەبنە هۆی هێورکردنەوەی پشێوی و نائارامییەکانی ناوەخۆ. ئەم بۆچوونە، نووسەرانی بواری ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی سێهەمی ناچارکردووە کە پشتیوانی لە گەشەسەندنی ئابووری و ئەمجۆرە کە چالاکییانە بکەن کە ئامانجیان باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵکە وەکو بەشێك لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی جیهانی سێهەم(٣). لە ڕاستیدا گەشەسەندنی هاردوێری گونجاو، هەوڵدان لە پێناو وەدیهێنانی رادەیەکی بەرچاو لە گەشەسەندنی ئابووری و بوونی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا بووە(٤). نموونەی ئێران ئەم راستییەمان پێ دەڵێت کە: گرنگیدان بە دوو بابەتی هاردوێر (سخت افزار)و گەشەسەندنی ئابووری لەوانەیە وەڵامدەری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم نەبێت. هەروەك ((ئازەر)) و ((موون)) جەختیان لەسەرکردۆتەوە، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی پێوەستی هەڵگری بابەتی سۆفت وێر (soft ware ندم افزار)یش بێت، بۆ نموونە تێگەیشتن لە بەستێنی سیاسی کە لە چوارچێوەی ئەودا بەها نەتەوەییەکان پێناسە دەکردرێن(٥).

ئەم بەشە یارمەتیمان دەدات باشتر لەم چەمکە تێبگەین و دەیسەلمێنێت کە بێ توانایی رژێمی شا لە وەرگرتنی شەرعییەتی هەمە لایەنەی خەڵك بوو کە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروستکرد. رژێمێك کاتێك بە یاسایی لە قەڵەم دەدرێت و مافی دەسەڵاتی هەیە کە رازیبوونی ڕای گشتی کۆمەڵگای لەگەڵ بێت.



هەر ڕژێمێك دەتوانێت یاسایبوونی خۆی لە چەندین سەرچاوە وەربگرێت. بۆ نموونە مافی سەرپەرشتی و دەسەڵات لەلایەن خواوەند، میرانی شۆڕش، ناسیۆنالیزم، دەسەڵاتی کاریزمایی و رازیبوونی ڕای گشتی خەڵك لەسەر بنەمای دیموکراسی(٦). رژێمی شا لە ئێران بە گشتی بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرا لەبەر ئەوەی کە بانگەشەی شا بۆ مافی دەسەڵاتدارییەی پووچەڵبوو شا لە لایەن هێزەکانی دەرەوە دەسەڵاتی پێدرابوو جارێکی تر لە ڕێگای کودتاوە کە لەلایەن دەرەوەڕا پشتیوانی لێکرابوو بە دەسەڵات گەیشتبوو؛ ناوبراو خۆی بە قەرزداری ئەمریکا دادەناو پێوەندییەکی زۆر نزیك و دۆستانەی لەگەڵدا هەبوو. سیاسەتەکانی رژێم لە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵك لە قەڵەم دەدرا. سەرنەکەوتنی شا لە راکێشانی خەڵك بۆ لای خۆی بووە هۆی نائارامی و پشێوی کە ئاکامەکەی خۆپێشاندان و جاربەجاریش هەوڵدان بۆ کودتا و سەرهەڵدانی چەندین گرووپی تیروریستی و پارتیزانی لە ماوەی دەسەڵاتی شادا بوو. نائارامییەکانی ناوخۆ بە شۆڕشی جەماوەری و رووخاندنی رژێمی شا کۆتایی پێهات. پاشان پاشاگەردانی و پشێوی سیاسی و ئابووری، ئێرانی خستە ژێر هەڕەشەی سۆڤیەت و دواتر دەستدرێژی عێراق. لەبەر ئەوەی کە بێ ئاکام مانەوەی شا لە راکێشانی ڕای گشتی خەڵك لە مەڕ رەوا بەخشین بە دەسەڵاتەکەی، بەهۆکاری هەڕەشە بۆ سەر بەها نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت، کاتێك سەیری رابردوو دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بێ ئاکامە مانەوەی شا گەورەترین کۆسپ بووە لە سەر ڕێگای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.

سێ تەوەری یەکەمی ئەم بەشە شەرعییەتی رژێمی محەمەد رەزاشای پەهلەوی لە هەر سێ بواردا، دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کە بریتین لە سەرچاوەی دەسەڵات، ناسیۆنالیزم و سیاسەتی گشتی. دواتر ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هەڵدەسەنگێندرێت و هەوڵدەدرێت بە کورتی بخرێنەڕوو.

## سەرچاوەی دەسەڵات وەک هێزێکی شەرعیەت پێدەر

لەوانەیە گرنگترین سەرچاوەی مانەوەی یاساییبوونی رژێمێك، ئەو بنچینەیە بێت کە رژێم مافی دەسەڵاتداریەتی بۆ خۆی بە رەوا دەزانێت. پێش سەردەمی بڵابوونەوەی دیموکراسی رۆژئاوا، رژێمەکان ئەم مافەیان لە یاسای خواوەند و نەریتی پاشایەتیدا وەدی دەکرد. لە سەردەمی نوێدا زۆربەی رژێمەکان کاتێك دەسەڵات بە مافی خۆیان دادەنێن کە رەزامەندی خەڵکی لەسەر بێت. ئەوەش لەوانەیە بە پێی نەریتی شۆڕشیکی جەماوەی بێت وەك ولاتەکانی مەکسیك و میسری سەردەمی ناسر، یا لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازادانە بێت وەکو دیموکراسی رۆژئاوا.

شەرعیەت بەخشین بە دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە لە هەریەك لە نموونەکان دەتوانێت ببێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی نائارامی و پشێوییەکان.

بە پێی هیچ یەك لەم پێوەرانە رژێمی شا شەرعییەتی نەبوو. جێگای ئاماژەیە ئەم رژێمە سیکۆلاری بوو لەگەڵ دەزگای ئایینی شیعە ناکۆکی هەبوو. جگە لەوەی کە پێشینەیەکی پاشایەتی درێژخایەن و پتەوی نەبوو، لەلایەن خەڵکیشەوە پشیوانی لێ نەدەکردرا. ئەم رژێمە هیچ باوەڕێکی بە بنچینە دیموکراتیکەکان نەبوو، چونکە لە رێگای کودتاوە دەسەڵاتی وەرگرتبوو. ئەو رژێمەی کە رووخێنرابوو، خاوەن پێگەیەکی گەورەی جەماوەری بوو بۆ رژێمی تازە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرا.

ئەو پاشا زاڵمانەی کە بەر لە ساڵی ١٩٠٦ لە ئێران حوکمیان کردووە بەهۆی داب و نەریتیی پاشایەتی و بوونی رەزامەندی تا رادەیەك لاوازی دەزگای ئایینی شیعە، شەرعییەتیان بە خۆیان داوە. وەرگرتنی شەرعییەت لەم دوو سەرچاوەیە و کەڵك وەرگرتنی جاروبار لە هێزی سەرکوت، پێشی بە هەرجۆرە



ڕاپەرینیکی جەماوەری دەگرت. لە دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەهەم، هاوبەندی نێوان بازرگانیان و دەزگای ئایینی و ئەو رۆشنبیرانەی کە پێڕەویان لە رۆژئاوا دەکرد لەگەڵ زنجیرەیەك ناڕەزایی خەڵك، بووە هۆی هاتنە کایەی حکوومەتی مەشرووتە لە ساڵی١٩٠٦[٧].

شۆڕشی مەشرووتە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بوو لە مێژووی ئێران. راستە حکوومەتی قاجاری بەهۆی ئەم شۆڕشەوە نەرووخا، بەڵام دەستوور و پەرلەمانی بەسەر دەسەڵاتی قاجاریدا سەپاند. لەلایەن ئەم بەشە بچووکە لە کۆمەڵگای ئێران کە لە بواری سیاسییەوە چالاك بوو شەرعییەتێکی هەمەلایەنە بە رژێمی نوێ بەخشرا.

بەهاندانی بریتانیا و روسیا کە لەو سەردەمەدا بە تەواوی دەستیان خستبووە ناو کاروباری سیاسی ئێرانەوە، شای قاجار لە ساڵی١٩١١ پەرلەمانی داخست. ئەگەرچی لە ساڵی١٩١٤ پەرلەمان سەر لە نوێ دەستبەکار بۆیەوە، بەڵام ئەمجارەیان پەرلەمان پڕ بوو لە نوێنەرانی لایەنگیری بریتانیا بۆیە شەرعییەتی لە دەست دابوو. لە ساڵەکانی دواتردا ئێران بە رواڵەت خاوەنی حکوومەتێکی پاشایەتی مەشرووتە بوو، بەڵام بریتانیا بە سەپاندنی دەسەڵات بەسەر پەرلەمان و شادا جڵەوی حکوومەتی ئێرانی بەدەستەوە گرتبوو.

لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای شەڕ ئێران تووشی ئاڵۆزی و پشێوی ببوو سەرەڕای ئەوەی کە بریتانیا دەوڵەتی ناوەندی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران پاشاگەردانی زاڵبوو. بریتانیا کە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی وڵات بە شوێن حاکمێکی بەهێزدا دەگەڕا، لە ساڵی ١٩٢١ ئەفسەرێکی سوپا بەناوی رەزاخان و رۆژنامەنووسێك بەناوی سەیدز یاددینی هاندا کودتایەکی ئەنجام بدەن. کودتایەکە سەری گرت و لە ئەنجامدا

سەیدز یاددین پۆستی سەرۆك وەزیران و رەزاخان پۆستی فەرماندەی گشتی سوپای بەدەستەوەگرت. لە ساڵی ١٩٢٣ رەزاخان سەیدز یاددینی لابردو خۆی پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەدەستەوەگرت. هەروەها لە ساڵی١٩٢٥ شای لە دەسەڵات لادا و بەناوی رەزاشا، تاجی پاشایەتی لەسەرنا[٨].

رەزاشا لە بنەماڵەیەکی هەژار بوو کە لە رێگای کودتاوە بە دەسەڵات گەیشتبوو. ئەگەرچی خوازیاری بوو شەرعییەتێك بۆ دەسەڵات دەستەبەر بکات، بەڵام بەهۆی ئەم کەم و کورییە بنچینەییانەی کە هەیبوو، هەوڵەکانی بێ ئاکام مایەوە. رەزاشا بەهۆی ئەم هەوڵانەی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیکولار لە ئێران دەیدا، نەیتوانی پشتیوانی دەزگای ئایینی شیعە وەربگریت. هەر بۆیە وەکو پێویست نەیدەتوانی بانگەشەی ئەوە بکات کە لەلایەن خواوەندەوە دەسەڵاتی پێدراوە. ناوبراو لە کاتێکدا کە دەیەویست دەسەڵاتی بریتانیا لە ئێران کەم بکاتەوە لە هەمانکاتدا نەیدەهێشت هێماکانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیك وەك ئازادی راگەیاندن، پەرلەمانی سەربەخۆ و حزبی سیاسی سەربەخۆ بێتەکایەوە. رەزاشا نەیتوانی شەرعییەتێکی هەمەلایەنەی خەڵك دەستەبەر بکات. دەسەڵاتی ناوبراو لەسەر بنەمای سەرکوت و زەبروزەنگ دامەزرابوو[٩].

ساڵی١٩٤١ رەزاشا دەسەڵاتی لێسندرایەوە و ئەمەش لە کاتێك دابوو کە بریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی هاوبەش ئێرانیان داگیرکرد تاکو لەم رێگایەوە چەك و چۆڵ و کەرەسەی پێویستی شەڕ بۆ سۆڤیەت دابین بکردرێت. محەمەد رەزاشای پەهلەوی کە تەمەنی٢١ ساڵ بوو لە جێگای باوکی داندرا.

ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی١٢ساڵە لە ئەنجامدانی چالاکی گەلێکی سیاسی مەزن لە ئێران. شای تەمەن گەنج هیچ جۆرە ئەزموونێکی سیاسی نەبوو جگە لەمە حەزێکی ئەوتۆی بە دەسەڵات نەبوو. سانسۆر نەماو لێبوردنی گشتی بۆ بەندکراوە سیاسییەکان دەکرا. بە



هاتنەکایەی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی، بە دەیان حزب لە دایکبوون. پەرلەمان زۆربە خێرایی بوو بە ناوەندی چالاکی سیاسی لە ئێران. بە کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، پاشایەتی مەجدار شوێنی پاشایەتی سەرەڕۆی گرتەوە. واپێ دەچوو ئێران بەرەو جیگیرکردنی دیموکراسی هەنگاو دەنێت.

دوای شەڕ، سێ مەسەلەی گرنگ باڵیان بەسەر کاروباری سیاسی ئێراندا کێشابوو. یەکەمیان حزبی کۆمۆنیستی تودە بوو کە لەکاتی شەڕ بەهۆی یارمەتی هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤییەت دەسەڵاتێکی زۆری بە دەستهێنابوو هەروەها لە ساڵەکانی ١٩٤٥و ١٩٤٦ هەوڵێکی ناسەرکەوتووانەی ئەنجامدا بۆ ئەوەی لە باکووری رۆژئاوای ئێران واتا پارێزگاری ئازەربێجان حکوومەتێکی وابەستە بە یەکێتی سۆڤیەت دابمەزرێنێت. دووهەم مەسەلە لە ساڵی ١٩٤٧، گوشارهێنان بۆ ئەنجامدانی وتووێژی دووبارە سەبارەت بە رێککەوتنامەی ١٩٣٣ زیادیکرد. بەپێی ئەم بەرێکەوتنامەیە ئیمتیازی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران درابوو بە ((کۆمپانیای نەوتی ئێران و بریتانیا)) کە کۆمپانیایەکی بریتانی بوو. سێهەم مەسەلە، ململانێکانی نێوان شا کە لە هەوڵی قۆرخکردنی تەواوی دەسەڵات دابوو لەگەڵ ئەو هاوبەندییە لاوازەی کە لە چەندین کەسایەتی ئۆپوزسیۆن پێکهاتبوو و خوازیاری کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی پاشایەتی و زۆرکردنی دەسەڵاتی پەرلەمانی بوو، پەرەی سەند. جگە لەمە هەردوو مەسەلەی دوایی لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو ببوون، بریتانیا و هاوپەیمانەکانی تری ئێران پشتیوانیان لە شا دەکرد لەبەر ئەوەی سیاسەتەکانی شا لە بەرژەوەندییان دابوو. لە هەمانکاتدا زۆربەی ئێرانییەکان دژی بەخشینی ئیمتیازی نەوت بە بریتانیا بوون و هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شایان دەدا[١٠].

له سەرەتاكانی مانگی ئایار (مەی)ی ساڵی ١٩٥١، له ئاكامی ململانێ نێوان شا و ئۆپۆزسیۆن و ناكۆكییەكانی نەوت، تەنگژەیەك هاتەكایەوە. ئەوە له كاتێك دابوو كه دكتۆر محەمەدی موسەددەق پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت. ناوبراو رێبەری كاریزمای بەرەی نەتەوەیی بوو. ئەم بەرەیە، هاوبەندی نێوان حزبە سیاسییەكان و چەندین كەسایەتی سیاسی ناوداربوو كەله ساڵی١٩٤٩ به مەبەستی خۆماڵیكردنی نەوت و كەمكردنەوەی دەسەڵاتی شا، دامەزرابوو.

دكتۆر موسەددەق خێرا سەروەت و سامانی ((كۆمپانیای نەوتی ئێران و بریتانیا))ی خۆماڵی كرد، كه بووە هۆی ململانێیەكی درێژخایەن له نێوان ئێران و بریتانیادا. هەروەها ناوبراو هەوڵێكی زۆری وەگەڕخست بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی له دەست و پێوەندییەكانی شاوە بۆ پەرلەمانی و كابینەی حكوومەت بگوازێتەوە. هەروەها ئەم هەوڵانە كۆتایی هێنان به دەسەڵاتی تاكەكەسی شا بەسەر سوپای ئێران و هێنانە كایەی هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە و ئامادەكردنی خەڵك بۆ بەشداریكردن له پرۆسەی سیاسی وڵاتی لەخودەگرت. دكتۆر موسەددەق تاكو ئاب (ئون)ی ١٩٥٣ حكوومەتی بەدەستەوەبوو.

بەڵام لەم ساڵەدا له رێگای كودتایەك كه به هاندانی سیا(.C.I.A) رێكخرابوو، كابینەی موسەددەق رووخێنرا[١١]. دەوڵەتێكی گەندەڵ و سەركوتكەر بەدەستەوە گرت كه بەتەواوی گوێ له مستی شابوو. كودتای ساڵی ١٩٥٣ بەستاندنەوەی دەسەڵات له كابینە و پەرلەمان و بەخشینی دووبارەی ئەم دەسەڵاتە به شا، سەر له نوێ دیكتاتۆری بۆ ئێران گەڕاندەوە.

كودتای ساڵی ١٩٥٣ خاڵێكی وەچەرخان بوو له مێژووی ئێران. رژێمی دكتور موسەددەق له ئێران بەهۆی ئەم خەبات و قارەمانییەتییەی كه موسەددەق دژی بریتانیا ئەنجامی داوە ئەم هەوڵ تەقەلایانەی كه ناوبراو بۆ جێگیركردنی دیموكراسی كردی، به رژێمێكی جەماوەری له قەڵەم دەدرا. جێگای ئاماژەیە



رژێمكی تازە هیچ جۆرە شەرعییەتێكی دەسەتەڵاتداری نەبوو لەبەر ئەوەی كه له رێگای كودتاوە و بەهاندانی لایەنی دەرەكی جێگای رژێمی پێشووی گرتبوویەوە. جگە لەمە رژێمی موسەددەق به روونی دیاربوو كه درێژەدەری نەریتیی شۆڕش مەشرووتەی ساڵی (١٩٠٦)ە. بەڵام رژێمی شا به درێژەدەری رژێمی رەزاشا لەقەڵەم دەدرا. رژێمی دوای ١٩٥٣ جگە لەوەی كه له رێگایەكی نایاساییەوە به دەسەڵات گەیشتبوو، زیندووكردنەوەی نەریتیی پاشایەتی خۆی بەشتێكی نارەوا دادەندرا.

## ناسیۆنالیزم، وەک هێزێكی شەرعییەت پێدەر بریتانیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەردەمی پەهڵەویدا

ماوەیەكی زۆرە كاریگەری ناسیۆنالیزم وەك هێزێكی شەرعییەت پێدەر ناسێندراوە. ئەو رژێمانەی كه له هەستی ناسیۆنالیزم كەڵك وەردەگرن، دەتوانن لەم رێگایەوە خۆشەویستی خۆیان بەرنەسەرەوە یا ببنە هۆی دوورخستنەوەی سەرنجی گشتی خەڵك له هەندێك بابەتی وەك بوونی گومان لەسەربەخۆیی و سەرنەكەوتن له سیاسەتی گشتی. باشترین نموونەی رژێمێك كه بانگەشەی ئەوەی دەكرد شەرعییەتی خۆی له ناسیۆنالیزم وەرگرتووە، ئەڵمانیای نازی بوو. بەڵام ناسیۆنالیزم وەكو ئامرازێك كه شەرعییەت به رژێم دەدات هەڵگری دیكتاتۆری، شەڕ و زوڵم و زۆری نییە. لەڕاستیدا ئەمڕۆكە زۆربەی رژێمەكان كەم تا زۆر و به شێوەیەك له شێوەكان بۆ پاراستنی شەرعییەتی خۆیان پشت به ناسیۆنالیزم دەبەستن.

سەرەڕای كارتێكەری بەرچاوی لایەنی دەرەكی له بوارەكانی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی بۆ سەر زۆربەی وڵاتانی هاچەرخی جیهانی سێهەم، ناسیۆنالیزم وەكو هێزێكی شەرعییەت پێدەر و كاریگەر، بۆ سەر رژێمە مۆدێرنەكانی جیهانی سێهەم له قەڵەم دەدرێت.

بەهۆی چاوتێبڕینی هێزەکانی دەرەوە بۆ سەر ئێران لە هەمبەر بارودۆخی ستراتیژی و سەرچاوە نەوتییەکەی، لە کاروباری سیاسی ئێراندا ناسیۆنالیزم بە هێزێکی گرنگ دادەندرێت. جگە لە ویست و ئامانجی دەستەبەرکردنی دیموکراسی لە شۆڕشی مەشرووتەی ١٩٠٦دا، ناسیۆنالیزم هێزێکی مەزنی ئەم شۆڕشە بوو. لەناوبردنی رژێمی مەشرووتە لەلایەن بریتانیا و رووسیاوە و پاشان زاڵبوونی دەسەڵاتی بریتانیا، بووە هۆی پتر وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی خەڵکی ئێران. ئەگەرچی رەزا بە یارمەتی هێزەکانی دەرەوە بە دەسەڵات گەیشتبوو، بەڵام هەروەك هاوتایەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك کەسایەتییەکی ناسیۆنالیست بوو. ناوبراو بە مەبەستی بەهێزترکردنی سوپاو کەمکردنەوەی وابەستەییەکەی بە دوژمنانی دەرەوە چەندین هەنگاوی هەڵێنا. هەروەها وابەستەیی ئابووریی ئێران بە بریتانیا کەمکردەوە. ئەمەش لە رێگای بە هێزکردنی بناغەی بازرگانی وڵات و گەشەسەندنی ئابوورییەوە بوو کە بە هۆی جێگیرکردنی هاوردە و سەرمایەگوزاریی گەورەی ژێرخانیی، ئەنجام دەدرا. بە شێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی رەزاشا بۆ باشترکردنی بارودۆخی پەروەردە و فێرکردن و چاکسازی دام و دەزگای بەرێوەبردن، لە ئاراستەی گەشەسەندنی ئێران دابوو لەبەرامبەر هێزەکانی دەرەوەدا. تەنانەت ئەو هەوڵێدا لە رێگای ئەنجامدانی کۆمەڵێك کردەی وەك کۆتایی هێنان بە سیستەمی کاپیتولاسیۆن و خاوێن کردنەوەی زمانی فارسی لە وشە عەرەبییەکان، هەستێکی گەورەی نەتەوەیی لە ئێران بێنیتەکایەوە(١٢).

ئەگەرچی رەزاشا تاڕادەیەك دەیتوانی ئەم شەرعییەتە بەخۆی بدات، بەڵام کوڕەکەی وانەبوو. محەمەد رەزاشا سێ کۆسپی گەورەی لەسەر رێگا هەبوو. یەکەمیان ئەوەبوو کە ناوبراو بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانی و دەستدرێژی هاوبەشی بریتانیا و سۆڤیەت، تاج و تەختی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو. لە ماوەی شەڕ تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، زۆربەی ناوچەکانی ئێران لە دەستی



هێزەکانی دەرەوەدا بوو یا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کونترۆڵیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەم ئەزموونە تاڵانە، شا وەکو ئامرازی دەستی هێزەکانی دەرەوە بە تایبەتی بریتانیا لەقەڵەم دەدرا.

دووهەم کۆسپ ئەوەبوو کە لە دوای ساڵی ١٩٤٦ شا زۆر چالاکانە لەبەرامبەر بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زمان لووسی دەکرد و نۆکەرایەتی و سەرشۆڕی خۆی دەردەبڕی ئەم کارە تاڕادەیەك بۆ پاراستنی هاوسەنگی بوو لەبەرامبەر ئەم گوشارە زۆرەی کە لەلایەن سۆڤیەتەوە دەخرایە سەری. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم کردەوانە رۆڵێکی بەرچاویان لە هێنانەکایەی بزووتنەوەیەك گێرا کە بە گەیشتنی دکتۆر موسەددەق بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کۆتایی پێهات. هەڵبەت شا لە بەراورد لەگەڵ موسەددەق، ناسیۆنالیستێکی شکستخواردبوو. رووخانی رژێمی موسەددەق نە تەنها زەبرێکی قورس بوو کە بە دیموکراسی ئێران کەوت بەڵکو بە سەرکەوتنی هێزەکانی دەرەوە و دەوڵەتە گوێ لە مستەکانیان لە قەڵەم دەدرا.

سێهەم کۆسپی گەورە، شەرعییەتی نەتەوەیی و ئەم پێوەندییە دۆستانەیە بوو کە لەگەڵ ئەمریکا دایمەزراندبوو. گرنگترین لایەنی ئەم پێوەندییە مەسەلەی ئاسایشی بوو. لە دەیەی یەکەمی کودتای ١٩٥٣ یەك میلیارد و دووسەد ملیون دۆلار، وەکو یارمەتی سەربازی و ئابووری لەلایەن ئەمریکاوە بە ئێران بەخشرا کە لەو سەردەمەدا لەسەدا ٢١ی خەرجییەکانی دەوڵەت پێکدێنا. ئەم یارمەتییە بە تایبەتی لە ساڵی یەکەمی دوای کودتا بایەخێکی زۆری هەبوو لەبەر ئەوەی کە رادەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران سفر بوو. یارمەتی سەربازیی ئەمریکا بە ئێران بریتیی بوو لە راهێنان و دابینکردنی چەك و چۆڵی سەربازیی پێشکەوتوو. ماوەیەکی کورت لە دوای کودتا، ئەمریکا دەستیکرد بە راهێنانی دەزگای زانیاریی ئێران کە دواتر بە ساواك ناسرا. ئەم راهێنانە،

ئامرازە باوەکانی ((توانایی سیخوڕی)) وەك شێوازەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە و شێوازی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و مایکرافۆنە شاراوەکانی لەخۆ دەگرت. ئەم ڕاهێنانە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە گۆڕینی ساواك بۆ دەزگایەکی زانیاریی خاوەن دەسەڵات و کاریگەر، کە دواتر ترسێکی زۆری دەخستە ناو دڵی خەڵکەوە. تەواوکەری ئەم یارمەتییە ئەمنییە پێوەندی دۆستانەی نێوان هێزەکانی ئاسایشی هەردوو وڵات بوو کە تەنانەت لە چوارچێوەی پێوەندی تاکەکەسی ئەنجام دەدرا. پێوەندی ئاسایشی دوو وڵات، لە پێوەندی ڕژێمی شا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە پێچەوانە پێوەندی ڕاستەوخۆی ئەم وڵاتە بە سیاسەتە سەر کوتکارییەکانی شادا خۆی دەنواند[١٣].

جگە لە ئاساییش، چەندین پێوەندی تر لە بوارەکانی ئابووری و فەرهەنگی لە نێوانیان هاتەکایەوە. بازرگانیکردن لە ٢٧ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٥١، بۆ دوو میلیاردو چوارسەد ملیۆن دولار لە ساڵی ١٩٧٧ زیادیکرد ئەوە لە کاتێك دابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بە دووهەم شەریکی بازرگانی ئێران دەژمێردرا. چالاکییەکانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە دەیەی ١٩٧٠، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. بازاڕەکانی ئێران پڕ بوون لە کەل و پەلی ئەمریکی. تا کۆتایی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ لە ئێران نزیك بە ٢٤ هەزار ئەمریکی سەربە دەزگا حکوومییەکان و بەڵێندەرە تایبەتییەکان ژیانیان بەسەر دەبرد[١٤]. بە دەیان هەزار خوێندکاری ئێرانی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠، خۆیان گەیاندە زانکۆ و کۆلێژەکانی ئەمریکا.

زمانی ئینگلیزی پەرەی سەندبوو. هەروەها گوێگرتن لە مۆسیقای ڕاکی ئەمریکا لە زۆربەی شارەکانی ئێران وەك شتێکی باوی لێهاتبوو. زاڵبوونی دەسەڵاتی فەرهەنگی بێگانە لە ئێران بەتەواوی هەستی پێدەکرا، ئەمەش وەکو



دەستدرێژییەك بۆ سەر داب و نەریت و فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئێران لەقەڵەم دەدرا. بەهۆی پێوەندی نزیکی ئەم دوو دەوڵەتە، ئەوانە بە لایەنی جیانەکراوەی ڕژێمی پەهلەوی دەژمێردران.

شا لە وەڵامی ئەو ڕەخنانە کە ئەویان بە دەستنیشاندەی وڵاتانی دەرەوە دادەنا هەروەها لەکاتی بانگەشەکردن بۆ شەرعییەتی وەك ناسیۆنالیستێك، خۆی بە ناسیۆنالیستی پۆزەتیڤ دادەنا. ناوبراو ناسیۆنالیزمی پوزەتیڤی لە نایسینالیزمی نێگەتیڤی موسەددەق و لایەنگرەکانی جیادەکردەوە. ناسیۆنالیزمی پوزەتیڤ بە پەرەپێدانی خۆشگوزەرانی خەڵك پێناسە دەکردرا، ئەمە لە کاتێك دابوو بەقسەی شا، ناسیۆنالیزمی موسەددەق نێگەتیڤە و جگە لە چارەڕەشی ئالۆزی و پشێوی هیچ قازانجێکی بۆ ئێران نەبووە[١٥]. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ شا هەوڵیدا لە ڕێگای ئەنجامدانی چەندین چاکسازی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ناسیۆنالیزمە پۆزەتیڤەکەی بێنیتەدی. دواتر باس لەم چاکسازییانە دەکردرێت. بەگشتی لە ئێران هیچ کاتێك شایان وەکو ناسیۆنالیستێك پەسند نەکرد. لە ساڵەکانی دوای کودتای ١٩٥٣، بەرەی نەتەوە موسەددەق باوەڕپێکراوترین گرووپی ئوپوزسیۆنی ئێران بوو کە خاوەنی پشتیوانییەکی زۆری جەماوەری بوو. بەرنامەی بەرەی نەتەوەیی هەروەکو خۆی مایەوە بەهۆی کەمتەرخەمی لەمەڕ بێلایەنی و سەربەخۆیی ئێران هێرشی دەکردە سەر شا[١٦]. لە حوزەیرانی ١٩٦٣، تەگژەیەکی نوێ سەری هەڵدا کە لە ئاکامدا ڕژێمی شای توشی لەناوبردن کرد. لەو مانگەدا چەندین خۆپێشاندانی گەورە و توندوتیژ بە ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵاینی خومەنیی لە تاران ڕوویدا. ئەم تەنگژە نوێیە پاڵنەرە ناسیۆنالیزمەکانی لە گوتارێکی دژە ئیمپرایالیستیدا، لەگەڵ شرۆڤە شوڕشگێرییەکانی ئیسلامی شیعە تێکەڵاوکرد تاکو بتوانێت چینەکانی خواروو ئامادە بکات. چینەکانی ناوەند و خواروو لە ژێر ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ئایینی و بەرەی نەتەوەیی لە ساڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ بە

مەبەستی رووخاندنی رژێمی شا، ئاوێتەی یەکتری بوون. هەروەك لە تایبەتمەندییە دژە ئەمریکییەو دژە رۆژئاواییەی شۆڕش و ئەنجامەکانی بە دیارکەوت، ناسیۆنالیزم رۆڵێکی گرنگی لەم پرۆسەیەدا گێڕا.

## سیاسەتی گشتی وەک هێزێکی شەرعییەت پێدەر گەشەنەکردن و گەندەڵیی لە سەردەمی رژێمی پەهلەویدا

کاتێك رژێمێك هیچ سەرچاوەیەکی شەرعییەت پێدەری نەبێت دەتوانێت بەهۆی سیاسەت گەلێکی جەماوەریی، ئەم شەرعییەتە دەستەبەر بکات. ئەم سیاسەتە ئابوورییانەی کە دەبنە هۆی چوونەسەری ئاستی خۆشگوزەرانی ئەو توێژانەی کۆمەڵگا کە لە بواری سیاسییەوە بایەخێکی زۆریان هەیە، جگە لەوەی کە ئەم رژێمە لەنێو خەڵك خۆشەویست تر دەکات شەرعییەتی زیاتری پێدەبەخشێت. ئەم سیاسەتانەی کە کاریگەریان لەسەر فەرهەنگ و کۆمەڵگا هەیە، وەك پەرەسەندنی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، وەرزش و هونەر، دەتوانن ئەم شەرعییەتە بەر نەسەرەوە.

هەروەها سیاسەتی گشتی دەتوانێت پێکهاتە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بخاتە ژێر کاریگەر خۆیەوە. ئەم کارەش بە سەرهەڵدانی چەندین گرووپی کۆمەڵایەتی نوێ وەك چینی کرێکاری پیشەسازی یا چینی تێکنۆکرات وەدی دێت.

لەوانەیە ئەم گرووپانە لەبەرامبەر ئەو رژێمانەی کە خولقاندوویانن، خۆیان بە قەرزدار بزانن ئەمەش پێگەی کۆمەڵایەتی رژێم بەهێزتر دەکات و لە ئەنجامدا شەرعییەتی زیاتری پێدەبەخشن. ئەو رژێمانەی کە لە رێگای ئەنجامدانی ئەمجۆرە سیاسەتانە تاڕادەیەك توانیویانە شەرعییەت بە دەست بێنن، بریتین لە: کۆریای باشووری ئێستا، رژێمی دەسەڵاتخوازی بەرازیل لە سەردەمی «موعجیزە ئابووری»یەکەی و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو.



رەزا شا هەر لەو رێگایانەوە توانیبووی تاڕادەیەك شەرعییەتی خەڵك دەستەبەر بکات. ئەگەرچی بارودۆخی جووتیاران و خێڵەکان کە زۆرینەی خەڵکی ئێرانیان پێکدێنا، هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بەسەر نەهات، بەڵام زۆربەی خەڵکی شار و ئەوانەی لە بواری سیاسییەوە چالاك بوون، لانی کەم لەو گۆڕانکارییە مەزنە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە کە روویدا، کاریگەرییان وەرگرت. رەزا شا لە ئێران بناغەی ئابوورییەکی پێشکەوتووی بنیات نا. ناوبراو بە هۆی یارمەتییەکانی دەوڵەت و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری دروستکردنی رێگای سەرانسەری شەمەندەفەر، رەوتی بە پیشەسازیکردنی وڵاتی بەرەو پێش برد. هەروەها رێکخستنێکی نوێی لە تەواوی دام و دەزگاکانی بەرێوەبردنی دەوڵەت پێکهێناو بانکی نەتەوەیی و سیستەمی دادپەروەری دامەزراند. لە ژێر بڕیاری رەزا شادا، ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و لە ژێر دەسەڵاتی ئایینی هێنرایە دەرەوە. داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا وەك جلك پۆشین هەروەها رۆڵی پیاوانی ئایینی گۆڕانکاری بەسەر هات.

ئەم چاکسازییانە کاریگەری خستەسەر دامەزراندنی چینێکی ناوەندی پێشکەوتوو کە بە تەواوی خۆیان بە قەرزداری رەزا شا دادەنا و تاڕادەیەك شەرعییەتی جەماوەرییان پێ دەبەخشی[١٧].

چاکسازییەکانی رەزا شا، لە لایەن هەندێك لایەنی نەریتخواز وەك، خاوەن زەوییەکان و کەسایەتییە مەزهەبییەکان پێشوازییەکی ئەو تۆی لێ نەکرا. جگە لەمە شا لەو بارودۆخەی کە بۆی رەخسابوو سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ خۆی کۆکردەوە. (بۆ نموونە بەپێی لێکدانەوەیەك کە ئەنجامدرا، ئەو خاوەنی لەسەدا ١٥ی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێران بوو)[١٨]. بۆیە شا وەکو کەسێکی پێشکەوتنخواز شەرعییەتی لە دەستدا و لە ئاستی هێزی شەرعییەت پێدەر کەمبوونەوە.

له دەیەی یەکەمی پاشایەتی محەمەد رەزا شای کوڕی رەزا شا، هیچ هەوڵێك بۆ درێژەدانی سیاسەتە چاکسازییەکانی باوك، ئەنجام نەدرا. محەمەد رەزا شای گەنج ساڵەکانی یەکەمی دەسەڵاتیدا حەزێکی ئەو تۆی لە دەسەڵات نەبوو پێی خۆش بوو ژیانێکی دەرباری و ئاریستۆکراتی هەبێت.

ئەو پیلانگێڕییە مەزنانەی کە لە دەوروبەری شا رووی دەدا مێشکی ئاڵۆز کرد بوو. لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی و دوای شەڕ، کاروباری سیاسی ئێران تارادەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی هێزە داگیرکەرەکان دابوو. لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠، بەربەرەکانی کرد شا لە دژی ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتنخواز، رێگای لە ئەنجامدانی هەر جۆرە پرۆژەیەکی چاکسازی گرت. دوای رووخانی رژێمی موسەددەق لە مانگی ئابی ١٩٥٣ و هەڵوەشانی حزبی تودە لە ئەیلوولی ١٩٥٤[١٩]، بە هۆی پرۆژەی ئەو یارمەتییە فراوانەی کە لە لایەن ئەمریکاوە بە ئێران دەکودرا، دادەی پێویستی ئێران بە چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی کەمتر کردەوە.

بەڵام چەند گۆڕانکارییەك لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٥٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠، پێویستییەکی نوێی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی هێناکایەوە. رژێمی پاشایەتی کۆنەپارێز لە وڵاتی دراوسێی (عێراق)، بە هۆی کودتایەکی خوێناویی لە تەمووزی ١٩٥٨ تووشی داڕمان بوو. ئەمە وایکرد شا بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە. ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتنخواز لەم میانە بە شێوەیەکی بەرچاو دەستی بە چالاکی کرد بوو و چەندین پیلان بۆ ئەنجامدانی کودتا لە فاو درا[٢٠]. قەتیسمانی ئێران لە ساڵی ١٩٦١، پەرەی بە ئاڵۆزی و نائارامییەکانی ناوخۆی وڵات دابوو. هەروەها لەم ساڵەدا بوو کە دەوڵەتی کێنێدی لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵاتی وەرگرت. بەپێی روانگەکانی ئازادیخوازی و چالاکیخوازی دەوڵەتی نوێ، گوشار خستنەسەر ئێران بۆ ئەنجامدانی چاکسازی گەیشتە ترۆپکی خۆی.



شا لە بەرامبەر ئەم گوشارە جۆراوجۆرانەدا دەستیکرد بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی هەمەلایەنی چاکسازی. لە مانگی ئایاری ١٩٦١ لە ژێر گوشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزەکانی ناوخۆیی، عەلی ئەمینی وەکو ریفۆرمخوازێك لە لایەن شاوە بە سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردرا. سەرۆك وەزیرانی نوێی بە خێرایی دژی گەندەڵیی بەربەرەکانی کرد و بە مەبەستی گەشەسەندن پلانێکی نوێی پێشکەش بە دەوڵەت کرد کە خوازیاری تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوازاری کۆمەڵایەتی بوو.

لە تەمووزی ١٩٦١ پرۆژەی مەزنی چاکسازی زەوی و زار دەستی پێکرد. چەند ساڵ دواتر چەندین پلان بۆ خۆماڵیی کردنی دارستان و سەرچاوە ئاوییەکان راگەیەنراو یاسایەك پەسندکرا کە رێگای بەیشکداریکردن لە پیشەسازی تایبەتی دەدا. بە مەبەستی پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی گشتی چەندین پرۆژە خرایەروو. شا لە ترسی ئەوەی کە جڵەوی پرۆژە چاکسازییەکان لە دەستی نەیەنە دەرەوە لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٢ عەلی ئەمینیی لەسەر کار لابرد. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٣ زنجیرەیەك چاکسازی نوێی راگەیاند و لە ریفراندومێکی سەرانسەریدا خوازیار بوو خەڵك پشتیوانی لەم چاکسازییانە بکات کە لە ئەنجامدا لە ئاستێکی بەرزدا ئەم پشتیوانییەی دەستەبەرکرد.

گرنگترین خاڵ لەم چاکسازییانە بریتی بوو لە پرۆژەی مەزنی چاکسازی زەویی و زار کە بەرژەوەندییەکانی نیوەی دانیشتوانی گوندەکانی ئێرانی دابین دەکرد. ئەم پرۆژە چاکسازییە نوێیە کە لە ژێر ناوی «شۆڕشی سپی» ناوبانگی دەرکرد، لە راستیدا هەوڵێك بوو لە لایەن شاوە بە ئامانجی دەستەبەر کردنی شەرعییەتی جەماوەر[٢١].

مەبەست لە ئەنجامدانی شۆڕشی سپی، ئەو ترسەبوو کە شا لەمەڕ پەرەسەندنی نائارامی و پشێویی و هاتنە دەرەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی هەیبوو. بۆیە لەم شۆڕشەدا کۆمەڵێك کردەوە بە مەبەستی سەرکوتکردن و لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی بەرەی نەتەوەیی، ئەنجام درا. تاکو نیوەی ساڵی **١٩٦٣** تاڕادەیەك ئەم مەبەستەی پێکابوو. ئەو خۆپیشاندانەی کە لە حوزەیرانی **١٩٦٣** روویدا، نەك لە لایەن بەرەی نەتەوەییەوە، بەڵکو و لە لایەن ژمارەیەك کەسایەتی ئایینییەوە ڕێبەرایەتی دەکردرا.

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکە گەورە بوو و ژمارەیەکی زۆریش لە خۆپیشاندەران کوژران، بەڵام شا تەنها لە ڕێگای گرتن و دوورخستنەوەی سەرکردەکانی ئەم خۆپێشاندانە بە تایبەتی خومەینی، توانی پێش بەپەرەسەندنی نائارامییەکان بگرێت. بەم هۆیەوە کە شایە بە دوورخستنەوەی ڕێبەرانی ئوپۆزسیۆن، ئەم هەرەشانەی لەناوبردبوو، ئیتر درێژەپێدانی چاکسازییەکانی بەشتێکی پێویست دانەدەنا. ئەم هەوڵانەی کە لە سەرەتایی دەیەی ١٩٦٠ دەستی پێکردبوو بە زووی کۆتایی پێهات.

گەشەسەندنی بەردەوامی ئابووری، بەهۆی ئەم داهاتە زۆرەی کە لە نەوت بە دەست دەهات، تاکو سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠، ئێرانی کردە یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانی سێهەم. ئەو وڵاتانە بە دامەزراندنی پیشەسازی پۆڵا و ئوتۆمبیل بە خێرایی بەرەو پیشەسازیبوون هەنگاوی دەنا. ویژگەی ناووکی لە دامەزراندن دابوو هەروەها ئێران سوپایەکی گەورە و بە هێزی هەبوو ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی ئێرانی لە زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمریکا خەریکی خوێندن بوون. شا بۆ زۆربەی شارەکانی جیهان سەفەری دەکرد. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧١ لە شوێنەراوەکانی تەختی جمشید کە شارێکی زۆر کۆنە دوو هەزار و پێنج سەدەمین ساڵوەرگەڕی پاشایەتی کۆرشی مەزن، دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئێرانی جەژن گرت ئەم ڕێوڕەسمە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تێچوو.



تەواوی ئەم سەروەت و سامانە نوێیەی ئێران، ئاڵۆگۆڕێکی ئەوتۆی لە ژیانی زۆربەی ئێرانییەکان نەهێنایەکایەوە. سەرەڕای ئەوەی کە چاکسازییەکانی زەوی و زار لە بەرژەوەندی نیوەی جووتیارانی ئێران دابوو، بەڵام ئەو کەسانەی کە هیچ سوودێکیان پێ نەگەیشت هیچ مافێکیان بەسەر زەوی و زارە فیودالییەکانی رابردوو نەماو ناچار بوون بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان وەکو کرێکاری جووتیاری بکەن یا بەرەو شارەکان کۆچ بکەن، ئەگەرچی لە شارەکان، وەکو پێویست، کار نەدەدۆزرایەوە. بۆیە لە تاران و شارە گەورەکانی تر گەڕەکی زۆر گەورەی هەژارنیشن هاتنەکایەوە. لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ نایەکسانی لە داهات و مووچە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ سێ لەسەر چواری دانیشتووانی وڵات خوێندەوارییان نەبوو. زۆربەی خەڵکی ئێران لە پێداویستییە تەندروستی و دەرمانییەکان بێ بەش کرابوون[٢٢]. جگە لەمە گەشەسەندنی بازاڕی نەوت. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ و ئەم هەڵە گەورانەی کە لە بواری پلاندانان و بەڕێوەبەری ئەنجامدران، چەندین تەنگژەی ئابووری هێنایەکایەوە. لە ناوەندەکانی دەیەی ١٩٧٠، هەڵاوسان گەیشتە بەرزترین ڕادەی خۆی لە بواری مێژووییەوە، بۆیە ئێران ناچاربوو چەند هەڵوێستێکی توند نیشان بدات و لە بانکەکانی دەرەوە پارە بە قەرز وەربگرێت، ئەمەش لە ئاستی کێشەکانی چینی هەژاری هەڵکشاند[٢٣].

ئەگەرچی شا لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠، خوازیار بوو بە ئەنجامدانی چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان شەرعییەت و دەستەبەر بکات، بەڵام دوای سەرنەکەوتنی ناوبراو لە چارەسەرکردنی کێشەکان، دەستەبەرکردنی ئەم ویستە شتێکی ئاستەم بوو. سیاسەتەکانی شا خەڵکی تووشی تووڕەییەکی لە ڕادەبەدەر کرد و لە ئاستی شەرعییەتەکەی دابەزاند. گەندەڵی وەکو نەخۆشییەك بە تایبەتی لەناو ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی بڵاوبوویەوە.

نووسەرێك لە كاتی ئاماژەكردن بە كێشەی گەندەڵی، وتی: ئێران وەكو گۆشتی ران وایە كە فرێ درابێتە بەردەم ژمارەیەكی زۆر لە مشكی برسی[٢٤]. ئەم بودجە زۆرەی كە بۆ لایەنی سەربازی تەرخانی دەكرد لە لایەن خەڵكەوە بەشتێكی ناپێویست و لە رادەبەدەر لە قەڵەم دەدرا. پێوەری دۆستانەی شا لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و كاریگەری بەرچاوی فەرهەنگی رۆژئاوا بەسەر ئێرانەوە، بە دەستدرێژی دژی سەربەخۆیی و فەرهەنگ و كولتوری دەوڵەمەندی ئێران دادەنرا. ئەو سیاسەتە چاكسازییانەی كە شا ئەنجامیدا، وەكو پێدانی مافی دەنگدان بە ژیان و لابردنی رۆژژمێری ئیسلامی، لە لایەن زۆرینەی كۆمەڵگای مەزهەبی ئێرانەوە بە لادان لە ئایین لە قەڵەم دەدرا. لەوانەیە گەورەترین كێشەی شا، ئەو سیاسەتە گشتییانە بوو بێت كە بە هۆیانەوە هیچ شەرعییەتێكی دەستەبەر نەدەكرد.

## شەرعییەتی رژێم و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێرانی سەردەمی پەهلەویدا

پێشتر ئەوەمان راڤەكرد كە ئەو ئیددیعایەی كە شا لە هەمبەر شەرعییەتی هەیبوو زۆر لاواز بوو. لەوانەیە پێوەندی بەمەوە هەبێت كە شا چەندین هەنگاوی مەزنی هەڵگرت بۆ ئەوەی بەستێنی پێویست بۆ وەگرتنی ئەم شەرعییەتە برەخسێنێت. باسمان لەم هەوڵانە نەكرد كە ناوبراو وەكو كەسێكی ناسیۆلیست و رێفورمخواز ئەنجامیدا. هەروەها هەوڵیدا لە رێگای ئەنجامدانی كۆمەڵێك كردەوەی وەك رێورەسمەكەی ساڵی ١٩٧١ لە تەختی جمشید، ئەم رژێمە لە نەریتی دەسەڵاتدارانی گەورەی ئێرانی وەك: داریوش و كۆروش، گرێ بدات. ئەو تەنانەت دەیەویست لە رێگای ئایینەوە شەرعییەت بەدەست بێنێت، بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە لە لایەن خواوەندەوە ئەم دەسەڵاتەی وەرگرتووە و لەسەردەمی منداڵیدا خەونی مەزهەبی بینیوە[٢٥]. سەرەڕای تەواوی ئەم هەوڵانە هیچ كاتێك رژێمی شا بە شێوەیەكی هەمەلایەنە شەرعییەتی وەرنەگرت. بۆیە دەسەڵاتداریەتی شا پڕ بوو لە سەركوتكردن و زەبروزەنگ.



ئەو ئامرازە سەرەكییانەی كە شا بە مەبەستی سەركوتكردن كەڵكی لێوەردەگرتن، سوپا و پۆلیسی نهێنی واتا «ساواك» بوون. لەوكردەوانەی كە شا بۆ ئارامكردنەوەی عەشیرەتەكان و نائارامییەكانی شار و بەرچاوترینیان، خۆپێشاندانی **١٩٦٣** ئەنجامیدا، لە هەموو تواناكانی سوپا كەڵكی وەرگرت، تەنانەت لەو سەردەمەی كە سوپا لە چوارچێوەی بنكە سەربازییەكانی خۆی دابوو، تارادەیەكی بەرچاو، لە پێكهێنانی ترس و تۆقاندن لە دژی خەڵكی ئێران، یارمەتی ئەم رژێمەی دەكرد. ساواك لە دڵرەقی و تواناییدا ناوبانگی دەركرد بوو[٢٦]. لە چەند تاكنیكی جۆراوجۆری ئەشكەنجەدان كەڵكی وەردەگرت. هەروەها پیلانی زۆر ورد و كاریگەری دادەڕشت بۆ ئەوەی ناكۆكی و دووبەرەكی بخاتە ناو ئۆپۆزسیۆنەوە و پەرە بە وەفاداری بۆ شا بدات.

ساواك جگە لەوەی كە تواناییەكی باشی بە شا بەخشی بۆ ئەوەی چاودێری ئوپۆزسیۆن بكات، بەڵكو كاریگەری زۆری لە هێنانە ئارای ترس و تۆقاندن لە نێو زۆرینەی خەڵكی ئێران هەبوو. جێگای ئاماژەیە رادەی سەركوت و زەبروزەنگی حكوومەتی ژێر دەسەڵاتی شا ئەوەندە زۆر بوو كە رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەوتی لە ساڵی **١٩٧٥** رایگەیاند: « ئەزموونی هیچ وڵاتێك لە بواری مافی مرۆڤەوە لە ئەزموونی ئێران خراپتر نییە»[٢٧].

هەروەها شا هەوڵی دەدا لە رێگای راكێشانی خەڵكەوە دەسەڵاتەكەی بپارێزێت. چاكسازییە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی سەرەتاكانی ١٩٦٠ زۆرتر بە مەبەستی راكێشانی پشتیوانی بوو لەناو ئەم توێژانەی كە خاوەنی هیچ جۆرە مافێك نەبوون، وەكو جووتیاران. لەبەر ئەوەی كە شا رۆڵێكی گرنگیی لە ئابووری وڵاتدا دەگێڕا ژمارەیەكی بەرچاو لە كرێكاران و پسپۆران، لە لایەن شاوە بە شێوەیەكی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، دامەزرێندران. بۆیە ئەوانە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان، بە شا وابەستەبوون. رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات بە

مەبەستی خوێندن یا گەڕان لە ژێر چاودێری دەوڵەت دابوو، دەبوایە دەوڵەت پەسەندی کردبا. دامەزراوەگەلێکی وەك حزبە سیاسییەکان سەندیکایەکان کە بە فەرمی ناسێندرابوون، وەکو ئامرازێك لەمەڕ ڕاکێشانی هاوکاری زیاتر بۆ دەوڵەت، کەڵکیان لێ وەردەگیرا. لەوانەیە یەکێك لە مەزنترین ئەو ئامرازانە گەندەڵیی بووبێت کە پێوەندییەکی پتەو و بەهێزی لەهەمبەر وەفاداری پشت بەستوو بە بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان، دامەزرابوو.

ئێران لە هێورکردنەوەی نائارامییە گشتییەکانی خەڵك و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، لە هیچ یەك شێوازەکانی سەرکوتکردن یا ڕاکێشانی جەماوەر سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا. بەم هۆیەوە کە ڕژێمی شا بە شێوەیەکی گشتی بە نایاسایی لەقەڵەم دەدرا، لەماوەی حکوومەتی ئەودا چەندین خۆپێشاندانی ئاشکرا و زۆرجار گەورە بە بەردەوامی ڕووی دەدا. لە کۆتاییەکانی دەیەی١٩٤٠و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠، خۆپێشاندانەکانی خەڵك بووە هاتنەکایەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەڕێبەرایەتی بەرەی نەتەوەیی، کە توانی پیشەسازی نەوت بکاتە خۆماڵیی و بەشێکی زۆر لەو دەسەڵاتە فراوانەی کە شا هەیبوو، لێی بستێنیتەوە. هاوکات، گرووپێکی بچووك و نهێنی ئیسلامی بەناوی فیدائیانی ئیسلام دەستیکرد بە چالاکی تیرۆریستی بەو مەبەستەی خەڵکی موسڵمان لە دژی بەرپرس و دەسەڵاتدارە بێ باوەڕەکان بورووژێنێت. چەندین کەسایەتی سیاسی ناوداری تیرۆرکرد و تەنانەت لە شوباتی ساڵی١٩٤٩ هەوڵیدا شا تیرۆر بکات. لە سەرەتاکانی دەیەی١٩٦٠، دووبارە خۆپێشاندانێکی گەورەی جەماوەریی بەشێوەی ڕێکخراو بەڕێبەرایەتی بەرەی نەتەوەیی ئیمام خومەینی ڕوویدا. لەسەرەتاکانی١٩٦٥، سەرۆك وەزیران حەسەن مەنسور بە دەستی ئیسلامییە توندڕەوەکان کوژرا. لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠و سەرەتاکانی دەیەی١٩٧٠، چەندین گرووپی پارتیزانی چەپخواز و ئیسلامی چەپخواز سەریان هەڵدا. ئەم گرووپانە بەردەوام



لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش بەرەوڕووبوونەوە و چەندین کردەی تیرۆرییان ئەنجامدا، بۆ نموونە کوشتنی چەندین ئەفسەری سەربازی و بازرگانی ئەمریکی[٢٨].

ڕوودانی ئەم جۆرە پشێوایییانە، بەشێك لە بەها نەتەوەییەکانی ئێرانی دەخستە ژێر مەترسییەوە و بۆیە کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبوو. خەماڵیکردنی پیشەسازی نەوت لە ساڵی١٩٥١ کە لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا دابوو، بووە هۆی ئەوەی کە ((کۆمپانیای نەوتی ئێران و بریتانیا))و دەوڵەتی بریتانیا بیر لەوە بکەنەوە هەناردەی نەوتی ئێران قەدەغە بکەن، ئەمەش ئابووری ئێرانی تووشی تەنگژەیەکی گەورە کرد. ئەو نائارامییانەی کە لە سەرەتاکانی دەیەی١٩٥٠ ڕوویدا، بووە هۆی بەهێزترکردنی حزبی توودە، کە لایەنگریی یەکێتیی سۆڤیەت بوو هەروەها پەرەی بە دەسەڵاتی سۆڤیە لە ئێران دا و لەوانە بوو سەربەخۆیی ئێران بخاتە ژێر مەترسییەوە. ئاڵۆزییەکانی ئەم قۆناغە و سەرەتاکانی دەیەی١٩٦٠، ئێرانی تووشی پشێوییەکی گەورەکرد و بووە هۆی لە دەستدانی گیان و شێواندنی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران. چالاکییە پارتیزانەکانی کۆتاییەکانی دەیەی١٩٦٠و دەیەی.١٩٧٠، پەرەی بەو سەرکوتکردنە دا کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرا، هەروەها کەش و هەوایەکی ترسێنەرتری بۆ زۆربەی ئێرانییەکان هێنایەکایەوە.

سەیرترین ئەنجامی ئەو نائارامییانەی کە لە حکوومەتی شادا ڕووی دەدا، شۆڕشیك بوو کە لە سەرەتاکانی ١٩٧٩ هەڵگیرسا. تاکو ئێستا چەندین شرۆڤەی جۆراوجۆر سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم شۆڕشە ئەنجام دراوە. شا بە توورەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بریتانیای بۆ هێنانە ئارای نائارامییەکان تاونبارکرد کە بە لە دەستدانی دەسەڵاتی ئەو کۆتایی پێهات[٢٩]. لایەنگرانی شا، خراپەکاری کۆمۆنیستەکان و خێرایی لە

ڕادەبەردەری پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی ئێران لەسەردەمی ڕژێمی شا، بە هۆکاری سەرەکی ئەم شۆڕشە دادەنێن[٣٠]. ئەم ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن چاودێرە بێلایەنەکانەوە ئەنجام دراوە پێوەندی دەدەنەوە بە باردۆخی ژێرخانی ئابووری وەکو، کێشەی هەژاری و نایەکسانی[٣١]، پێکهاتەی چینایەتی و گۆڕانکاری سیاسی ئێران لەسەردەمی دەسەڵاتی شادا[٣٢] و توانایی لە ڕادەبەدەری دەزگانی ئایینی شیعە لە ئامادەکردنی خەڵکی ئێران[٣٣]. هەریەك لەم فاکتەرانەی کە سەبارەت بە سەرچاوەکانی شۆڕشی ئێران باسکران گرنگییەکی حاشا هەڵنەگریان هەیە. بەڵام ئەوەی کە پێوەندییەکی جیانەکراوەی لەگەڵ هەریەك لە فاکتەرەکانی سەرەوە هەیە بریتییە لە: ناکامی ڕژێمی شا لە دەستەبەرکردنی شەرعییەتی خەڵك و لە ئەنجامدا ڕێگەگرتن لە پیشتیوانیکردنی خەڵك لە سەرکردایەتی شۆڕش.

سەرەڕای نەبوونی ئایدیۆلوژییەکی تۆکمە و ڕوون و نەبوونی قەیرانێکی سیاسی خێرا، لە ڕاستیدا ئەوە ناشەرعییەتی ڕژێمی شا بوو کە ئۆپۆزسیۆنی یەکخست و خەڵکی ئێران بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕش ئامادە کرد. ئوپۆزسیۆنی سیکولار لە مێژبوو شای بە نایاسایی لە قەڵەم دابوو لەبەر ئەوەی کە ناوبراو بەهۆی ئەمریکاوە بە دەسەڵات گەیشتبوو و سیاسەتە ناوخۆییەکانی بەدەربوون لە دادپەروەری و دیموکراسی. لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ بۆچوونگەلێکی هاوبەش لە چوارچێوەی ئیسلامی شیعە لەلایەن چەند زانایەکی ئایینی وەك ئایەتوڵڵا خومەینی و سەید مەحمود تاڵەقانی، هەروەها چەند نووسەرێکی ناڕۆحانی وەك عەلی شەریعەتی و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، بڵاوبوویەوە[٣٤]. ئەم کەسایەتییانە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان هەبوو لەسەر گرووپە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠، بۆ نموونە بزاڤی ئازادی مەهدی بازرگان و موجاهدینی خەڵقی ئێران. ئەم گرووپانە، لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو مەلایانەی کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری



خومەینییەوە، هەوێنی سەرەکی سەرکردایەتی شۆڕشیان پێکهێنا. زۆربەی ئەو دروشمانەی کە لەلایەن ئەم گرووپانەوە بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵکی ئێران دەدران لە ئاراستەی نایاساییبوونی ڕژێمی شادا بوون. لە ڕاستیدا ئەوە تەنها خاڵی هاوبەش بوو کە ئەم گرووپە جۆراوجۆرانەی لە یەکتری گرێ دەدا. ئەنجامەکانی شۆڕش بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران چەند لایەنیکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و لێرەدا تەنها دەتوانرێت بە کورتی ئاماژەیان پێبدرێت. کە گرنگترینیان بریتین لە: دارمانی خێرای هێزە چەکدارەکان، پچڕانی پێوەندی دۆستانەی ئێران لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواتر تەنگژەی ئابووری. ئەم هۆکارانە توانایی سەربازی ئێرانیان لەناو برد و خستیانە ژێر هەڕەشەی سۆڤیەت و دواتر دەستدرێژی عێراق.

ڕووخانی ڕژێمی شا بووە هۆی ململانێی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی شۆڕش لەسەر دەسەڵات، ئەمەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد و لە ئەنجامدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناوی لە نێوان دەزگای ئایینی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و بەرهەڵستکارانی ڕوویدا کە بە دەیان هەزار کوژراوی لێکەوتەوە.![؟]

جگە لە زەرەرو زیانی گیانی و ماددی، شۆڕش بووە هۆی ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا، بۆ دەرەوەی وڵات و ئێران لەگەڵ نەبوونی هێزی کاری پسپۆڕ بەرەورووکرد ئەمەش گەشەسەندنی وڵات بۆ چەندین دەیە بەدواخست. لە ئەنجامدا، شۆڕش ڕژێمێکی بە دەسەڵات گەیاند کە ڕوانگەیەکی توندڕۆیانەی سەبارەت بە بابەتەکانی وەك فەرهەنگی نا مەزهەبی و مافەکانی ژنان هەبوو و بایەخێکی ئەوتۆی بە گەشەسەندنی ئابووری، ئازادی سیاسی و پێگەی ئێران لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی نەدەدا. جگە لە دەستدرێژی و داگیرکاری لەلایەن هێزەکانی دەرەوەدا، زەحمەتە بتوانرێت سیناریۆیەکی تر بدۆزرێتەوە کە لەمە زیاتر زیان بە بەهان نەتەوەییەکانی ئێران گەیاند بێت.![؟]

## ئەنجامەکان

لەم بەشەدا ئەوەمان راڤەکرد کە شەرعییەتی رژێم، مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی ئاسایشی نەتەوەییە لە زۆربەی وڵاتانی هاوچەرخی جیهانی سێهەم. ئەم لێکدانەوەمان لە پێوەندی لەگەڵ رژێمی محەمەد رەزاشا خستەڕوو. رژێمی شا بە شێوەیەکی گشتی لە ئێران بە ناڕەوا لە قەڵەم دەدرا، لەبەر ئەوەی کە ئەم بانگەشەیەی ناوبراو بۆ دەسەڵات دەیکرد لەلایەن خەڵکەوە پەسەند نەکرا. ئەم رژێمە ئامرازی دەستی هێزێکی دەرەکی بوو سیاسەتەکانی لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵك دانەبوو. سەرنەکەوتنی شا لە راکێشانی شەرعییەتی هەمەلایەنەو جەماوەریی، بووە هۆی هەڵگیرسانی چەندین خۆپێشاندان و نائارامی کە لە ئەنجامدا شۆڕشی ساڵی **١٩٧٩**ی لێکەوتەوە. ئەو نائارامییانە، بەشێك لە بەها نەتەوەییەکانی ئێرانی خستە ژێر مەترسییەوە و هەڕەشەیەکی زۆری بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروستکرد.

شا هەموو کاتێك لەو نائارامییانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا لە ئێران رووی دەدا بە باشی ئاگاداربوو بەشێك لەم کردەوانەی کە ئەنجامی دەدا، لە تێگەیشتنی ناوبراو لە کەمبوونی شەرعییەتی هەمەلایەنەی رژێمەکەی سەرچاوەی دەگرت. هەروەك پێشتر باسکرا، شا بەمەبەستی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و بردنەسەری ئاستی شەرعییەتی رژێم، هەوڵێکی زۆری وەگەڕخست، بۆ نموونە دامەزراندنی دەزگایەکی بەهێزی ئاسایش، پاراستنی پێوەندی پتەوی ئاسایش لەگەڵ ئەمریکا، بە تایبەتی لە دەیەی١٩٥٠و سەرەتاکانی دەیەی دابەزێنیت و پەرە بە ئاڵۆزییەکان بدات. ئەگەر کەمبوونی شەرعییەتی رژێمێك، هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ژمارەیەك لە وڵاتانی هاوچەرخی جیهانی سێهەم دروست بکات، لە پێناو پتەوکردنی ئاسایشی ئەم وڵاتانە دەبێت چ کردەوەیەك ئەنجام بدرێت؟ ئەنجامی سەلمێنراوی



ئەم لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەی کە ئەنجامدرا ئەوەیە کە ئەمجۆرە دەوڵەتانە پێویستە سیاسەتگەلێکی وا رەچاو بکەن کە پەرە بە شەرعییەتیان بدات و پشێوییە ناوخۆییەکانیان کەم بکاتەوە. هەوڵدان بۆ پتەوکردنی مافەکانی خەڵك لە رێگای هەڵبژاردن یا لە رێگای هانابردن بۆ بەها جەماوەرییەکانی وەك نەریتی شۆڕش، دەتوانرێت بەشێك لەم سیاسەتانە بێت. ئەو رژێمانەی پێگەیەکی لاوازی ناسیونالیستیاك هەیە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە سیاسەتانەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا، رژێم لە هێزەکانی بێگانە دادەبڕێت، دەتوانێت شەرعییەتی رژێم پتەوتر بکات. ئەو رژێمانەی کە بە خزمەتکاری ١٩٦٠، جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی گەورەی گەشەپێدان و لەبەرچاو نەگرتنی ئەو گەندەڵییە زۆرەی کە لە ئارادابوو بۆ رێگەگرتن لە نائارامییەکان و تەنانەت هەوڵیدا لە رێگای گرێدانی ئەم رژێمە بە دابونەریتی کۆنی ئێران و ئیسلام، شەرعییەت دەستەبەر بکات. ئەم هەوڵانە نەیان توانی نائارامییەکان هێور بکەنەوە و کۆنترۆڵیان بکات. بەشێك لەم هەوڵانە جگە لەوەی کە شەرعییەتی رژێمیان دابەزاند بەڵکو ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی لەگەڵ هەڕەشە و مەترسی بەرەوڕووکرد. گرنگترین رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە شا بریتی بوون لە: دابینکردنی پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ لایەنی سەربازی، چوونەسەری رادەی سەرکوت و زەبروزەنگ، گەندەڵیی هەمەلایەنەو پێوەندی زۆر نزیکی شا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەم شێوەیە شا کەوتە ناوشتێکەوە کە ((رابێرت رۆتساتین)) بە ((داوی ئاسایش)) ناوی دەبات.

هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی نائارامییەکانی خەڵك لە رێگای سەرکوتکردن و راکێشان، لەوانەیە ئاستی شەرعییەتی رژێم جەماوەر لەقەڵەم نادرێن، دەتوانن بەجێبەجێکردنی سیاسەت گەلێکی روون و ئاشکرا خۆیان بەم شێوەیە دەربخەن. وەکو ئەنجامدانی چەندین پرۆژە لە ئاراستەی نەهێشتنی بێکاری و باشترکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

به داخه‌وه به‌هۆی واقیعه سیاسییه‌کان و ئه‌و سه‌رچاوه سنووردارانه‌ی که له‌به‌ر ده‌ستی زۆربه‌ی ده‌وڵه‌تانی جیهانی سێهه‌م دایه، ره‌چاوکردنی ئه‌مجۆره پێشنیارانه ده‌کاته شتێکی ئاسته‌نگ و نامومکین.

ئه‌گه‌ر بابه‌تی ئێران وه‌کو نموونه‌یه‌ك وه‌ربگرین، ئاڵۆزی ناوخۆیی و ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی له‌رزۆك، ئه‌نجامێکی چاوه‌ڕوانکراون بۆ ئه‌م جۆره ده‌وڵه‌تانه.

## پەراوێزەکان

١- This definition is adopted from Frank N.Trager and Frank,simonie, An Introduction is the Study of National security ' in Frank N.Trager and philip S .kronenberg (eds), National security American Society: theory ,and Policy(Lawrence, ks :University Press of Kansas,١٩٧٣),p.٣٦.

٢- Edward E.Azar and Chung-in Moon ,'Reassessing the Third Wordl National security :Integration ,and Policy Capacity ',(similar paper presented at CIDCM ,July ١٩٨٦ ).

٣- See ,for example ,robert S. McNamara ,the Essence of security (New York: Harper * Row ,١٩٦٨) ;and Abdul Monem M. AlMashat, National Security in the third world ( Boulder ,CO; Westview , ١٩٨٥).

٤- For an excellent analysis of the 'hardware' side of Iran's national security policy under the Shah, see Alvin J. Cottrell and James E . Dougherty, Iran's quest for security: US Arms transfers and the Nuclear Option (Cambridge MA: Institute for foreign Policy Analysis, ١٩٧٧).

٥- Azar and Moon, op.cit

٦- This discussion is based in part on Dolf Strenberger, 'Legitimacy; in David L., Sills (ed),International Encyclopedia of the Social Seiences, vol.٩ (New York : Macmillan, ١٩٦٨), pp. ٢٤٤-٨.

٧- On the constitutional Revolution and the monarchical regimes that preceded it see Ervand Abrahamian , Iran Between Two Revolution (Princeton, NJ: Princeton UP, ١٩٨٢),Chs ١-٢; Hamid Algar,Religion and State in Iran ,١٧٨٥-١٩٠٦(Berkeley; University of California Press,١٩٦٩);



Peter Avery , Modern Iran (London: Benn,١٩٦٥),chs ٨-; and Nikki Keddie Religion and Rebellion in Iran: The Tobacco Protest of ١٨٩١-٢ (London: Frank Cass,١٩٦٦).

٨- On Reza Shah's accession to power see Avery, Modern Iran, ch. ١٤; and Donald N. Wilber, Riza Shah Pahlavi: The Resurrection and Reconstructiona of Iran (Hicksville, NY: Exposition Press, ١٩٧٥),ch.٣.

٩- On Reza Shah's regime, see the references in note ٩; also see Abrahamian, Iran Between Two Revolutions, ch. ٣; and L.P. Elwellsutton, 'Reza Shah the Great: Founder of the Pahlavi Dynasty' in George Lenczowski (ed), Iran Under the pahlavis (Stanford, CA:

Hoover Institution Press, ١٩٧٨), pp.١-٥٠

١٠- On the ١٩٤١-٥٣ period see especially Abrahamian, Iran Between Two Revolutions, chs ٤-٥; Avery, Modern Iran, ١٧-٢٦; HOMA Katouzian, the political Economy of Modern Iran (New York; New

York University Press, ١٩٨١),chs ٨-٩; Richard W. Cottam, Nationalism in Iran, Updated Through ١٩٧٨

(Pittsburgh: University of Pittsburgh Press, ١٩٧٩); and L.P. Elwell-sutton, Persian Oil (London; Lawrence and Wishart,١٩٥٥).

١١- For and account of this coup by the CIA officer who led it, see Kermit Rossevelt, Counter coup (New York: McGraw-Hill, ١٩٧٩). A more complete account is given in Mark J. Gasiorowski, The ١٩٥٣ Coup d'Etat in Iran' International Journal of Middle East studies (forthcoming).

١٢- See Wilber , Riza Shah Pahlavi, Chs ٩-١١; rouhollah K. Ramzani , the Foreign Policy of Iran ; A Developing Nation in world affairs,١٥٠٠-١٩٤١ Charlottesville: University of Virginia Press, ١٩٦٦ ). Chs ٨-١٢; George Lenzcowski, Russia and the West in Iran , ١٩١٨-٤٨I(Ithaca, NY ;Cornell University Press, ١٩٤١), ch. ١٢ ; and Amin Banani , The Modernization of Iran,١٩٢١-٤١ (Stanford CA :Stanford University Press, ١٩٦١).

١٣- Mark J. Gasiorowski, 'US Foreign Policy and the Client State: Implications for Domestic Politics and Long-Term US Interests in Iran'(unpublished PhD dissertation, University of North Carolina, Chapel Hill, ١٩٨٤), ch. ٦. See also Barry Rubin, Paved With Good Intentions (New York: Oxford University Press, ١٩٨٠); John D. Stempel, Inside the Iranian Revolution (Bloomington; Indiana University Press, ١٩٨١),ch. ٤;and Michael T. Klare,' Arms and Shah' in David H. Albert(ed), tell the American people(Philadelphia: Movement for a New Society,١٩٨٠),pp. ٤٤-٥٧.

١٤- United Nations Yearbook of International Tradk statistics(New York: United Nations, ١٩٥٤ and ١٩٧٨); US Senate, Committee on Foreign relations, US Military sales to Iran, Staff Report (Washington :US Government Printing Office,١٩٧٣),p.٣٣

١٥- Cottam, Nationalism in Iran, ch. ١٦Mohammed Reza Pahlavi, Mission for my Country (New York: McGraw-Hill ١٩٦١),ch.٦

١٦- On the National Front and related organizations after ١٩٥٣, see Cottam, Nationalism in Iran, chs. ١٧-٨; Abrahamian, Iran Between Two Revolutions, pp. ٤٥٧-٧٣





١٧- Banani, The Modernization of Iran , pp. ٥٢-٦١ and ch ٧;Roger M. Savory , Social Development in Iran During the Pahlavi Era'

١٨- in Lenczowski , Iran Under the Pahlavis, pp. ٩٠-٩; Ahmad Ashraf , Iran :Imperialism ,Class, and Modernization from Above '(unpublished PhD dissertation , New School for Social Research ,New York ,١٩٧١),ch. ٥-٦

١٩- Ibid, pp. ١٥٣-٩

٢٠- An elaborate Tudeh network in the Iranian army was broken up in September ١٩٥٤, severely damaging the party ,see Farhad Kazemi , 'The military and Politics in Iran : The Uneasy Symbiosis' in Elie Kedourie and Sylvia G. Haim (eds), Towards a Modern Iran (London: Frank Cass ,١٩٨٠),pp. ٢١٧-٤٠.

٢١- New York Times, ٢٩ December ١٩٥٧, p. ٦, col. ١ March ١٩٥٨, p. ٤ col. ٥ and ٥ May ١٩٦٠, p. ٦, col. ٥.

٢٢- Julian Bharier, Economic Development in Iran ١٩٩٠-٧٠ London : Oxford University Press ١٩٧١٠), pp. ٩٥-٩ Amin Saikal , The Rise and Fall of the Shah (Preinceton ,NJ: Princeton University Press ١٩٨٠ ),ch ٣

٢٣- Eric J. Hooglund, Land and Revolution in Iran, ١٩٦٠-٨٠ (Austin: University of Texas Press ١٩٨٢), chs ٤٦; Ervand Abrahamian , 'Structural Causes of the Iranian Revolution ', MERIP Reports, vol. ٨٦ March – April ١٩٨٠, pp. ٣-١٥; J. Amuzegar and A. Fekrat , Iran : Economic Development Under Dualistic Conditions (Chicago: University of Chicago Press, ١٩٧١), p. ١٢٣. see also Abol-Hassan Bani Sadr , 'Development de la Consommation du Futur et

Misere' in Paul Vieille and Abol-Hassan Bani Sadr , Petrole et Violence (Paris :Anthropos, ١٩٧٤), pp. ٦٩-١٣٥; and Farhad Kazemi , Poverty and Revolution in Iran (New York : New York University Press ١٩٨٠m)

٢٤- See Robert Graham, Iran: The Illusion of Power (New York: St Martin's, ١٩٨٠), chs ٦-٧; and Fred Halliday, Iran: Dictatorship and Development (Harmondsworth: Penguin, ١٩٧٩), chs ٥-٦

٢٥- Fereydoun Hoveyda, The Fall of the Shah (New York: Wyndham Books, ١٩٧٩), p. ١٣٦

٢٦- Pahlavi, Mission for my country, pp. ٥٤-٥, ٣٢٦

٢٧- A gripping study of Third World secret police forces uses SAVAK as its primary example: see Thomas Plate and Andrea Darvi, Secret Police (New York: Doubleday, ١٩٨١). The best source on the structure and operation of SAVAK is National Front of Iran 'A Portion of the Secrets of the security Organization' (unpublished manuscript in the author's possession , May ١٩٧١)See also Reza Baraheni, The crowned Cannibals New York :Vintage Books ١٩٧٧);The Iran Committee, Torture and Resistance in Iran (nd);Committee Against Repression in Iran, Iran: The Shah's Empire of Repression (London: CARI,١٩٧٦), ch ٧; and Ali-Reza Nobari (ed), Iran Erupts (Stanford, CA: Iran-America Documentation Group, ١٩٧٨), ch ١٠

٢٨- Amnesty International, Annual Report, ١٩٧٤-٥ (London; ١٩٧٥), p. ٨

٢٩- On the Fedayan -i- Islam, see Shahrough Akhavi, Religion and Politics in Contemporary Iran: Clergy –State Relations in the Pahlavi Period (Albany: State University of New York Press, ١٩٨٠), pp. ٦٦-٩ and elsewhere. On the guerrilla groups of the ١٩٧٠s, see Suroosh Irfani, Iran's Islamic Revolution: Popular Liberation or Relious Dictatorship (London: Zed Press ١٩٨٣)

٣٠- Mohammad Reza Pahlavi, Answer to History (New York: Stein and Day, ١٩٨٠), pp. ١٤, ٢٣

٣١- Ashraf Pahlavi Faces in a Mirror (Englewood Cliffs, NJ: Prentice –Hall, ١٩٨٠), ch. ٨

٣٢- Graham, Iran The Illusion of Power; Hooglund, Land and Revolution in Iran; Kazemi, Poverty and Revolution in Iran

٣٣- Abrahamian , Iran Between Two Revolution; Nikki R. Keddie, Roots of Revolution :An Interpretive History of Modern Iran (New Haven, CT: Yale University Press, ١٩٨١); Katouzian, Political Economy of Modern Iran; Hussein Bashiriyeh, The State and Revolution in Iran ١٩٦٢-٨٢ (New York : St Martin's .١٩٨٤)

٣٤- Michael M.J. Fischer, Iran: From Relogous Dispute to revolution (Cambridge, MA: Harvard University Press, ١٩٨٠); Jerrold D. Green, Revolution in Iran: The politics of countermobilization (New York: Praeger, ١٩٨٢)

٣٥- In Western Languages, see Islam and Revolution : Writings and Declarations of Imam Khomeini, trans. Hamid Algar (Berkeley ,CA: Mizan Pess,١٩٨١):Seyyed Mahmood Taleqani, Islam and Ownership (Lexington, KY: Mazda Publishers, ١٩٨٣); Ali Shariati, On the Sociology of Islam (Berkeley, CA: Mizan Press, ١٩٧٩);Abol Hassan Bani Sadr, Quelle Revolution pour L' Iran ? (Paris: Fayolle, ١٩٨٠)

# کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و ئەزموونێک

## بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم

ئار. دی. مكلارن R. D. Mclaurin

چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخی زیاتری وەرگرتووە. ئەم چەمكە هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی هەروەك زۆربەی چەمكەكانی تر، بەجۆرێك كەڵكی لێوەرگیراوە دەڵێی واتایەكی روون و ئاشكرای هەبوە، لە كاتێكدا لەوانەیە گۆڕینی ئەم چەمكە بۆ زاراوەیەكی ئەكتیڤ دژوار بێت. بەڵام لە كۆتایی ئەم بابەتە بۆمان دەردەكەوێت كە واقیع شتێكی ترە.

ئاسایشی نەتەوەیی وەكو چەمكێك یا هێمایەك پەسندكرا بەبێ ئەوەی كە ناوەڕۆكی بكەوێتە ژێر لێكۆڵینەوەو پرسیارەوە. لەكاتێكدا هەردوو وشەی پێكهێنەری ئەم چەمكە واتا ((ئاسایش)) و ((نەتەوەیی)) وەكو دوو بابەتی سەربەخۆبوونە كە بەشێوەیەكی بەردەوام لێكۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامدراوە. مەبەست لەم بەشە كردنەوەی دەرگایەكی لێكۆڵینەوەیە لەسەر واتای ئاسایشی نەتەوەیی و پاشان كەڵك وەرگرتن لەو ئەزموونانەی كە وەریدەگرین لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم. سەرەتا تیشك دەخەینە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و پێگەشتنی ئەم چەمكەو پاشان كرۆكی سەرەكی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی شرۆڤە دەكەین. لە هەنگاوی سێهەمدا مانا راستەقینەكەی هەڵدەسەنگێنین و دواتر بە باشترین شێوە چۆنیەتی كەڵك وەرگرتن لەم چەمك و مانایە لەمەڕ وڵاتانی جیهانی سێهەم دەخەینە روو و لەكۆتاییدا كاریگەرییەكانی بەسەر بڕیاردان و ((پرۆسەی دروست بوونی ئاسایشی نەتەوەیی)) تاوتوێ دەكەین.

### سەرهەڵدانی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی[1]



سەرەڕای ئەوەی كە هەردوو وشەی ((نەتەوەیی))و ((ئاسایش))، هاوتای ئەم وشانە لە زمانەكانی تر لە كۆنەوە هەبووە، بەڵام تێكەڵاوكردنیان لەگەڵ یەكتری بەدیاردەیەكی نوێ لەقەڵەم دەدرێت. ئەم دوو وشەیە لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لەگەڵ یەكتری تێكەڵاوبوون.

ئەمریكا پێش شەڕی دووهەمی جیهانی بە بەراورد لەگەڵ دوای ساڵی ١٩٤٥ بایەخێكی كەمتری بە رووداوە نێودەوڵەتییەكان دەداو لەم بارەیەوە كەمتر هەستی بە بەرپرسیاریەتی دەكرد، ئەگەرچی بە پێچەوانەی تێڕوانینی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك، ئەمریكا تا ئەو رادەیەش لە رووداوەكان دوور نەبوو[2].

ئەمریكا كەئەندامیەتی لە كۆمەڵەی نەتەوەكانی قەبوڵ نەكردبوو، بەمە رازیبوو كە بەشێوەیەكی سنووردار لە پرسە دەرەكییەكان بەشداری بكات، خاوەنی چەند هێزێكی چەكداری بچووك و سەربەخۆ بوو و لە دیپلۆماسییەتێكی پاسیڤ جگە لە ئەمریكای لاتین، كەڵكی وەردەگرت و بەگشتی لەچالاكیی هەواڵگری دەرەكیی خۆی دەپاراست.

هەروەك ئارنۆڵد وۆلفێرز ئاماژەی پێدەكات[3]، لەسەردەمی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، ((ئاسایش)) بۆ خەڵك و ڕێبەرانی ئەمریكا زۆرتر واتایەكی ئابووری هەبوو. ئەو فاكتەرانەی كەپشتگیری لەم روونكردنەوەیە دەكەن بۆ لێكۆڵینەوەكەمان بە بایەخ لە قەڵەم دەدرێن.

ئەگەر بۆ ((ئاسایش)) هەڕەشەیەكی تایبەت دیاری نەكرێت ناتوانیت هەڵگری واتایەكی ئەكتیڤ بێت. ئاسایش لە بەرامبەر چ شتێكدا؟ لەتەواوی لێكۆڵینەوەكانی پێوەندیدار بە ئاسایش، چ لەئاستی جیهانی و چ لەئاستی

تاکەکەسی دیاریکردنی جۆری هەڕەشە بەشێوەیەکی ئاشکراو روون خراوەتەڕوو. ئاسایش لەبەرامبەر قەتیسمان، لەبەرامبەر لێپرسینەوەو دەستبەسەر کردنی نایاسایی، لەبەرامبەر هێرشی سەربازی، لەبەرامبەر هەڵاوسان، دارمانی هێمنانەو هتد. هەڕەشە پێش گریمانەی ئاسایشە[٤].

بۆیە ئەگەر بگوترێت ئاسایشی نەتەوەیی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی زۆرتر بەئاراستەی خۆشگوزەرانی بووە شتێکی سەیرنییە. لەو سەردەمەدا ئەمریکا بەرەبەرە لەو قەیرانە مەزنە ئابوورییەی کە هەڵگری گۆڕانکارییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی بوو دەهاتە دەرەوە. بەڕاستی باوترین واتای ((هەڕەشە)) لەدەیەی **١٩٣٠** جەوهەرێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو.

ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەی کە لەدەیەی **١٩٤٠** لەواتای هەڕەشە روویدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. لەدوای ساڵی **١٩٣٩** ئەورووپا تووشی شەڕ بوو و لەکۆتایی ساڵی**١٩٤١** ئەمریکییەکان بەتەواوی چوونە ناو گۆڕەپانی شەڕەکەوە. لەساڵی **١٩٤١** بەملاوە ئەمریکا بوو بە یاریزانێکی چالاك و خاوەن دەسەڵاتی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و وەکو رێبەری هێزەکانی ئەورووپاو ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانی تر، خۆی کردبوو بە قەڵغانێك لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن سۆڤییەتەوە دەکردرایە سەریان یا لەوانەبوو لە داهاتوودا بەرۆکیان بگرێتەوە.

لە روانگەی چەمکییەوە، شتێکی روونە کە ئاسایش زۆرتر واتایەکی سەربازی وەرگرتووە. بەڵام تێگەیشتن لەلایەنی کارگێڕیی ئەم چەمکەش بایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەش لە ئەنجامەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەزموونەکانی قۆناغی دوای شەڕ دەستەبەر بووە.



پێش هەڵگیرساندنی شەڕی دووهەمی جیهانی، ئەمریکا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا رۆڵێکی زۆر کەمی بە تایبەتی لە بواری سەربازییەوە دەگێڕا، بۆیە لە نێوان دیپلۆماسی و سەربازیی، سنوورێکی دیاریکراو هەبوو. کەوایە ململانێ لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵات کەم بوو، بۆیە بەڕێوەبردنیشی ئاسان بوو.

لە ئەنجامدا ئەو پێویستیانەی کە لە شەڕەوە سەرچاوەیان دەگرت، بارودۆخی ناوبراوی بەتەواوی گۆڕی. لە ماوەی ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، هەم لە چوارچێوەی دیاریکردنی رێبازو تاکتیکەکانی رۆژانەو هەم دانانی ئەو پلان و بەرنامانەی کە پێوەندییان بەجیهانی دوای شەڕەوە هەبوو، پرسە سیاسییەکان و سەربازییەکان زۆر بەخێرایی کاریگەرییان لەسەر یەکتری دادەنا.

لە ئەنجامی دژکردەوەکان، چەندین دامەزراوەی نوێ بەمەبەستی یەکخستنی پلاندانانی سیاسی و سەربازی هاتنەکایەوە. ناسراوترین و گرنگترین دامەزراوە بریتی بوو لە: ((کۆمیتەی هەماهەنگکردنی کاروباری دەرەوە، شەڕو هێزی دەریایی)). لەناو ئەم جۆرە دامەزراوانەدا، پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە لە کاتی شەڕدا بریتیبوون لە پرسی سیاسی، ستراتیژی، سەربازی، تاکتیك و ئۆپەراسیۆنەکان، لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی رێکخراودا باسیان لێوەدەکراو چارەسەرییان بۆ دەدۆزرایەوە.

ئەگەر پێمانوابێت لە ماوەی شەڕدا، ئەندامانی دەزگای دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە، خاوەنی هەمان ئەو دەسەڵاتەبوون کەهاوتا سەربازییەکانیان لەمجۆرە دەزگایانەدا هەیانبوو، هەڵەمان کردووە. لێرەدا بەر لەوەی کە مەسەلەی زاڵبوونی هێزی دەریایی و وەزارەتی شەڕ بەسەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باسی لێوەبکرێت، مەسەلەی هەڕەشە لەئارادا بوو. لە شەڕێکی

گەورەی وەك شەڕی دووهەمی جیهانی شتێکی سەیرو نابەجێ نییە ئەگەر لایەنی سەربازی دەسەڵاتێکی تایبەتی پێبدرێت. ئەوە بەتایبەتی لە ئەمریکا شتێکی باوە کە دەزگای پرۆفیشناڵی سەربازی بەشێوەیەکی نەریتی خۆیان لەکاروباری سیاسی دوور دەکردەوە و وەکو کۆمەڵێك شارەزای تەکنیکی بەدیار دەکەوتن و لەبواری تایبەت بە پسپۆرییانەوە خاوەن بۆچوون و هەڵوێست بوون. پێویستە ئەم خاڵەشمان لەبەرچاو بێت کە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا زۆر بەتوندی لایەنگری لەجیاکردنەوەی بەرپرسیاریەتی سیاسی دەکردو هەوڵی دەدا لەپرسە ستراتیژیکەکان دووربکەوێتەوەو لە بارودۆخێکدا کە ڕێژێکی زۆر لە داڕێژەرانی پلانی سەربازی دەگیرا، ناوبراو دەستی لەکار کێشایەوە. کۆمەڵێك بارودۆخی جۆراوجۆر بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات و بۆچوونی سەربازی و هێزی دەریایی لە ساڵەکانی شەڕدا بەسەر ئاسایشی نەتەوەییدا زاڵ بێت.

لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئیتر ئەمریکا سیاسەتی خۆ تەریك خستنەوەی وەلانا. دابەزینی دەسەڵاتی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا واتا، فەڕەنسا و بریتانیا، بووە هۆی ئەوەی کە قورسایی بەرپرسیاریەتی ئاسایش، سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی وڵاتانی هاوپەیمان، بکەوێتە سەرشانی ئەمریکاوە. بەشداری ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات لە بواری چۆنیەتی و ئاستەوە تەنانەت زۆرتر لەو ڕادەیە بوو کە لایەنگرانی بەشداری ئەمریکا لە کاروباری نێودەوڵەتی (کە بە شەڕ لە بەرامبەر سیاسەتی خۆتەریك خستنەوەی ئەمریکا دژکردەوەیەکی گەورەیان نیشاندابوو) چاوەڕوانیان دەکرد. هیچ کام لە لایەنگرانی نوێی بەشداری ئەمریکا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پشتیوانانی کۆنی ئەم سیاسەتە، چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد تا ئەم ڕادەیە گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەمریکا بێتە کایەوە. بەتایبەتی کاتێك هەست بەمەترسی و



هەرەشەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری سۆڤییەت کرا. بۆ نموونە هەڕەشەکانی سۆڤییەت لە دژی تورکیا، ناسەقامگیری یۆنان کە سۆڤییەت هۆکاری سەرەکی بوو تێیداو هەروەها چالاکییەکانی ئەم وڵاتە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بووە هۆی ئەوەی کە هەڕەشەیەکی تۆتالیتاری مەزن بۆ سەر بەهاو داخوازییەکان و تەنانەت دیموکراسی ڕۆژئاوا دروست بێت. حکوومەتی ئەمریکا بە پشتیوانی لە ڕادەبەدەری خەڵك، چەندین پلانی بەمەبەستی داکۆکیکردن لە ڕۆژئاوا، داڕشت. سیاسەتی ئەمریکا بەهاوکاری لەمەڕ جێگیرکردنی هێزەکانی خۆی لە هێڵی پێشەوەی شەڕ لە وڵاتانی یۆنان، تورکیا، ئەورووپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە وەکو تەنها ڕێگاچارەی ڕزگارکردنی ژیانی دیموکراسی ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدرا، هاتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

بەم شێوەیە کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی نەیتوانی بیری ستراتیژیی سەربازی، دەریایی و ئاسمانی ئەمریکا بە ئاراستەی ناوخۆی ئەمریکاو بۆ کاتی تەنگەتاوی بگۆڕێت. ژمارەیەك لە خەڵك بە هەڵە پێیانوایە سیاسەتی دەرەکی و دیپلۆماسی ئەمریکا لە دوای شەڕ شێوازی سەربازی بەخۆیەوە گرتووە یا لە شێوە سەربازییەکەی سەردەمی شەڕ نەهاتوەتە دەرەوە[٥]. ئەو بەڵگانەی کە ئەوان پشتی پێدەبەستن بریتین لە: دەستنیشانکردنی ژەنەڕاڵ جۆرج مارشاڵ سەرۆکی پێشووی ناوەندی هێزەکانی سوپا بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوورگەکانی میکرۆنیزی (Micronesia) کە تێیدا لە زۆربەی وەزارەتەکان ڕاوێژکاری سەربازی بەکارهاتبوو، هەڵسوکەوتی ئەمریکا لە یۆنان کە بەبۆچوونی ئەوان بەجۆرێك لەپەلامارو دەستدرێژی لەقەڵەم دەدراو هەروەها هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر سۆڤییەتدا کە زۆر توندوتیژ بوو.

ژمارەیەکی تر[٦]، تاوتوێی پەرەسەندنی نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بەبوارەکانی سیاسی و سەربازی ئاسایش لە قۆناغەکانی شەڕی سارددا، کردووەو واش پێناچێت ئەم تاوتوێکردنە شتێکی پێویست بێت. بەڵام گرنگترین

خاڵ ئەوەیە کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەرەتاکانی ئەم قۆناغانە و لەوانەشە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی شەڕی سارد، پەرەی سەندبێت. ئەمەش پێوەندییەکی حاشا هەڵنەگری لەگەڵ ئاسایشی سەربازی پەیداکرد. بۆیە یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەساڵی ١٩٤٧ تایبەت بوو بەپرسی ڕێکخستنی حکوومەت لە بوارەکانی چالاکی سەربازی و هەواڵگری.

بەڵام سەرەڕای بەربڵاوی بابەتە گرنگە نێودەوڵەتییەکان، سەرجەم ئەوانە پێوەندییان بەدەرەوەی ئەمریکاوە هەبوو. تەواوی مەسەلە سیاسی و سەربازییەکانی دوای شەڕ کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هێنایە کایەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو پێوەندی بەپرسەکانی کارگێڕییەوە هەبوو. جێگای ئاماژەیە بەچەندین هۆکاری ئابووری و هتد، ئەم پرسانە بەشێوەیەکی لۆجیکی لەماوەی ساڵەکانی شەڕ سەریان هەڵداو تەنانەت تاڕادەیەك جیا لە پرسە جیهانییەکان لەقەڵەم دەدرا. یەکێك لەگرنگترین ئەو بابەتانەی کە باس و مشتومڕێکی زۆری هەڵگرت، پرسی یەکگرتوویی بوو. واتا باسکردن لەسەر یەکپارچەکردن و ڕێکخستنی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا. هێزە جۆراوجۆرەکان بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە تەرخانکردنی زۆرترین بەشی بودجەی وڵات بۆ هەندێك لایەن هەبوو. هەروەها پرسی گەلێکی وەك ڕاهێنانی سەربازی گشتی، سەرهەڵدانی هێزی ئاسمانی وەکو بەشێکی سەربەخۆ لەهێزە وشکایی و دەریاییەکان و چەندین نموونەی تر کە مشتومڕێکی گەرمیان پێکهێنا بوو. لە بارودۆخێکی ئاوادا بوو کەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بەرەبەرە کاری پێکراو ناسرا.

جێگای ئاماژەیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (N.S.C.) بەهۆی یاسای ئاسایشی نەتەوەییەوە دامەزراو بە لەبەرچاوگرتنی سەردەمی سەرهەڵدانی، پێوەندی گرتن لەگەڵ پرسە سەربازییەکان، سیاسەتی دەرەوەو بابەتە زانیارییەکان، شتێکی سەیر نەبوو[٧].



کۆمیتەی تازە دامەزراوی هەماهەنگکردنی کاروباری دەرەوە، شەڕو هێزی دەریایی، توانی ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەشی جێبەجێکردن لەدەوری یەکتر کۆبکاتەوە کە بریتیبوون لەهێزە چەکدارەکان، وەزارەتی دەرەوەو دەزگای هەواڵگری (CIA). (ئەگەرچی بەپێی یاسا ئەوانە هاوشانی یەکتر نەبوون). سەرەڕای ئەوەی سیا (CIA) هەر بەپێی ئەم یاسایەوە دامەزرا. بەڵام بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی پێشتر لەلایەن نوسینگەی خزمەتگوزاری ستراتیژیکەوە (DSS) ئەنجام دەدرا. هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، گرنگیدان و خەریکبوون بە پرسە سیاسی و سەربازییەکان کە تایبەتمەندی ئەو سەردەمە بوو، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی نموونەکانی سەرەوە بوو، جگە لە هۆکاری ناوبراو، هاوکات بوون لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و پێداگرتن لەسەر پرسەکانی سەرەوەو هاتنە کایەی دەزگایەك کەئەرکەکانی لەپێوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی دابوو، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم چەمکە لە چوارچێوەی خۆی بترازێت و بەشێوەیەکی ئەکتیڤ و چالاك لەو سەردەمەو قۆناغەکانی دواتریش خۆی نیشان بدات.

لە نێوان مێژووناسانی ئابووری و دیپلۆماسی ئەمریکا ڕێبازێکی فکری هەیە کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان زیاتر لە بەرژەوەندی سیاسی و سەربازییەکان، بە بنچینەی سیاسەت و چالاکییەکانی ئەمریکا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و تەنانەت سەردەمی شەڕیش دادەنێت. مارکسیستەکان و ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوان بە چەندین ڕێگای جۆراوجۆرو زۆرجاریش دژبەیەك و بەپشت بەستن بە چەندین بەڵگەنامەی پڕ بایەخ و ڕوون و بەگشتی تەواو پەسندکراو بەم ئەنجامە گەیشتوون کە ئامانجە ئابوورییەکان ڕۆڵ و دەورێکی زۆر بەرچاویان هەیە. تەنانەت گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵیان بینیوە هەروەها شیکارییەکی بیرەوەری و یادداشتەکانیان و

خوێندنەوەیەی رەوتی رووداوەکان لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە شتێکی تەواوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت بڕیاردەرە سەرەکییەکان زۆرتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی و سەربازییەکان هەنگاویان دەنا، نەك ئابوورییەکان. هەروەها پێداچوونەوە یا شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکان (تیلگراف و تەلەفون)، بیرەوەرییەکان و بەڵگەنامەکانی تری پێوەندیدار بەرۆڵ و هەڵوێستی بڕیاردەرەکان لەسەر رووداوەکان، سەلمێنەری ئەم راستییەن، کە لە بەراورد لەگەڵ لایەنی ئابووری گرنگی زۆرتر بەلایەنەکانی سیاسی و سەربازی دراوە. مەبەست لەو خاڵانەی کەباس کران حاشاکردن لە گرنگی و بەهای ئەم هۆکارانە نییە کە پێوەندی بەلایەنی ئابوورییەوە هەیە، بەڵکو تەنها بۆ سەلماندنی ئەوەیە کە لە سەردەمی شەڕو قۆناغەکانی دوای شەڕ ئامانجە سەربازی و سیاسییەکان لە سەرووی ئامانجە ئابوورییەکان داندراون.

لە دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٥٠ لەگەڵ لە دایکبوونی رێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ) و دوابەدوای ئەو سەرهەڵدانی چەندین پەیمانی ئەمنی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سەربازییەکان بە مەبەستی دانانی بەربەستێك بۆ سۆڤییەت، پێکهاتنی چەندین وڵاتی نوی و جۆراوجۆر لە ئەفریقا، ئاسیاو ئۆقیانوسیا، ململانێی لە رادەبەدەری سیاسی و سەربازی زلهێزەکان لەو ناوچانەو پەرەسەندنی یارمەتییە سەربازییەکان و گواستنەوەی چەك وتەقەمەنی، وەکو ئامرازەکانی سیاسەتی ئەوکات و بەگشتی بەهۆی تەواوی ئەم هۆکارانە، سنووری نێوان کردەوەی سیاسی و سەربازی، هەروەها لە نێوان دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی بەرگری رووی لە لێڵی کرد ئەگەرچی پێشتریش زۆر روون نەبوو[8].

لە راستیدا هەر دەزگایەك و هەر جۆرە چالاکییەك کە ئەنجام دەدرا، شێوەی کارکردن و تایبەتمەندییەکانی بە روونی دیار بوو. بۆ نموونە لەو سەردەمەدا زۆر



بەکەمی ئەوە رووی دەدا کە ئەرکەکانی کۆنسولی وەزارەتی دەرەوە، پێوەندی بە وەزارەتی بەرگرییەوە هەبێت یا ئۆپەراسیۆنەکان و بنکەکانی سوپا لە خاکی ئەمریکا، وەزارەتی دەرەوە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام گەشەکردنی بەرچاو لە بوارێك دا بوو کە لە نێوان وەزارەتخانەکاندا هاوبەش بوو نەك ئەوەی کە تایبەت بە چوارچێوەی دەسەڵاتی وەزارەتخانەیەك بێت. سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی چەك و تەقەمەنی، بنکە سەربازییەکانی دەرەوە، پەیماننامەو رێکەوتنە ئەمنییەکان، جگە لە هێڵە گشتییەکانی ستراتیژی نەتەوەیی و پرسە جۆراوجۆرەکانی تر، هەرگیز نەدەکرا سنوورێکی روون و ئاشکرا لە نێوان بەرپرسیارەتییەکانی وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی بەرگریدیاری بکرێ.

هەر کەسێك کە لە قۆناغەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە یەکێك لە وەزارەتەکانی دەرەوە یا بەرگری کاری کردبێت ئەمە باش دەزانێت کە کارە دەوڵەتییەکان لە بواری بەڕێوەبردنەوە لەگەڵ یەکتری هاوشێوەن و لە لایەکی ترەوە خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەم دوو وەزارەتخانەیە لە بواری کەلتووری بەڕێوەبردنەوە لەگەڵ یەکتری جیاوازن. سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی و بەرژەوەنییەکانی وەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگری رۆژ لەگەڵ رۆژ هاوبەشیان زیاتر دەبوو بەڵام لە بواری بڕیاردانەوە بەم شێوەیە نەبوون. دەزگای بەڕێوەبەری وەزارەتی بەرگری لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، خاوەنی بڕیاری سەرەکی بوو[9]. بەڵام لە وەزارەتی دەرەوە بەم شێوەیە نەبوو. هەرچەند هەڵسوڕێنەرە پسپۆڕەکانی وەزارەتی دەرەوە دەسەڵاتیان زۆرتر دەبوو، پێشنیارە سیاسیەکانییان لێڵی و ناروونیەکی زیاتری پێوە دیاردەبوو. بەڵام لە وەزارەتی بەرگری ئەمە زۆر بە کەمی وەبەر چاو دەکەوت. جێگای سەرنجە کە لێرەدا مەسەلەی ئاستی گرنگی یا توانایی پێشبینی کردن یا وردبوونەوە لە شرۆڤە کردن یا بەجێبوونی پێشنیارەکان لە ئارادا نییە. سەرۆك کۆمارەکان پێیان خۆشە پێشنیارەکان، راستەوخۆ، کورت و پێوەندیدار بێت تاکو ئاڵۆزو لێڵ و

شاراوە. بۆیە کاتێك قسە لە چۆنیەتی دیاریکردنی ڕێباز دەکرێت، بڕیاردان بە شێوازی سەربازی، بە بەراورد لەگەڵ بڕیاردان بە شێوازی ناسەربازی بەرهەمی زۆرتر دێنێتە کایەوە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە وەزارەتی بەرگری هەمیشە براوەی مشتومڕەکانی نێوان دەزگاکانە، یا وەزارەتی بەرگری هەموو کاتێك بەسەر پرۆسەی سیاسەت داڕێژیدا زاڵە. نابێت ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە بیر بکەین، وەکو ڕۆڵی ئاچسۆن، مارشاڵ، دالس، ڕاجێرز، کیسنجەرو شۆلتز لە وەزارەتی دەرەوەو ڕۆڵی خۆرستاڵ، مارشاڵ ویلسۆن، مەکنامارایاو ئێن بێرگر لەوەزارەتی بەرگری. لە ماوەی چوار دەیەی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی جۆرە واتایەك لە ئاسایشی نەتەوەیی گەشەی کرد کە جەوهەری ئەم کەڵکەڵەیە لە کاروباری سەربازیدا زۆرە.

کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی بەپێی جۆراوجۆری لەشێوە بۆچوونی سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بەسەر هاتووە. لەسەردەمی ژمارەیەك لە سەرك کۆمارەکان ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پەرەیسەند و لەسەردەمی ژمارەیەکی تر بەخێرایی دابەزی، بە ڕاستی لەقۆناغی یەکەمی سەرۆك کۆماری نیکسۆندا گیانێکی تازەی وەرگرت. جگە لە ڕۆڵی ڕێکوپێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، وابەستەبوونی دوولایەنەی هەردوو وەزارەتی سیاسەت داڕێژ، واتا وەزارەتی دەرەوەو بەرگری هەروەها بەشێوازێکیتر سیا بەجۆرێك بووە کە دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ پێکهێنانی جۆرێك هەماهەنگی و دادوەری لە نێوان ڕێکخراوەکان بەشتێکی پێویست لەقەڵەم دراوە. بەم شێوەیە تەنانەت لەسەردەمی لاوازی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەچەندین دامەزراوەی تر بەمەبەستی پەرەپێدانی هەماهەنگی کەڵکی لێوەرگیراوە. ئەو دامەزراوانە لەگەڵ کۆشکی سپی بەردەوام لەپێوەندی



دابوون و تەنانەت سەرەرای ئەوەی کە لەبواری یاسایی و ڕێکخراوەییەوە سەر بەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەبوون، بەڵام لەبواری چەمکیەوە هەمان ڕۆڵیان بینیوە.

لەدایکبوونی دووبارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەردەمی سەرۆك کۆمار نیکسۆن و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەکەی، کیسنجەر[١٠] بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری لەئاستی پێوەندی نێوان وەزارەتەکاندا دابەزێت[١١]. بەڵام ئەو پێناسە باوەی کە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەئارادا بوو بەشێوەیەك جێگای گرتبوو کەئاڵوگۆڕی کارگێڕی نەبووە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەم بوارەدا. پەرەسەندنی ڕۆڵ و دەسەڵاتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی چەندین ساڵە قەبوڵ کراوەو هەوڵەکانی کیسنجەر لەئاستی ڕێکخراوەییدا ئەم پەرەسەندنەی خێراتر کردو ڕەنگ و ڕوویەکی یاسایی پێدا.

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێت کەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەئەمریکا تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی مشتومڕەکانی هاوپەیمانیەتی هێزە سەربازییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانییە، بەڵام بەو پێش گریمانەیەوە کەئەمریکا لە کاروباری جیهانیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا. ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی تۆکمەو قایم لەگەڵ گیانی نوێی سەردەم واتا ئەنتەرناسیۆنالیزم گرێی خوارد، بەڵام لە چوارچێوەی هزر ولە گوتارێکی سەربازی دیاریکراودا کەڵکی لێوەرگیرا. لەراستیدا لەسەرانسەری دەیەی ١٩٤٠ چەمکی ناوبراو واتایەکی جیاوازی هەبوو و زۆر بەکەمی کەڵکی لێوەرگیرا.

لە ماوەی دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی زیاتر وەکو هێمایەکی ئابستراکت کەڵکی لێوەردەگیرا. سیاسەت و کردەوەکان بەپشت بەستن بەئاسایشی نەتەوەیی پاساویان بۆ دێنرایەوەو بەشە جۆراوجۆرەکانی دەزگاکانی جێبەجێ کردن چالاکییەکانیان، پێوەندییان بەئاسایشی نەتەوەییەوە

هەبوو. رەنگە بوونی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی رێگر بووبێت لەبەردەم بەکار هێنانی ئەو ناوە بۆ پرسەکانی ئاسایشی ناوخۆیی. تاکو دەیەی ١٩٦٠ پێکهاتەکانی ئەم چەمکە ئیتر واتای تایبەتی خۆیان لەدەست داو قەوارەیەکی سەربەخۆیان وەرگرت بەشێوەیەك کە ((ئاسایش)) لەناو بازنەی ئاسایشی نەتەوەییدا پێوەندییەکی سنوورداری لەگەڵ پرسە سیاسیەکان و بەرگری دەرەکی هەبوو. وردەکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان تەنها کاتێك (ئەویش تارادەیەکی کەم) پێوەندی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەبوو کەکاریگەری خستبایە سەر لایەنەکانی سیاسەت و بەرگری دەرەکی.

لەناو کتێبێکدا کە لە یەکێك لە زانکۆ ناسراوەکان دەخوێندرێت، بەمجۆرە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی کراوە: ((توانایی نەتەوەیەك لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوە بەمەبەستی پاراستنی بەها ناوخۆییەکان))[١٢].

نوێکردنەوەی سیستەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی کیسنجەر لە ساڵی ١٩٦٩، رەهەندی کارگێڕیی چەمکی ((ئاسایشی نەتەوەیی)) پەرەپێدا. دواتر ئاسایشی نەتەوەیی زۆرتر لە بواری پرۆسەی تێکەڵاوکردنی سیاسەتەکانی بەرگری و دەرەوەو زانیارییە نەتەوەییەکان باس یا گریمانەی لەسەردەکرا .

## ناوکی سەرەکی چەمك

پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغەکانی دروستبوونی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، لەسەر توێژینەوەکەمان بەردەوام بین. ((ئاسایشی نەتەوەیی)) وەکو هێمایەك، واتاو رۆڵێکی سەرنج راکێشی وەرگرتووە. لێرەدا ئاماژە بەبەشێکیان دەکەین.



هەروەك پێشتریش باس کرا ئاسایش، بەبێ ئاماژە کردنێکی ئاشکراو روون بەبوونی هەڕەشەو مەترسیی، هیچ مانایەکی نییە. بایەخدانی زیاتر بەرەهەندی کارگێڕیی ئاسایش لەبەراورد لەگەڵ رەهەندە چەمکییەکەی، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە بایەخی مەترسی و هەڕەشە کەلەناخی چەمکی ئاسایش دایە، تێنەگەین و بەجێگای ئەمە سەرنجمان بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە بچێت، چ کەسێك لەناساندنی روخسارو رەهەندەکانی ئاسایش، بەپێی پێناسەی پێش ئەزموون، بەشداری دەکات؟ دادوەریکردنی پێناسەکانی رەکابەر بە چ شێوەیەکە؟ چ کەسێك و بە چ شێوەیەك دژکردەوە نیشان دەدات؟ (رێکەوتنی نوێ سەبارەت بەناوەرۆك و سەرچاوەی هەڕەشە، چوارچێوەی لێکۆڵینەوە بەرتەسك دەکاتەوە).

ئارنۆلد وۆلفێرز لە لێکدانەوەیەکی کلاسیکانەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەڵێت: ئاسایشی نەتەوەیی لەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لەراستیدا دەیەوێت پێمان بڵێت لەچوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییدا، بایەخ و سەرنج لەخۆشگوزەرانییەوە بۆ ئاسایش ئاڵوگۆری بەسەرهاتووە. هەروەها ناوبراو بۆچوونی والتێر لیپمەن باس دەکات، ئەگەرچی قسە دەخاتە دەمیەوە بەڵام لەراستیدا قسەکانی لیپمەن تەواو دەکات و دەڵێت: ((هەر نەتەوەیەك تا ئەم رادەیە ئاسایشی هەیە کە ئەگەر بخوازێت لەشەڕ دووربکەوێتەوە، ئەم ویستە بەنرخی پێشێلکردنی بەها بنچینەییەکانی کۆتایی نەیەت و ئەگەر تووشی شەڕێك بوو، بتوانیت بەسەرکەوتن لەم شەڕە، بەها بنچینەییەکانی بپارێزێت))[١٣].

بایەخدانی زۆری ئەمریکییەکان بەلایەنە سەربازییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، لەبواری چەمکییەوە نەك ئەزموونەوە، دژایەتییەکی ئاشکراو روونی لەگەڵ واقیع هەیە. کەسێکی وەکو هاری ترومان کەبەهۆی هەڵوێستی توندی لەبەرامبەر تەشەنەکردنی سۆڤییەت و ئامادەیی کەڵك وەرگرتنی بەجێ و هەڵسەنگێندراو لەهێزو دەسەڵات ناوبانگی هەیە، بەخەڵکی ئەمریکا دەڵێت:

((ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای بوونی هێزی وشکایی، دەریایی و ئاسمانی نییە. ... بەڵکو پێوەندی بەبوونی ئابووری باش. . . ئازادییە مەدەنی و مرۆییەکانەوە هەیە))[١٤]. ئێمە هەوڵمانداوە چەند هۆکارێکی ئەم بابەتە بخەینەڕوو کە بۆچی ((لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٤٠وە هەمووی ئەو دەوڵاتانەی کە لە ئەمریکا بەدەسەڵات گەیشتوون، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایان لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسك و لەرادەبەدەر سەربازی، پێناسە کردووە))[١٥]. ڕاستییەکەی ئەوەیە کەهۆکارەکانی کارگێڕی، ئابووری و هتد لە ئەکتیڤکردنی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بەهەمان رادە رۆڵیان بینیوە[١٦]. ئەگەر بمانەوێت لە دەرەوەی چوارچێوەی تایبەتی ئەمریکا ئاسایشی نەتەوەیی پێناسە بکەین پێویستە سەرنج بدەینە ئەو پێناسەیەی کە باسکرا، واتا روو لە پێناسەیەك بکەین کە تەنها هەڕەشە لە چوارچێوەی دەسەڵات و سەربازیدا نەبینێت. بە بۆچوونی ئێمە هەڕەشەی ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە بزووتنەوەیەك، دیاردەیەك یاهەر جۆرە رووداوێك، کە مەترسی و زیان بۆسەر دەسەڵات و خۆشگوزەرانی خەڵك دروست بکات.

بە بڕوای ئێمە جەخت و پێداگری توندی ئەمریکا بۆسەر لایەنە سەبازییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەرهەمی رۆڵی ئەمریکاو بەرپرسیارییەکانیەتی لەجیهانداو لەو هەڕەشەو مەترسییانەی کەلەئاکامی رکابەری درێژخایەنی نێوان ئەمریکاو سۆڤییەت هاتوونەتەکایەوە، سەرچاوە دەگرێت. ئەم روونکردنەوەیە پێوەندی بەگۆڕانکارییە مێژووییەکانی کەڵك وەرگرتن لەچەمکی ناوبراو لەئەمریکا نییە. لەبەر ئەوەی کەهەروەك بینیمان ئەم شێوە کەڵك وەرگرتنە بەبەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی لۆجیکی لەقەڵەم نادرێت.

ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی تەنها پێوەندی بەسیاسەتی دەرەوەو بەرگری هەیە یا نا بابەتێکە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە. بەگشتی لەوڵاتانی جیهانی سێهەم بۆئەم جۆرە سنووردانان و بەرتەسك کردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، هیچ جۆرە پاساوێك نییە.



## ئاسایش، هەڕەشە و جیهان

هەروەك بینیمان چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی رێك لەکات و شوێنی گونجاودا سەری هەڵدا. بەڵام کەڵك وەرگرتنی سەرەتایی و سنوورداری ئەو، لە پرسی یەکخستنی هێزەکان لەئەمریکا، بەرەبەرە گۆڕانکاری بەسەرهات و شێوەیەکی ئابستراکتی بەخۆیەوە گرت کە ناوە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە سیاسەتی دەرەوەو بەرگری. ئەم گۆڕانکارییە چەمکییە لەمەوە سەرچاوەی گرت کە ئاسایشی نەتەوەیی لە پرسە کارگێڕییەکانی پێوەندیدار بەکۆکردنەوە، تێکەڵاوکردن، هەماهەنگی و جێبەجێکردنی سیاسەت گەلێکی پتەو لەبوارە هاوبەشەکانی سیاسەتی دەرەوە و بەرگری، کەڵکی لێوەرگیرا.

ئەم پرسانە واتا وردەکارییە چەمکییەکان و کارگێڕیی لەجیهانی سێهەم بە تەنگژەگەلێکی واقیعی و بایەخدار لەقەڵەم دەدرێن. لەناو وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر بەکەمی دەتوانین وڵاتێك بدۆزینەوە کە گرنگییەکی زۆر بەسیاسەتی دەرەوەو بەرگری نەدات[١٧].

لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاو سۆڤییەت تەنها یەك وڵات بۆ ئەوان بەهەڕەشەی واقیعی لەقەڵەم دەدرێت ئەم وڵاتەش بۆ جێبەجێکردنی هێرش، پێویستە دەست بۆ خۆکوژی نەتەوەیی بەرێت.

سەرەڕای گرنگی پرسەکانی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی جیهانی سێهەم، جێی خۆیەتی پێداچوونەوەیەکی ورد سەبارەت بەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، ماناو شێوازی کەڵك وەرگرتنی لەچوارچێوەی وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەنجام بدەین. لەهەندێك شوێن واباوە دژایەتی هەر شتێك بکەن کە پێوەندی بەلایەنی سەربازییەوە هەبێت. بۆیە زۆرکەس رەخنەو گازندە ئاراستەی بلیمەتەکانی ئەمریکا، ئەوروپا، سۆڤییەت و وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکەن

بەهۆی ئەم سەرنجە گوماناوییەی کەسەبارەت بەئاسایشی سەربازی هەیانە. روانگەو ئەنجامە لۆجیکییەکانی، پێوەندی بەم بەشەوە نییە ئەوەی کە ئایا پێویستە رێبەرانی هاوچەرخ بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر لەهەڕەشەکان تێبگەن یا پێویستە لە چوارچێوەی پرسە نەتەوەییەکاندا روو لەشتە سەرەکییەکانی تر بکەن، ئەگەرچی چەندین مەسەلەی گرنگن، بەڵام پێوەندی بەبابەتی لێکۆڵینەوە نییە. لەروانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم خاڵە پەسند کراوە کە پێدانی پلەیەکی بەرزتر بەئاسایشی سەربازی هەڕەشەی سەربازی و سیاسەتی دەرەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە. تاوتوێکردن سەبارەت بەگرنگترین هەڕەشەکان، نزیکترین و واقیعترین هەڕەشەکان، بەکەسانی دیکە دەسپێرین. جێگای ئاماژەیە زۆربەی بلیمەتە سیاسییەکانی هاوچەرخ و لەوانەیە بلیمەتەکانی تریش، هەڕەشە سەربازییەکان بە واقیعی گرنگ و نزیك، لەقەڵەم دەدەن.

ئەمەش خاڵێکی ئاشکرایە کە زیان پێگەیشتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە تەواوی وڵاتانی جیهانی سێهەم، پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی هەیەو تەنانەت زۆرجار ئەم پێوەندییە لە وڵاتانی پێشکەوتووش بەهێزترە. ئاماژە بەوە کراوە کە هەڕەشە لەناو دڵی چەمکی ئاسایش دایە. لە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەڕەشە خاوەنی بنەمای سیاسی و سەربازییە. کەوایە لە بواری چەمکییەوە، ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت رەنگدانەوەی ئەم هەڕەشانە بێت کە لە پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، جا چ پێوەندی بەلاوازبوونی شەرعییەتی ناوخۆییەوە هەبێت چ پێوەندی بەهێما دەرەکییەکانی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی و شکستی ئابووری هەبێت.

جیاکردنەوەی زۆر ساکاری چەك و رۆنی کەرە (زبدە) کە لایەنگرێکی زۆری هەیە خاڵی سەرەکی مەسەلەکە لەبەرچاو ناگرێت. ئاسایشی نەتەوەیی



بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەڵبژاردنی چەك یارۆنی کەرە، سەرپشکبوون لە نێوان تایبەتکردنی سەرچاوەکان بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان یا تایبەتکردنی سەرچاوەکان بۆ رووبەڕووبونەوەی توندوتیژییە روخێنەرەکان نییە. ئەو کەسانەی کە بەم شێوەیە ئارێشەی ئاسایش لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەخەنەڕوو، ناتوانن تەنانەت لە بنچینەییترین واقیعەکانی ئەم کۆمەڵگایە تێبگەن. زۆرجار لە رۆژئاوا دەگوترێت: ئەگەر ئاسایش نەبێت هیچ رێگایەك بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان لەئارادا نییە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بابەتەکانی پێوەندیدار بەئاسایش زۆر بنچینەییتر، پڕ بایەخترو خێراتر لەمانەن.

دزیکردن بەزەبری چەك لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقی شتێکی باوە. ئەگەر کەسێك دزی لێبکرێت پێویستە خۆی سەردانی بنکەی پۆلیس بکات. هەڵبەت ئەگەر دزەکان لەماڵەوە بن ئەم کارەش عاقڵانە نییە لەبەر ئەوەی کە ئەگەر بیهەوێت سواری ئوتۆمبێل بێت پێویستە شوێنی حەشاردانی بەجێبهێڵێت. لەزۆربەی ئەم وڵاتانە لەکاتی شەودا پۆلیس خاوەنی ئوتۆمبێل نییە. لە دوو وڵاتی ئەفریقی مووچەی مانگانەی ئەندامانی پۆلیس نزیك بە ١٥ دۆلاری ئەمریکییە. لە وڵاتێکی تر بینراوە کە گرووپە تاوانبارە چەکدارەکان خاوەنی چەك و چۆڵ و رێکخستنێکی باشترن لەچاو پۆلیسی وڵات و توانایییەکی زۆرتریان هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ بواری ئاسایش، بوونی ئەم جۆرە پرسیارانە لێکدانەوەی نادروستی ((چەك یا رۆنی کەرە)) پووچەڵ دەکەنەوە.

لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەم، ئەو هێزە روخێنەرانەی کە لە ئاکامی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە کایەوە دەیانەوێت دەسەڵاتی گرووپە نەریتخوازەکانی وەکو گرووپە ئەتنی، عەشیرەیی و مەزهەبییەکان و

هتد، کەم بکەنەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ جۆرە ئەلترناتیڤێك دەستنیشان بکەن. بەم شێوەیە ناسیۆنالیزم ئەنجامی شارنشینی نییە، بەڵکو گەشەکردنی لە رادەبەدەری تاوان و توندوتیژییە. (بەو مەرجەی مەبەستمان لە ناسیۆنالیزم بریتی بێت لە لاوازکردنی پێوەندی و وەفاداری بەعەشیرە و نەریتەکان بە ئامانجی پەرەپێدانی دامەزراوەی نوێ).

لەژێر ئەم گوشارانەدا چۆن دەکرێت ئابووری گەشەی پێبدرێت؟ لە وڵاتانێکی وەکو نیجیریا، لوبنان و پیرۆ، بەبێ سەرنجدان بەئاسایشی فیزیکی و پرسەکانی ئاسایشی سیاسی، کە بەشێوەیەکی بنچینەیی ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان دیاری دەکەن چۆن دەتوانرێت پرسە ئابوورییەکان باسیان لێوەبکرێت؟

ئاسایشی وڵات و حکوومەت بەراستی بابەتی نیگەرانی حکوومەتە، بەڵام چ کەسێك بریار دەدات کە ئەکتیڤترین پێناسەی ((ئاسایش)) چییە؟ یەکێك لەو کێشانەی کە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن لەگەڵی بەرەوڕوون، نەبوونی هێزی مرۆیی پسپۆرە بە لە بەرچاوگرتنی بێتوانایی دەوڵەت و نائومێدبوونی بەردەوامی خەڵك تەنانەت لە کاریگەرترین و دیموکراتترین سیستەمە سیاسییەکان، هیچ جۆرە هاندانێکی باش نییە بۆ ئەوەی خەڵکانی پسپۆرو شارەزا بۆلایەنی خزمەتگوزاری دەوڵەت رابکێشرێن. راستییەکەی ئەوەیە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکانی جیهانی سێهەم تووشی گەندەڵییەکی لە رادەبەدەر بوونەو ئاستی رادەربڕین و بەشداری سیاسی خەڵك گەلێك نزمە و ورەو توانایی کەرتی تایبەت لەبواری ژێرخانیدا زۆر کەمەو میکانیزمێکی گونجاو بۆبڕیاردان لەئارادا نییە. واتا زۆرجار لەیەك کاتدا بڕیاری بەجێ و نابەجێ دەردەچێت. ئەم پرسانەو چەندین ئارێشەی تر بەربەستن لە بەرامبەر دامەزراندن و پاراستنی ستافی شارەزاو لێهاتوو و رێگایان پێنادا رۆڵی خۆیان بەباشی بگێڕن.



هێزی سوپا لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەشێوەی راستەخۆ دەسەڵاتی بەسەر پرۆسەی سیاسیدا هەیەو کاریگەری دەخاتە سەر ناوەرۆکی بڕیارو بۆچوونە سیاسییەکان و ئاستی بەرژەوەندییەکان. لە زۆربەی ئەم وڵاتانە ناوەندە سیاسییەکان نوێ و لاوازن و لەناو فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگادا بناغەیەکی پتەویان نییە. بۆیە ئەم دامەزراوانەی کە خوازیاری دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی دەسەڵاتن لەبەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵگاو دەوڵەتانەی کە ڕەگەزەکانی تری فەرهەنگی سیاسی ئەم رۆڵ و سەنگەیان هەیە، پڕ بایەخترن. زۆرجار دەسەڵاتی سەربازی بەسەر سیاسەتی نەتەوەییدا لەناو بڕیارو هەڵوێستە نەتەوەییەکاندا رەنگدانەوەی دەبێت. ئەمە پاساوی نزیکبوونەوە لەواتا سەربازییەکەی ئاسایشە. بەڵام هەمەلایەن و فراوانبوونی ئەم نزیك بوونەوەیە پێمان دەڵێت کەهۆکاری تریش دەبێت لە ئارادابن.

ئێمە لێرەدا دوو هۆکاری تر دەخەینەڕوو کە بریتین لەکاریگەرییەکانی فێرکردن و ئەنجامەکانی ناسەقامگیری. (ئەگەرچی بە بێگومان هۆکاری تریش لە ئارادان).

زۆربەی ئەو دەزگاو ئایدولۆژییە حکوومییانەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کاریان پێدەکرێت بەرهەمی رۆژئاوان و چۆن هاتوونەتە کایەوە، هەربەم شێوەیە بۆئەم وڵاتانە نێردراون. بەم ئەنجامە دەگەین کە بەرهەمی گەشەسەندن و پرۆسە ناوخۆییەکانیان نییە. کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەییش بەهۆی ئەم شەڕە ئەکتیڤانەی کە هەیبووە لەبنەڕەتدا جەوهەرێکی دامەزراوەیی هەیەو دوای وردە گۆڕانکارییەك لەرۆژئاواوە بۆ ئەم وڵاتانە نێردراوە کە کاری پێبکرێت. لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە باس لەتەکنەلۆجیای گونجاو بکەین. ئەو کەسانەی لە رۆژئاوا چوونەتە قوتابخانەو خوێندنیان تەواو کردووەو لە پێوەندی لەگەڵ

چەمك و تەكنیكەكانی رۆژئاوا لەبواری تایبەتی پلاندانانی ئاسایشی نەتەوەیی كاریان كردووە، بەڵام لەهەمان كاتدا سەرنجیان پێنەداوە یا ئەوكاتەیان لەبەردەست دانەبووە كە پێوەندی نێوان جەوهەرو ڕەوشی كۆمەڵگاو دەوڵەت لەلایەك و جەوهەرو ڕەوشی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەكی تر، بخەنە ژێرپرسیارەوە. بەپێی ئەو جیاوازییە بەرچاوەی كە لە نێوان وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندن و وڵاتانی پێشكەوتوو لە ئارادایە زۆر سەیرە كە خەڵك و دەزگا پێوەندیدارەكانی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەمان ئەرك و بەرپرسیاریەتی هاوتاكانیان هەیە لەوڵاتانی پێشكەوتوودا.

فێركردن بەبێ كەڵكوەرگرتن لە زانستی واقیعی، گەلێك مەترسیدارە. پسپۆران و شارەزایانی رۆژئاوا لەچەندین بواری جۆراوجۆردا، لێكۆڵینەوەو شرۆڤەیان لەسەر پرسەكانی كۆمەڵگای وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەنجام داوە. هەریەك لەم شارەزایانە تێڕوانینێكی نوێیان سەبارەت بەم پرسانە دەربڕیوەو بەمەبەستی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنیان، چەمك گەلێكی نوێیان خستۆتەروو. هەروەها چەندین ڕێگایان بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشانە پێشنیار كردووەو بە بێگومان لەناو هاوڕێیان و خوێندكارانیان لەوڵاتانی جیهانی سێهەم لایەنگرێكی زۆریان دۆزیوەتەوە. ئەمە لەبواری گەشەسەندنی ئابووریدا زۆر بەروونی و بەباشی رەنگی داوەتەوە. رێگاچارەكانی پەرەسەندن لەماوەی چەند دەیەی رابردوودا كە ئەو مەسەلانە بایەخیان وەرگرتووە بەچەندین جار ئاڵوگۆڕیان بەسەرهاتووە. لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەو كەسانەی كە لەوماوەیەدا كاتیان تەرخان كردبوو لەوە نارەحەت بوون، سەرەڕای ئەو هەمووە ماندووبوون و ئاڵۆزییە فكرییەی كە تەرخانی تیۆرییەكان و تێڕوانینە نوێیەكانیان دەكرد، بەڵام بەرهەمێكی ئەوتۆیان لێدەستەبەر نەكرد. بەپێچەوانەوە سەرەڕای ئەو هەمووە بیناو پرۆژە مەزنانەی كە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم لەئارادایە، بەڵام لەزۆربەی ئەم وڵاتانە ئاستی ڕێژەیی خۆشگوزەرانی گشتی خەڵك لەدابەزین دایە. لەراستیدا ئەم



پرسیارە دروستبووە كە ئایا دەوڵەت لەبواری رۆڵ خولقێنییەوە بەرەو پەراوێز ناچێت؟ ئایا خەڵك بۆ پاراستنی ژیانیان خەریكی گەڕانەوە بەرەو ئەنجامدانی چالاكی سەرەتاییتر نین؟

سەیر ئەوەیە كە ڕێباز، ستراتیژی و سیاسەتەكانی گەشەسەندن لە حكوومەتەكانی رۆژئاوا، لە بەراورد لەگەڵ بیری توێژەرانی پرسەكانی جیهانی سێهەم، بۆ شەپۆلێكی هزریی خەریك بەگۆڕان، درێژخایەنترو ناراستەوخۆتر وەڵام دەداتەوە. ئەم ئاڵۆزییە تارادەیەك لە لاوازبوونی دەزگای بەرێوەبەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها دەسەڵاتی سیاسەت بەسەر بڕیارەكانی دەوڵەتدا، رۆڵی تایبەتی هەیە. جێگای ئاماژەیە كە پسپۆرانی زانكۆ، ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بەزیانبار لەقەڵەم دەدەن، بەڵام لانیكەم هەر ئەو سیاسەتانە توانیویانە تارادەیەك سیاسەتەكانی ناوبراو لە ڕەنگاورەنگی لێكۆڵینەوە هزرییەكان بپارێزن.

شەپۆلەكانی گۆڕان لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی پسپۆرانی رۆژئاوا سەبارەت بە رووبەڕووبوونەوەی پرسەكانی گەشەسەندن یا ناوەڕۆكی ئەم پرسانە، نیشانەی پەرەسەندنی بیركردنەوەو لێكۆڵینەوەیە، بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی تیۆری و پراكتیك، بەرگریكردنی كۆمەڵگاكانی وڵاتانی بەرەو گەشەسەندن لەبەرامبەر هەریەك لەو ستراتیژییانە، ناتوانیت وەكو پێویست سەركەوتن بەدەست بێنێت. تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ دژواری ئەم پرسانەو چۆنیەتی شرۆڤەكردنەكان، جۆرێك لەنیگەرانی دروست كردووە. سەرەڕای ئەمە دیسان شتی نوێ دێتەكایەوەو لەناو وڵاتانی جیهانی سێهەم لایەنگری نوێ لەدەوری خۆی كۆدەكاتەوە.

ئایا هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەمە هەیە كە لە بواری لێكۆڵینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، ئێمە هێڵێك ببینین كە جیاواز لە بوارەكانی زانكۆیی و هزرییەكان بێت؟ مەبەست ئەوە نییە كە توێژەرانی جیهانی سێهەم بەبێ كەموكوڕی،

پێڕەوی لەهەموو رەگەزەکانی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لەرۆژئاوا دەکەن. ئەوان باش دەزانن کە ستراتیژییەکانی شەڕی ناوکی و زۆر لە پێڕەوکردنەکانی بیری ستراتیژی نوێ لەرۆژئاوا، هیچ جۆرە پێوەندییەکیان لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکانیان نییە. بێگومان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت کە توێژەرێك حاشا لەگرنگی پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایشی وڵاتان بکات. ژمارەیەکی زۆر لەوانە لە هەوڵدان کە رێگا چارەیەك بۆتێکەڵاوکردنی زانستی ئابووری و بوارە نەریتییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و زانستی سیاسی بدۆزنەوە. بەپێی ئەم پلە بەندییە رێژەییەی کە سەبارەت بەبابەتەکانی ناوبراو لەناوەندە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی ئەمریکا لە ئارادایە، ئەوکاتەی کە توێژەرەکان بەرەو وڵاتەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە واپێدەچێت رێك بەپێی ئەو بەرنامەیە کاربکەن کەخوێندوویانە. ئەو چەمکانەی کە لەئەمریکا لەدایك بوونەو هەر لەوێ پێگەیشتوون و لەگەڵ ئەزموونە ناوچەییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم جیاوازییان هەیە، دەیبەنە وڵاتەکانیان و کاری پێدەکەن.

هۆکاری دووهەمی پێداگری لەسەر بەرژەوەندییە سەربازییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەبارودۆخی ناوچەییەوە سەرچاوە دەگرێت. حکوومەتەکان دامەزراوە گەلێکی سیاسین، واتا پاڵیان بەسەرچاوەکانی دەسەڵاتەوە ناوەو دابەشیان دەکەن. راستە کەئەوانە دامەزراوە گەلێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕین، بەڵام حکوومەت دیاردەیەکی سیاسییە. لەوانەیە ئابووری بڕوخێت، کۆمەڵگا دابەش بێت و دەزگای کارگێڕیی خراپتر بێت، بەڵام حکوومەت هەروەکو خۆی بمێنێتەوە. بەپێچەوانە، لەوانەشە لەوپەڕی گەشەسەندنی ئابووری و یەکپارچەیی کۆمەڵگاو ساغبوونی دەزگای کارگێڕیی، حکوومەت تووشی رووخان بێت. حکوومەتەکان کاریان بەدەسەڵاتی سیاسییەو زۆرتر بیر لەدەسەڵات و ئاسایشی خۆیان دەکەنەوە. لەسەرانسەری وڵاتانی جیهانی سێهەم، شکستی ئەم



دامەزراوانە، نزمبوونی ئاستی شەرعییەتی سیاسی، دووبەرەکیی کۆمەڵگا، جیاوازی فەرهەنگی سیاسی واقیعی و ناوەندە سیاسییە تازە دامەزراوەکان و بێتوانایی ئەم دامەزراوانە لەهەمبەر وەڵامدانەوەی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵك، دەبێتە هۆی ئەوەی کەقەیرانی سیاسی هەمیشە لەئارادا بێت. هۆکاری سەرەکی لەمەڕ نەبوونی تەنگژەیەکی گرنگ لەبەرامبەر ئەم حکومەتە ئەوەیە کە بۆ هێورکردنەوەی ئەم جۆرە تەنگژانە، حکوومەت لە توندو تیژی و سەرکوتکردن کەڵك وەردەگرێت.

لەمجۆرە بارودۆخەدا، ئایا سەیر نییە کە لە روانگەی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی ئامرازی سەرکوت، کە لەوانەیە تەنانەت دژی حکوومەتیش بەکار ببردرێت، سەیری ئاسایشی نەتەوەیی بکردرێت؟ کاتێك سەرۆك کۆماری لوبنان پۆستی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشانکردو بڕیاریدا دامەزراوەیەکی وەکو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دابمەزرێنێت، ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە گرنگی پێدابوو، جەوهەرێکی سەربازی و سیاسیان هەبوو لە کاتێکدا وڵاتەکەی لەبواری مەزهەبییەوە تووشی دووبەرەکی و ناکۆکییەکی بەرچاو ببوو و تەنگژە لە نکاوەکانی ئەو سەردەمە لەبەرامبەر شەرعییەتی ناوبراو بەشێوەیەکی ماتەوزە هەر لەو دووبەرەکییە ناوخۆییەوە سەرچاوەی دەگرت و ئەگەرچی ئابووری دەوڵەتی لوبنان لەبواری مێژووییەوە هەڵکشان و داکشانی هەبوو، بەڵام رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری توندوتیژی و بێ تواناییەکانی حکوومەت لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی داهات و ئاسایشی خەڵك. هەروەها ئەگەرچی لە زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەکان، بەرزبوونی ئاستی تاوانەکان (بەتایبەتی دزی کردن بەچەك) کە بووەتە هۆی شێواندنی ئاسایشی گشتی و زیان گەیاندن بە پشتیوانی بیبانییەکان، بەڵام لەبەرامبەر گۆڕانی چۆنیەتی جێبەجێکردنی دادپەروەری بەتوندی بەرگری دەکەن واتا لە جێگای دادگاو دەزگای دادپەروەری، چالاکییەکانی پۆلیس بەرز دەنرخێنن.

ئەم بارودۆخە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بارودۆخی ئەمریکا لەکاتی شەڕی دووهەمی جیهانی و دوای شەڕ نییە. لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا لایەنە سەربازی و سیاسییەکان لەسەرووی لایەنەکانی تر دادەنران، گەرچی ناوەڕۆکییان بەتەواوی جیاوازبوو. ئەو هەڕەشە سیاسییانەی کە لەچەندین لایەنەوە بەرۆکی وڵاتانی جیهانی سێهەمی گرتبۆوە، توانی بەسەر ئەزموونەکانی کارگێڕیدا زاڵ بێت. ئەگەر هەڕەشە بە شێوەیەکی سنووردار پێناسە بکردرێت رووبەڕووبوونەوە لە دژیشی سنووردارە، بەڵام رێکوپێکتر دەبێت. ئەکتیڤترین پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی، لایەنەکانی سەربازی و سیاسی دەگرێتەوەو کاری بەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە مەگەر ئەوەی کە تاڕادەیەك پێوەندییان لەگەڵ کاروباری سیاسی و سەربازییەوە هەبێت. رێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور(ناتۆ) سەرەڕای ئەو هەڕەشەو مەترسییەی کە لەلایەن سۆڤییەتەوە هەستی پێدەکرد، هەر ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد. تەنها کاتێك شێوازی تێگەیشتن لە هەڕەشە گۆڕانکاری بەسەرهات، رێکخراوی ناوبراویش چالاکییەکانی پەرەپێدا. (کاتێك سەیری رابردوو دەکەین تاکو ئێستاش پلانی مارشاڵ بە سیاسەتێکی هەستیار لەقەڵەم دەدرێت، کە بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەربازی وڵاتانی ئەندام و لابردنی بێ هیوایی و پشێوی هاتە کایەوە. جگە لە ڕێگاکانی جێبەجێکردن، پێویستە لە چوارچێوەی وردەکارییە سیاسی و سەربازییەکان سەیری پلانی مارشاڵ بکەین).

بێگومان لەوە تێدەگەین کە دەوڵەتان و رێبەران لەروانگەی سیاسی و سەربازییەوە سەیری هەڕەشە دەکەن و هەروەك ئاماژەی پێکرا هەڕەشە لەدژی ئەوان زیاتر لەهەر شتێك و راستەوخۆ شێوازی سیاسی هەیە (هەندێك جاریش سەربازی)، تەنانەت ئەگەر ئەو کولتورەی کە هەڕەشە تێیدا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەمانکاتدا سیاسی هەبێت.



هەڵبەت لەبەرچاونەگرتنی لایەنە دەرەکییەکانی سیاسی و سەربازی کە دەبێتە هۆی دابینکردنی خۆراکی تەنگژە سیاسییەکان و تاڕادەیەك سەربازییەکان، هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە.

## ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی سێهەم: لە چەمکەوە بۆ کارگێڕی

هەروەك ئاماژەمان پێکردبوو مەبەست لەو بابەتانە جیاکردنەوەی رەهەندی سەربازی و سیاسی لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی نییەو تەنانەت نامانهەوێت ئاراستەی بیری ئاسایشی نەتەوەیی کە جەخت لەسەر پرسە سیاسی و سەربازییەکان دەکاتەوە، بگۆڕین. سەرەڕای ئەمە زۆر روون و ئاشکرایە کەلە جیهانی سێهەم، پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆو بنەڕەتی لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە پاراستنیان گرنگە، پێوەندییان هەیە، تەنانەت ئەگەر پێوەندییەکە بەسنووردارکردنی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کۆتایی پێبێت.

بارودۆخی ئابووری ئەو کۆمەڵگایانەی کە خەریکی گەشەسەندنن، بەپێی پێناسە، لەهاوتا پێشکەوتووەکانیان لاوازترن. تا ئەو کاتەی کە خەڵك بەشێوە ژیانی نەریتی خۆیان رازیبوون، گەشەنەسەندن وەکو پرسێکی سیاسی لەقەڵەم نەدەدرا. دەسەڵاتی راگەیاندنە گشتییەکان تەنانەت لەناو نەریتیترین توێژەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم، بووەتە هۆی هێنانەکایەی حەزو پێداویستی نوێ و شێوازی کارکردنی حکوومەت بەپێوەری ئەم ئارەزووانە هەڵدەسەنگێندرێت. هەروەها جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند یەکجار زۆرە. لەو کۆمەڵگایانەی کە دامەزراوەکان لاوازن و فەرهەنگی سیاسی لە هەنگاوی سەرەتایی دایە، لەوانەیە پرسە ئابوورییەکان ببنە سەکۆیەك بۆگۆڕانکاری توندوتیژ.

هەروەها لەم جۆرە کۆمەڵگایانە دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە دەوڵەت بۆ وەفاداری خەڵك گرنگی و بایەخی هەیە. توێژبەندی ئەتنی، ناوچەیی، مەزهەبی و خێڵەکی لەزۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهانی سێهەم وەکو تایبەتمەندییەکی گشتی سەیردەکرێت. هێمای نەتەوە-دەوڵەت زۆر بەکەمی دەربڕی واقیعە سیاسییەکانە تەنانەت لەو وڵاتانەی کە گەشەسەندنیشیان بەخۆیەوە بینیوە. تەنها چەند وڵاتێك هەن کە بەڕاستی نەتەوە-دەوڵەت بن، جێگای ئاماژەیە هەر دوو زلهێز و، چوار هێز لەهێزە مەزنەکانی جیهان، خاوەنی ناسنامەیەکی ئاشکرای نەتەوەیی یا بان نەتەوەیین. ئەوشتەی کە وڵاتانی پێشکەوتوو لە وڵاتانی جیهانی سێهەم جیادەکاتەوە بە بێگومان مەسەلەی هاوڕەگەزی نییە بەڵکو ئاستی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی یا بان نەتەوەییە. ئەگەرچی هەستی ئایینی لە رۆژئاوا گرنگی خۆی هەیە، بەڵام بەدەگمەن کەسێك هەڵدەکەوێت کە ناسنامەی نەتەوەیی لەسەرووی ناسنامەکانی تر دانەنێت، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەم شێوەیە نییە و بەڵکو بە پێچەوانەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییە گرنگانەی کە لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵە وڵاتانە لەئارادایە، پەرەپێدانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی یا بەواتایەکی رێکتر نیشاندانی گۆڕەپانی واقیعی ئاسایشی نەتەوەیی مەسەلەیەکی زۆر ناسك و هەستیارە. بەڵام کارەکە پرۆڤەیەکی فکری نییە. شێوازی پێناسەکردنی شرۆڤەکاران لە ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەری دەخاتە سەر هەڵسوکەوتی دەوڵەت و لەهەمان کاتدا پێویستە بزانین کە ئەم پێوەندییە ناراستەوخۆیە. ئێمە زۆرتر گرنگی بەکۆکردنەوەو جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەین و پێمان وایە کە تەنها لە بابەتەکانی پێوەندیدار بەکارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەییدا دەتوانین بەباشترین شێوە ناوەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی تاقی بکەینەوە.



لە ئەمریکا، چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی تایبەتی پێناسە کراوەو ئەم شێوەیەش بە تەنها بەرهەمی رووداوەکان یا تیۆری شرۆڤەکاران و شارەزایان نییە، بەڵکو لە پرۆسەی کارگێڕیی بابەتەکەشەوە سەرچاوەی گرتووە. واتا چۆنیەتی کارگێڕیی ((کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی)) کاریگەرییەکی بەرچاوی خستۆتە سەرخودی چەمك و چوارچێوەکەی. ئەوانە چەند کەم و کوڕییەکی گرنگن کە ئەمریکا وڵامدەریەتی لەکاتێکدا لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەگەر ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەنرخی لەناوچوون کۆتایی پێدێت.

باشترین شێواز ئەوەیە کە پلانی ئاسایشی نەتەوەیی بە ئاشکرایی دەربڕی ((هەڕەشەکان)) بێت لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەت و سەقامگیری سیاسی، پلانی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت بەشێوەیەك دابڕێژرێت کە سیاسەتەکان هەماهەنگ بکات و بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانج گەلێکی هاوسەنگ و بەکەڵك لەبەراورد لەگەڵ ئامانجە بێکەڵکەکان، ستراتیژییەکان یەکبخات. یا بە واتایەکی تر ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆی رێبازی نەتەوەیی و هەڵسوکەوتی حکوومەت پێکهاتووە. ئەگەر بە چاوێکی عەقڵانییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەزانین کە ستافێکی بچووك لە خەڵك ناتوانێت لەبەرامبەر ئەو هەمووە کێشانەی کە هەڕەشە لەهەر حکوومەتێك دەکات، رابوەستێت. کارێك کەحکوومەتیش توانای ئەنجامدانی نییە. کەوایە پێکهاتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی بەگرنگترین هەڕەشەکان رادەگات.

لە بواری چالاکی رۆژانەوە کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی نییە. واقیعی کارگێڕیی، بەرهەمی ئەم واقیعە هەست پێکراوانەیە کە بەشێك لەپرۆسەی ئاسایشی نەتەوەیی پێکدێنن، چەند چالاکییەکی وەکو دامەزراندنی هێزی مرۆیی، وەرگرتن، راهێنان، دیاریکردنی

پۆست و پلە، هەڵکشاندنی پلە، هۆکارەکانی چۆنایەتی و هۆکارەکانی تری پێوەندیدار بەکۆکردنەوەی زانیارییەکان، شرۆڤەکردن و بڵاوکردنەوەیان، توانایە گشتییەکانی ڕێکخراوەیی بەڕێوەبەری، توانایی لێکۆڵینەوە، یارمەتیدانی ڕاگەیاندن و هتد.

پرسی کەمبوونی هێزی مرۆیی کەخاوەنی تایبەتمەندییەکانی کارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی بێت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم شتێکی باوە. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوە نییە کە ئەوان خاوەنی هێزی مرۆیی شارەزانین، بەڵکو مەسەلەکە زۆرتر پێوەندی بەوە هەیە کە لەم وڵاتانە بەر لەوەی کە گرنگی بە شارەزایی بدرێت، گرنگی بەوە دەدرێت کە تا چ ڕادەیەك باوەڕی بە بۆچوونی سیاسییانەوە هەیە. لەبەرئەوەی کە ئەم کەسە سەر بەخێڵەکی دیکەیە یا سەر بەگرووپێکی مەزهەبی ترە یا سەر بە ناوچەیەکی ترە، ئەگەر شارەزاو لێهاتووش بێت دەخرێتە پەراوێزەوە. لەنموونەیەکدا کە نووسەری ئەم دێڕانە خۆی لەنزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکان بوو، بۆدابینکردنی ستافی دەزگای بەڕێوەبەری ئاسایشی نەتەوەیی لەسەرانسەری وڵات تەنها سێ کەس دەستنیشانکران و پروپاگەندەی ئەوەیان بۆ کرا کە تەنها ئەم سێ کەسە تایبەتمەندی وەرگرتنی ئەم جۆرە پۆستەیان هەیە، لەکاتێکدا خەڵکی لێهاتوو و خاوەن پسپۆر بۆ ئەمجۆرە پۆستانە لە وڵاتدا ژمارەیان زۆربوو. لە ڕاستیدا هیچ کام لەو سێ کەسەی کە دەستنیشانکرابوون شایانی ئەو پۆستە نەبوون، بەڵام هەڵبژاردنیان پێوەندی بەمەوە هەیە کە ئەوانە لەبواری سیاسییەوە متمانەپێکراوی خۆیان بوون.

مەسەلەیەکی تر لەوڵاتانی جیهانی سێهەم کە پێوەندی بەهێزی مرۆییەوە هەیە بریتییە لە: جێگۆڕکێی کەسەکان، ململانێ، خستنە پەراوێزو بردنەسەری ماوەی کار. جێگۆڕکێ مەسەلەیەکی گرنگە چونکە زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێت



کە لە جێگای کەسێکی لێهاتوو، کەسێکی تر بەهەمان لێهاتوویی شوێنی ئەو پڕبکاتەوە. هەروەها هێشتنەوەی کەسەکان لە هەندێك پۆستی تایبەتی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینندرێت، بۆ نموونە شازادە فەیسەڵ کەماوەیەکی دوورودرێژە وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودیایە. ئەگەرچی ئەم کردەوەیە کاریگەرییەکانی مەسەلەی ئاڵوگۆڕو نوێکردنەوەی پۆستەکان ناهێڵێت بەڵام دەبێتە هۆی لاواز کردنی بنەماکانی بڕیاردان و پرۆسەی دابینکردنی بەردەوامی پێداویستییە نەتەوەییەکان، تووشی ساردوسڕی دەکات.

لە بارودۆخێکدا کە ڕاهێنان و بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ پێشکەوتنی ئەم خەڵکانەی کە خەریکی خزمەتکردنن، لەئارادا نییە. بردنەسەری پلە لەسەر بنەمای ماوەی خزمەت، نە تەنها هیچ دیارییەك نییە، بەڵکو بەزیانێکی گەورە بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم لەقەڵەم دەدرێت.

تێگەیشتنی ئێمە لەچەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هەرچییەك بێت، پێویستە زانیاری، ڕۆڵی سەرەکی تێدابینێت. زانیاری و توانایی لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی نیشاندانی دیمەنێکی واقیعی لە جیهان، گرنگییەکی زۆری بۆ لایەنی بڕیاردەر هەیە. لەبەرئەوەی کە زۆربەی بەشەکانی جیهانی سیاسی شاراوەیە، ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە دیمەنی ناوبراو پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ شتە نهێنییەکان هەستیار بێت. بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم زانیاری بەواتای ئەو وێنانەی کە لەڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە بەدەست دێت یا ئەو ئامرازانەی کە بەکۆنترۆڵکردن لەڕێگای دوورەوە بەنهێنی هەواڵگری دەکەن، نییە. بەڵکو مەبەست دەستەبەرکردنی زانیاری بەنرخ لە ڕێگای سەرچاوەی ئاشکرا، توانای دەستەبەرکردن و گواستنەوەی لێکدانەوەی دروست و هاوسەنگ و نوێکردنەوەی زانیاری و شرۆڤەکان لە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی

گۆڕاو یا لەحاڵی گۆڕان و توانایی تێکەڵاو کردنی زانیارییە جۆراوجۆرەکان و کەڵك وەرگرتن لێیانە. لاوازبوونی توانایی ئامرازە ئۆتۆماتیکەکان، سنوورداربوونی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن سنوورداربوونی ستافی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەی کە لەسەر بنەمای متمانەپێکردنی سیاسی ئەنجام دەدرێت و نەبوونی توانای پێویست بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکان لە ئێستادا، بەگشتی زیان بە هەوڵە هەواڵگرییەکانی ئەم وڵاتانە دەگەیەنێت.

خستنە پەراوێزی ستافی شارەزاو پسپۆڕ، ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم دامەزراندنی ستافی کاریگەر. ئەم کەسانە ئیتر ناتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکانی پسپۆڕییان پێوەندی ڕێکوپێکیان هەبێت، ناتوانن لەگەڵ هاوپسپۆڕانی خۆیان لەپێوەندی دابن و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بەپرسەکانی پێوەندیدار بەبەکارهێنانی زانیارییەکان وەربگرن. ئەم جۆرە پرسانە کاریگەری لەسەر بەرێوەبەرانی وڵاتانی پێشکەوتووش هەیە، بەڵام سەرکەوتن بەسەر ئەم کێشانە لەم وڵاتانە زۆر ئاسانترە.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم پاراستنی ئەو کەسانەی کەلەبواری بەجێگەیاندنی ئەرك و فێربوونەوە لە ئاستێکی بەرزدان زۆر دژوارە. مووچەی دەوڵەت کەمتر هەڵدەکەوێت کە لەگەڵ مووچەی کەرتی تایبەتی یەکسان بێت. تەنانەت ئەگەر پیشەی فەرمانبەران لە بەشی تایبەتیدا پێشوازی لێنەکرێت لەوانەیە بەمەبەستی کارکردن ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکەن. ئەم مەسەلەیە لە ئابووریدا باشتر ڕوونکراوەتەوە تاکو لە زانستی سیاسییدا، داواکاری بۆ کەسانی ئابووریناس و پسپۆڕ لە ئاستێکی بەرزدایەو لەلایەن بەشی ناحکوومی و کەرتی تایبەت پێشنیاری مووچەی زیاتر لەبەرامبەر کارکردنی ئەم جۆرە کەسانە دەدرێت، بۆیە زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت ئەم کەسانە لەبەشی دەوڵەتیدا بمێننەوە.



بەڵام دیسان تەواوکەری کار ئاسایشی سەربازی و سیاسییەو هەرشتێك لەسەرووی خۆی بێت بەرەسمی دەناسێت، واتا لێك گرێدانی ڕەهەندەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازی بەشێوەیەکی بنچینەیی لەبەرچاو دەگریت. ئەنجامی کۆتایی ئەم چالاکییانە بریتییە لەبەردەوامبوونی ژیانی سیاسی. جگە لەمە دەزگای هەواڵگری و بڕیاردان بەئاراستەی ئەم ئامانجەوە ڕێکدەخرێت.

باشتر ئاوێتەکردنی فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڕیاردان لە بواری ئاسایشی نەتەوەییەوە مەسەلەیەکی ریالیستییە، ئەمەش بەدوو واتا، لەلایەك بەدژی سەربازی و لەسەر بنەمایەکی ئایدیالیستی نییە، لەلایەکی تر شتێکە کە دەستەبەر دەکرێت. بۆ ئەو حکوومەتانەی کە پێوەری سەرەکییان بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران وەفادارییە، پێویستیان بەمە نییە کە ڕوو لە نەیارەکانیان یا کەسانی دیکە هەڵێنن. هیچ گرووپێکی بان نەتەوەیی لەبواری بەکارهێنانی بیرو هۆشەوە سنووردار نییە. لەم حاڵەتەدا، یەکەم هەنگاو گشتی کردن و دوورکەوتنەوەیە لەتایبەتیکردن.

پلاندانانی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستە لەسەر بنەمای ئەم واتایە بێت کە ئاسایشی نەتەوەیی بەگشتی بۆ چ شتێکە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێستای ئەم وڵاتانە ڕێنوێنی بکرێن، توانایی ئەوەیان هەیە کە بەرژەوەندییە لادراوەکان بگەڕێننەوە ناو کایەکەوە. بەڵام بەر لەهەموو شتێك پێویستە چەمکی هەڕەشە لە چوارچێوە ڕۆژئاواییەکە بهێننە دەرەوە و لەچوارچێوەیەکی نەتەوەیی ریالیستانەترو پێوەندیدارتری دابنێین. ئەگەری زۆری ئەمە هەیە کە ئەم چوارچێوە نوێیە بتوانێت ئەم شوێنانە لەحکوومەت و دەوڵەت دەستنیشان بکات کە هەڕەشەی زیان پێکەوتنیان لەسەرە، هەروەها بەئاراستەی چارەسەرکردنی هەنگاو بنێت و بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتی یەکپارچەیی و گەشەسەندنی کۆمەڵگا بکات.

## پەراوێزەکان

١. See Chapter ٣ in this volume, especially the section on the concept of national security.

٢. In retrospect, the American role in the inter –war period certainly appears to merit the 'isolationist' rubric. However, it is hardly fair to judge American inter- war behaviour by post –World War II Standards. By contrast with the period prior th World War I, the USA's activity level was considerable, and it is not at all clear that 'isolation', a term used originally in reference to certain specific policy options, paints an accurate portrait. Only perhaps in the psychological sense-which is certainly a crucial sense-was the USA 'isolationist'.

٣. Arnold Wolfers,' "National Security" as an Ambiguous Symbol', *Political Science Quarterly, vol. ٦٧ no. ٤ (*December١٩٥٢), pp.٤٨١-٣.

٤. See Richard Ullman, 'Redefining Security' International Security, vol.٧, no. ١ (Summer١٩٨٣), p. ١٣٣.

٥. See, for example, Marcus G. Raskin, The Politics of National Security (New Brunswick NJ: Transaction Books, ١٩٧٩ ).Daniel Yergin's excellent Shattered Peace: The origins of the Cold War and the National Security State (Boston: Little Brown , ١٩٧٧): or the many other so-called 'revisionist' history of the war and postwar periods.

٦. Best treated by Yergin Shattered Peace.

٧. See I.M. Destler ,'National Security Management: What Presidents Have Wrought ', Political Science Quarterly, vol. ٩٥, no. ٤(Winter١٩٨٠-١),pp. ٥٧٣-٨٨; John E. Endicott, 'The



National Security Council' in John F. Reichart and Steven R. Strum (eds), American Defence Policy (٥th edn, Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press, ١٩٨٢ ), pp. ٥٢١-٧; Stanley L. Falk,

The National Security Council Under Truman, Eisenhower, and Kennedy', Political Science Quarterly, LXXIX, no. ٣ (September ١٩٦٤), pp. ٤٠٣-٣٤; Paul Y. Hammond, 'The National Security Council: As a Device of Inter-departmental Coordination', American Political Science Review, LIV, (December ١٩٦٠), pp. ٨٩٩-٩١٠; Robert H. Johnson, ' The National Security Council: The Relevance of Its Past to Its Future ', Orbis vol. ١٣, no. ٣ (Autumn ١٩٦٩), pp. ٧٠٩-٣٥; Report of the Commission on the Organization of the Government for the Conduct of Foreign Policy.

٨. For a discussion of the evolution of the inter-departmental conflict resolution apparatus as an indicator of shortcomings in American national security management, see R. D. McLauring ,'National Security Policy: New Problems and Proposals' in R. Gordon Hoxie et al., The Presidency and National Security Policy ( New York : Center for the study Presidency , ١٩٨٤), ch. ١٨. Useful discusions of inter-department conflict resolution techniques may be found in Graham Allison and Peter Szanton, Remaking Foreign Policy: The *Organizational connection* (New York: Basic Books, ١٩٧٦); L.M. Destler, *Presidents Bureaucrats, and Foreign Policy (*Princeton, NJ: Princeton University Press, ١٩٧٤).

٩. The obvious exception, especially prior to the Defence reorganization of ١٩٥٨, was on issues in which important interests of two or more of the armed services were affected in divergent ways

١٠. The literature on Kissinger is extraordinarily extensive. Interestingly, this literature is also quite diverse both in content and in substance. Although a number of theories have been advanced concerning the personal ambitions and objectives of Henry Kissinger and their relationship to the restoration of the NSC mechanism, it is clear that a more systematic means to centralize presidential control of foreign and defence policies was overdue This is not to deny the importance of personality in politics and government, but it is to reassert the importance of the trends and organization.

١١. For a useful treatment, see Geoffrey Piller, 'DOD's Office of International Security Affairs: The Brief Ascendancy of an advisory System ' Political Science Quarterly vol. ٩٨, no.١ (Spring ١٩٨٣), pp. ٥٩-٧٨. this article deals with what was then called 'little State' , but numerous Defence institutions were involved in political – military affairs. J-٥ (plan and Plicy in the Organization of the Joint Chiefs of staff, the political –military branches of each of the device staffs, and such offices as the Assistant Secretary of the Air Force for International Affairs were merely the most visible.

١٢. Morton Berkowitz and P. G. Bock (eds), American National Security: A Reader in Theory and policy (New York:Free Press, ١٩٦٥), . x. Empasis added.

١٣. Wolfers, "'National Security," 'pp. ٤٨١-٣ (Lippmann, *US Foreign Policy: Shield of the Republic* (Boston: Little, Brown, ١٩٤٣) p. ٥١:'A nation has security when it does not have to sacrifice its legitimate interests to avoid war and is able. if challenged, to maintain them by war.'(Brown, ١٩٤٣).[/٥١. We prefer Wolfers' change, but it is a change.]



Cf. Walf W. Rostow, The *United States in the World Arena: An Essay in Recent History* (New York: Harper &Row, ١٩٦٠), p. ٥٤٣: ' It is the American interests to maintain a world environment for the United States within which American society can continue to develop in conformity with the humanistic principles which are its foundation'.

١٤. Harry S. Truman, State of the Union Address, ٦ January ١٩٤٧.

١٥. Ullman,' Redefining ', p. ١٢٩.

١٦. Ibid. See also the classic book by Graham Allison, *Essence of Deci n: Explaining the Cuban Missile Crisis* (Boston: Little, Brown ١٩٧١); and Morton C. Halperin and Arnold Kanter, Bureaucratic politics and Foreign Policy (Washington, D.C., the Brooking Institute.)

١٧. The few exceptions to this rule appear to bo small, weak states that do not invest in military establishment either because the threat is impossible to deter, much less defend against, or because they already depend for their defence upon other countries to whose defence resources the sum of what they could add would be negligible.